ڤلادیمێر مینۆرسکی

# بنچینەکانی کـــورد

# و

# چەند وتارێکی کوردناسی

(یەکەم بەرگ)

لە فرانسییەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی،
پەراوێز و پێشەکی
د. نەجاتی عەبدوڵڵا

2007


مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)
سلێمانی ـ گەڕەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ.خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

- **ناوی کتێب:** بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی
- **نووسینی:** ڤلادیمێر مینۆرسکی
- **بابەت:** مێژوو
- **وەرگێڕانی لە فرانسییەوە:** د. نەجاتی عەبدوڵڵا.
-سەرپەرشتکاری چاپ:
- **تایپ و هەڵەچنی:** وەرگێڕ.
**نەخشەسازی و بەرگ:** فهمی جلال
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **ژمارەی سپاردن** ( ٥٨ ) ی ٢٠٠٧
- **یەکەم بەگ، یەکەم چاپ:** سلێمانی ٢٠٠٧
لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٧

www.rabari.org

VLADIMIR MINORSKY



# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕ ........ ٧

سەرچڵێك لەبارەی ژیان و کارە کوردناسییەکانی ڤلادیمێر مینۆرسکی.... ١١

بیبلیۆگرافیای کرۆنۆلۆژی کارە زانستییەکانی مینۆرسکی ........ ١٥

بەشی یەکەم: بنچینەکانی کورد ........ ٢٥

بەشی دووەم: چەند وتارێکی کوردناسی ........ ٤٩

سلێمانی ........ ٥٣

سنە........ ٦٥

ساوج ـ بولاق ........ ٨٧

سەنجابی ........ ١١٥

سەرپێڵی زەهاو ........ ١١٩

سەقز ........ ١٢٣

شارەزوور ........ ١٢٥

سوڵتان ئیسحاق ........ ١٣٧

سونقور ........ ١٤١

سۆما........ ١٤٥

ئەهلی هەق ........ ١٤٩

چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەهلی هەق ........ ١٦٩

شەبەك ........ ١٩٥

شکاك ........ ١٩٩

شەقاقی........ ٢٠٣

کتێبی قوتابخانەیی بە کوردی ........ ٢٠٧

کۆنترین تیکست بە کوردی ........ ٢١٥

شنۆ ........ ٢١٩

ئیندێکسی ناو و شوێن ........ ٢٢٧

# پێشەکی وەرگێڕ

ڕەنگە یەکێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە لە هەموو ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانیناسەکانی دیکە زیاتر بەشداری لە نووسینەوەی مێژووی کورد کردبێ، ڤلادیمێر مینۆرسکی بێ. پیاوی سیاسی دوایەمین قۆناغی ئیمپراتۆریای ڕووسیا، ڕۆژهەڵاتناس و ئێرانیناسی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، مینۆرسکی بەشدارییێکی زۆری لە لێکۆڵینەوەی کوردناسییدا کردووە. شوێنی مینۆرسکی لە نووسینەوەی مێژووی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، مێژووی ئایینزا کوردییەکان زۆر دیار و بەرچاوە. هەر لەڕاستیدا زیادە ڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین مینۆرسکی یەکەمین ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپییە کە "بەشێوەییێکی زانستیانە" لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە ئەوروپا برەو پێدا بێ.

هاو زمانە خۆشەویستەکانم،

مرۆ کاتێك ئەم بەرهەمانەی مینۆرسکی دەخوێنێتەوە کە هەندێکیان زیاتر لە حەفتا ساڵ و زیاتریش بەر لە ئێستە نووسراون، خۆی لەبەردەم دوو تێڕامانی گەورە دەبینێتەوە.،





یەکەم: زانایی و بێلایەنی ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بەجۆرێکە کە نووسینەکانی تەنها و تەنها زادە و بەرهەمی عەشقێکی گەورەی نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستین و هیچ پشتە نیازێکی "داگیرکەرانەیان" لە پشتەوە نییە.

دووەم: ئەوەی کە کتێبخانەی کوردی نەك هەر هیچ زیادەیەکی نەخستۆتە سەر ئەمکارانە بەڵکو هەر لێشیان بێئاگایە، ئەو ڕاستییە زۆر تاڵەمان پێدەڵێ کە ئاستی لێکۆڵینەوەی کوردی چەندە لە دواوەیە و لە چ ئاستێکدایە !!

خوێنەری خۆشەویست، ئەم کتێبەی بەر دەستتان بریتییە لە دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم بریتییە لە وتاری " بنچینەکانی کورد" *Les origines des Kurdes* کە مینۆرسکی ساڵی ١٩٣٨ لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە برۆکسێل خوێندییەوە. ئەم وتارە یەکێکە لەو باسە زانستیانەی مینۆرسکی کە خوێنەری کورد لێی بێبەش بووە. بە داخەوە تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم ئەم وتارە تەرجەمەی هیچ کام لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان نەکراوە بۆیە وەرگێڕانی ئەم وتارە لە فرانسییەوە ڕاستەوخۆ خوێنەر لەگەڵ بیروڕایەکانی مینۆرسکی لەبارەی سەرهەڵدان و وەدیارکەوتنی کورد " لە ڕووی مێژووییەوە" ڕووبەروو دەکاتەوە و کارێکە تا ئێستەکە لەم بوارەدا دانسقە و بێهاوتایە. هەرچی بەشی دووەمی ئەم کتێبەیە بریتییە لە زۆربەی زۆری ئەو وتار و لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە مینۆرسکی لە بارەی شار، شارۆچکە، هۆز و ئاینزا کوردییەکان بۆ چاپە یەکەمینەکانی " ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام" نووسیوون (١٩٢٤-١٩٣٤) کە ئێستە ئەم چاپە زۆر بە کەمی لە کتێبخانە گشتییەکاندا دەستدەکەوێ. بە داخەوە چاپی نوێی ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام زۆربەی ئەم وتارانەی مینۆرسکی تێدا نییە و یان ئەگەر ماشێن

کورتکراونەتەوە، ئەوە لێرەوەیە گرینگی ئەم وتارانەی مینۆرسکی کە هەموویان لە ڕووی چاپی ساڵی ١٩٣٤ ی ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام کراونەتە کوردی، گرینگیان بۆ کتێبخانەی کوردی گەلێك زێتر دەبێت. ماوەتە سەر ئەوەی بڵێم ئەم کتێبە یەکەم بەرگی کارە کوردناسییەکانی مینۆرسکییە و دووەم بەرگی ئەم کتێبە هەموو وتارە کوردناسییەکانی دیکەی مینۆرسکی دەگرێتەوە کە نەکەوتوونەتە ناو ئەم بەرگی یەکەمە.

وەرگێڕانی ئەم وتارانەی مینۆرسکی بەدەر لەوەی کەوا کەلێنێکی گەورە لە کتێبخانەی کوردی دەگرێ و وەفاداریەکیشە بۆ ئەو پیاوە سیاسییەی کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی شەقێکی لە دونیای سیاسەت و سیاسەتبازی هەڵدا و تا مرد خۆی بۆ نووسین و کاری لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی زانستی تەرخانکرد و ئامانجی بەرایی و دوایشی تەنها خزمەتی زانست و زانیاری بووە.

یادی مینۆرسکی بەرز و پیرۆز بێ.

نەجاتی عەبدوڵڵا

پاریس، ١٤ی دیسامبەری ٢٠٠٦

## سەرچڵێك لە بارەی ژیان و كارە كوردناسییەكانی ڤلادیمێر مینۆرسكی

( ٥ ی شوبات ١٨٧٧- ٢٥ ئادار ١٩٦٦)

ڤلادیمێر فیۆدۆرۆڤیچ مینۆرسكی لە ٥ ی شوباتی ١٨٧٧ لە شارۆچكەی كۆرسۆڤای سەر ڕووباری ڤۆلگا لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و زانكۆشی هەر لە مۆسكۆ تەواو كرد. ساڵی ١٨٩٦ تا ١٩٠٠ خوێندنی یاسا لە زانكۆی مۆسكۆ تەواو دەكات. هەر دوای تەواو كردنی خوێندنی یاسا دەچێتە ئەنستیتۆی لازەریڤ و لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ زمانە ڕۆژهەڵاتییەكان: فارسی، توركی و عەرەبی دەخوێنێ. دوای تەواو كردنی ئەنستیتۆی لازەریڤ لە ماوەی ساڵەكانی ١٩٠٤ تا ١٩٠٨ لە ئێران وەك ڕاوێژكاری بالوێزخانە و كۆنسلخانەی ڕووسیا لە تاران و تەورێز كار





دەكات و گەشتێكی مەیدانی بۆ بەشە جیاجیایەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان دەكات و لێرەوە ئیدی مینۆرسكی كورد دەناسێ. ساڵەكانی ١٩٠٨ تا ١٩١٢ لە پێترسبوورگ و توركستان كار دەكات. كاری گەورە و بەرچاوی مینۆرسكی ساڵی ١٩١١ وەرگێڕان و بڵاوكردنەوەی دەستنووسی كتێبی ئایینی "سەرەنجام" ی ئەهلی هەق بوو بۆ سەر زمانی ڕووسی. ئەمكارە مینۆرسكی بە جیهانی ڕۆژهەڵاتناسی ناساند و دواتر ساڵی ١٩٢٠-١٩٢١ وەختایەك وتارە دوور و درێژە دوو ئالقەیەكەی بە فرانسی لە "گۆواری دونیای ئیسلام" دا لە بارەی هەمان تایەفە بڵاوكردەوە سەدایەكی زۆری دایەوە و مینۆرسكی كرد بە ناوێكی دیاری دونیای ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕۆژئاوا.

مینۆرسكی ساڵی ١٩١٢ دەبێتە بالوێزی ڕووسیا لە كۆنستانتینۆپل، بەڵام هێندە نابات دەبێتە كۆمیسێری شاهانەی ڕووسیا لە كۆمسیۆنی چوارینەی دیاریكردنی سنووری توركی-ئێرانی. ساڵی ١٩١٣ تا ساڵی ١٩١٩ پۆستی موفەوزییەی ڕووسیا لە تاران دەگرێتە ئەستۆ.

لە ساڵی١٩١٩بە دواوە ڕۆژهەڵات جێدەهێڵێ و دەگەڕێتەوە فرانسا تا ساڵی ١٩٢٣ هەر لە بالوێزخانەی ڕووسیا لە پاریس كاردەكات. لە ساڵی ١٩٢٣ بە دواوە بە تەواوی واز لە كاری دیپلۆماسی و سیاسیی دەهێنێ و ڕوو لە دونیای نووسین و لێكۆڵینەوە دەكات. ساڵی ١٩٢٣ دەبێتە مامۆستای ئەدەبی فارسی لە ئامۆژگای زمانە زیندووەكانی ڕۆژهەڵات لە پاریس و دواتر مامۆستای مێژووی توركیا و ئیسلام لە هەمان ئامۆژگا.

ساڵی ١٩٣٢ لە زانكۆی لەندەن لە قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەكان دەرسی زمانی فارسی دەڵێتەوە و دواتر ساڵی ١٩٣٧ شوێنی دكتۆر ڕۆس Ross دەگرێتەوە و دەبێتە پرۆفیسۆری زمانی فارسی. لە ساڵەكانی

١٩٤٨–١٩٤٩ وەکوو پرۆفیسۆری میوان لە زانکۆی فوئاد لە قاهیرە دەرس دەڵێتەوە.

ساڵی ١٩٣١ بەشداری لە کۆنگرەی نێودەوڵەتیی زمانەوانی دەکات لە ژنێڤ. لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتناسی لە لید ١٩٣١، ڕۆم ١٩٣٥، برۆکسێل[*] ١٩٣٨، پاریس ١٩٤٨، ئەستەموولْ ١٩٥١ و مۆسکۆ ١٩٦٠بەشداری دەکات.

ساڵی ١٩٤٤ خانەنشین دەکرێ و بە تەواوی خۆی بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە ئامادە دەکات. مینۆرسکی ئەندامی فەخریی کۆمەڵەی ئاسیەوی پاریس ١٩٤٦ و دکتۆرای فەخریی زانکۆی برۆکسێل ١٩٤٨ بوو.

ساڵی ١٩٦٠ بۆ یەکەمجار دوای نزیکەی پەنجا ساڵ دوورە وڵاتی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی بیست و پێنجەمینی ڕۆژهەڵاتناسی کە لە مۆسکۆ بەسترا دەگەڕێتەوە مۆسکۆ.

مینۆرسکی لە دوای خۆیەوە کۆمەڵێك بەرهەمی زۆر و زەوەندەی زانستی لە بارەی مێژوو و ئەتنۆگرافیای ڕۆژهەڵات جێهێشتووە کە ژمارەی لێکۆڵینەوە و نووسراوەکانی لە ( ٢٥٠ ) زیاترە کە بەشێکی دیاری ئەمکارانە لە بارەی مێژوو و ئەتنۆگرافیای کوردەوەیە[١].

---

[*] لەم کۆنگرەیەدا کە ڕۆژانی ٥ تا ١٠ ی سێپتامبەری ١٩٣٨ لە برۆکسێل بەسترا مینۆرسکی بە وتاری (بنچینەکانی کورد) بەشداری دەکات و بە توندی پێ لەسەر مێدی بوونی کورد دادەگرێ.

[1] کارەکانی مینۆرسکی لە بارەی کورد پێویستیان بە زۆر لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە هەیە، لەم ڕوانگەیەوە ماستەرنامەکەی تاریق موحەمەد ئەورەحیم لە بارەی بەشداری مینۆرسکی لە مێژووی کورد لە هەموو ڕووێیکەوە جێگەی ستایشە، بڕوانە: *المستشرق مینورسکي و اسهاماتهة في دراسة تاريخ الكرد في العصر الاسلامي (دراسة*



بنچینەکانی کورد ——— نچینەکانی کورد

مینۆرسکی ڕۆژی ٢٥ ی ئاداری ١٩٦٦ لە لەندەن کۆچی دوایی دەکات.

**سەرچاوە:**

BSOAS, V14, p3, 1953, pages 410, 667-681

---

*نقدية)*، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٠. ئەو باسەی دەکرێ زۆر ڵیکۆڵینەوەی دیکەی بۆ تەرخانبکرێ

# بیبلیۆگرافیای

# کرۆنۆلۆژی کارە زانستییەکانی مینۆرسکی

# لەبارەی کوردەوە

## 1915

1-*Kurdi. Zametki i Vpegatleni* (Kurds. Notes and impressions). Izvestiya Ministerstva inostrannikh del, St. Petersburg. No. 3. offprint (43 p).

**١- کورد: تێبینی و سەرنج، پەترسبۆرگ، ٤٣ لاپەرە[٢].**

- Reviewed: in *Istoricheskiy Vestnik*, Sep, p. 969.

## 1920-1922

[2] ئـەم کتێبـە لـە لایـەن د. مـارف خەزنـەدار لـە ڕووسـییەوە کـراوە بـە عـەرەبی، بڕوانـە: ڤ.ف مینورسکی، *الاکراد ملاحظات و انطباعات*، ترجمة د. معروف خزندار، بغداد، ١٩٦٨.





2-Notes sur la Secte des Ahlé-Haqq, In *Revue du Monde Musulman*, XL (1920), pp. 20-97 and XLV (1921), pp. 205-302. In book form, Paris, 1922, Editions Ernest Leroux. (182 p)

**٢- چەند تێبینییەك دەربارەی تایەفەی ئەهلی هەق.**

3- Un traité de polémique Béhaïe-Ahlé-Haqq. In *JA*., janvier, pp. 165-7.

**٣- عەهدەنامەیەکی مونازەرەیی بەهایی-ئەهلی هەق.**

## 1925

4-Articles in E.I.: *fasc. B* : 1- *Sakkiz*[3], p. 85. 2 - *Salmâs* (pp. 121-2).

**٤- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: سەقز، سەڵماس.**

5-Articles in E.I.: fasc. C ١ :- *Sarpul-i Zohâb* (pp. 180-1), 2-*Sâwdj-bulak* (pp. 194-9), 3- *Senna* (pp. 233-7), 4-*Shabak* (pp. 247-8), 5-*Shakâk* (p.300), 6- *Shakâkî* (p. 300).

**٥- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: سەرپێڵی زەهاو، ساوج-بولاق، سنە، شەبەك، شکاك، شەقاقی[٤].**

## 1926

[3] لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.

[4] هەموو ئەم وتارانە لەم کتێبەدا کراون بە کوردی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

6-The Mosul Question, In *Bulletins of the Reference service on International Affairs of the American Library in Paris*, 15th April, 1926, Nos. 9-10, 44 pp., 2 maps.

**٦- پرسی مووسڵ.**

-Reviewed: by Sir A. T. Wilson, Journal of the Central Asian Society, 1926, XIII/4, p. 397.

7-Articles in E.I.: fasc. F: 1-*Shehrizûr* (pp. 356-8), 2-*Shekkî*, (pp. 358-360).

**٧- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: شارەزوور[5] و شەککی.**

**1927**

8-Articles in E.I.: fasc. G: 1 *Kurdes* (pp. 1196-1219), 2-*Kurdistan* (pp. 1220-2).
9-Articles in E.I.: fasc. H : 1- *Sindjâbi* (p. 454).
10-Articles in E.I.: fasc. I : 1- *Somâi* (pp. 503-4).

**٨- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: کورد و کوردستان.**
**٩- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: سەنجابی.**
**١٠- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: سۆما[6].**

**1928**

[5] لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.
[6] وتارەکانی ژمارە ٩ و ژمارە ١٠ لەم کتێبەدا کراون بە کوردی.





11-Etudes sur les Ahl-i Haqq. I. 'Toumari' = Ahl- Haqq. *Revue de l'Histoire des Religions*, Jan 1928, tome XCVII, No. 1, pp. 90-105.

**١١- چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەهلی هەق: ١- تۆماری=ئەهلی هەق[7].**

12-Articles in E.I.: fasc. 37: 1- *Lâhidjan* (pp. 8-9), 2- *Lak* (pp. 11-12), 3- *Lur* (pp. 43-8), 4- *Lur-î buzurg* (pp. 48-9), 5- *Lur-î buchuk* (pp. 49-51), 6- *Luristan* (pp. 51-4).

**١٢- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: لاجان، لەك، لوڕ، لوری بوزورگ، لوڕی بچووك، لورستان.**

13-Articles in E.I.: fasc. J : 1- *Sulaimaniya* (pp. 563-5), 2-*Sulduz* (pp. 565-6), 3- *Sultan Ishak* (p. 572), 4-*Sunkur* (p. 581).

**١٣- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: ١-سلێمانی، ٢-سوڵدووز، ٣-سوڵتان ئیسحاق و٤- سونقور[8].**

**1929**

[7] ئەم وتارە لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.
[8] ژمارەکانی ١، ٣ و ٤ لەم کتێبەدا کراون بە کوردی.



www.rabari.org

14-Articles in E.I.: fasc. 39 : 1- *Maiyafarikin* (pp. 166-170), 2- *Mâku* (pp. 191-4), 3- *Ma'muret al-Aziz* (p.239).

15-Articles in E.I.: fasc. K : 1- *Bâbâ Tahir* (pp. 641-4).

**١٤ و ١٥: ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام:میفاریقین، ماکۆ، ماموورەت ئەلعەزیز، بابا تاهیر.**

**1930**

16-Livre scolaires en kurde. In *Revues des études islamiques*, 1930-1, pp. 157-160[9].

**١٦– کتێبە قوتابخانەییەکان بە کوردی.**

17-Articles in E.I.: fasc. 41 : 1-*Maragha* (pp. 177-182), 2-*Mardin* (pp. 290-3).

**١٧- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: مەراغە و ماردین.**

**1931**

18-The Luristan bronzes (read at the Congress of Persian Art, 5 January), *Apollo,* February, pp. 141-2.

**١٨– برۆنزەکانی لوڕستان.**

**1932**

[9] **لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.**





19-Articles in E.I.: fasc. 45 : 1- *Urmiya* (pp. 1088-1093), 2- *Ushnu* (pp. 1106-7).

**١٩- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: ورمێ و شنۆ[١٠].**

**1933**

20-Remarks on the Romanized Kurdish Alphabeth, *JRAS*, July 1933, pp. 643-650.

**٢٠– چەند سەرنجێك سەبارەت بە ئەلفبێ ی لاتینی کوردی[١١]**

21-Articles in E.I.: fasc. R : 1- *Wân* (pp. 1178-1180).

**٢١- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: وان.**

**1934**

22-Articles in E.I.-Supplement, fasc. 1- *Ahl-i Hakk* (pp.9-16).

**٢٢- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام: ئەهلی هەق[١٢].**

**1937**

[10] **لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.**

[11] **ئەم وتارە لە لایەن ئەنوەری سولتانی کراوە بە کوردی، بڕوانە: ڤلادیمیر مینۆرسکی، *مینۆرسکی و کورد*، دەزگای تۆژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠٠٦، لا: ٢٣٧–٢٥٣**

[12] **لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.**

23-Review in *BSOS*, IX/I, Hamilton, Road through Kurdistan (p. 251).

٢٣- خوێندنەوەی کتێبەکەی هاملتۆن: ڕێگەیەك بەناو کوردستاندا.

**1940**

24-Les origines des Kurdes, in "*Actes du XX^ème^ Congrès International des Orientalistes*", Bruxelles, pp. 143-152.

٢٤- بنچینەکانی کورد[١٣].

**1941**

25- Reviews: E. R. Leach, Social and economic organization of the Rowanduz Kurds, 1939, *The Geographical Journal*, April 1941, pp. 254-5.

٢٥- خوێندنەوەی کتێبەکەی ئیٚ، ئار، لیچ: ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردەکانی ڕەواندوز.

**1943**

26- The Guran: Elegy of Ahmad Khan Komasi on the death of his wife.] *Bulletin of the School of Oriental and African studies, University of London*. Vol. 11. Part 1, 1943, pp. 75-103.

[13] لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.





٢٦- گۆران[١٤].

27- Roman and Byzantine Campaigns in Atropatene, In -BSOAS, vol. XI, pp. 243-265.

٢٧- لەشکرکێشی ڕۆمان و بیزەنتینی بۆ سەر ئاترۆپاتین[١٥].

**1949**

28- The Tribes of Western Iran, In *J.R. A.I,* Vol. 75, Parts 1-2, 1945 (Published in 1949), pp. 73-80

**٢٨**- هۆزەکانی ڕۆژئاوای ئێران[١٦].

**1950**

29- *Review in Bibliotheca Orientalis (Leiden),* VII, n° 2, Mars 1950, pp. 50-1: Safrastian, Kurds and Kurdistan.

٢٩- خوێندنەوەی کتێبەکەی سافراستیان: کورد و کوردستان.

[14] هەمان سەرچاوەی ژمارە ( ١١ )، لا: ١٤٥-٢١٠

[15] هەمان سەرچاوەی ژمارە ( ١١ )، لا:٨٧-١٤٣

[16] هەمان سەرچاوەی ژمارە ( ١١ )، لا: ١٣-٣٤

30-Le plus ancien texte en Kurde. In *Bull. mensuel du Centre d'études Kurdes*, Paris, n° 10, pp. 8-10.

**٣٠- کۆنترین تێکست بە کوردی[١٧].**

**1953**

31-*Studies in Caucasian History*, Ed. Taylor's Foreign Press, London, (178p)

**٣١- چەند لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی مێژووی قەوقاز.**

32- Review of A. 'Azzawi: al-Kaka'iyya, In *Orient*, VI/2, pp. 408-412.

**٣٢- خوێندنەوەی کتێبەکەی عەززاوی: الكاكاية**

**1954**

33- Un poème Ahl-I Haqq en turk, In *Westöstliche Abhandlungen R. Tschudi*, pp. 258-62.

**٣٢- هۆنراوەیەکی ئەهلی هەق بە تورکی.**

**1956**

[17] لەم کتێبەدا کراوە بە کوردی.





34-Articles in E.I (2nd edition): 1- Ahl-i Hakk, 2-Akhlat, 3-Alân, 4- Amadiya.

**٣٤- ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام ( دووەم چاپ): ئەهلی هەق، ئەخلات، ئالان، ئامێدی**

**1957**

35-Monogol place names in Mukri Kurdistan (Mongolica 4). *BSOAS*, XIX/I, pp. 58-51.

**٣٥-ناوەکانی مەغۆلیی شوێن لە کوردستانی موکریان دا[١٨].**

**کورتکراوەکان**

BSOAS: *Bulletin of the School of Oriental (and African) Studies.*

JA: *Journal Asiatique*

*JRAS*: *Journal of the Royal Asiatic Society*.

*J.R. A.I*: *Journal of the Royal Anthropological Institute*

[18] هەمان سەرچاوەی ژمارە ( ١١ )، ل: ٣٥-٨٦



www.rabari.org

## یەکەم بەش

# بنچینەکانی کـــورد

کارنامەی بیستەمین کۆنگرەی
نێودەوڵەتی ڕۆژهەڵاتناسەکان
بڕۆکسێل، ٥ تا ١٠ ی سێپتامبەری ١٩٣٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

IRA 9030 1062

# ACTES

DU XX[e] CONGRÈS INTERNATIONAL
DES ORIENTALISTES

BRUXELLES
5-10 SEPTEMBRE 1938

0.6
1
XX

LOUVAIN
BUREAUX DU MUSÉON
7, Mont St Antoine
1940

INSTITUT
D'ÉTUDES
IRANIENNES
INV. 6354

**فاکسمیلی بەرگی کارنامەی بیستەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتیی ڕۆژهەڵاتناسی، برۆکسێل- ١٩٤٠**





rapprochements étymologiques, les cas où le hittite et le tocharien sont seuls à attester un mot, à l'exception de toute autre langue, sont infiniment rares.

Il résulte des considérations précédentes que l'hypothèse d'une parenté étroite entre le hittite et le tocharien doit être abandonnée. On ne saisit nulle part le trait caractéristique dénonçant une telle parenté. Partout il s'agit de vastes isoglosses englobant avec d'autres idiomes le hittite et le tocharien. D'autre part on relève de multiples concordances qui relient tantôt le hittite, tantôt le tocharien à un autre idiome indo-européen, sans que ces deux langues coïncident sur ce point.

8. Prof. Arthur CHRISTENSEN (Copenhague) : *Qui est l'auteur de l'inscription de la Kaᶜba de Zoroastre?*

Quelques passages de l'inscription en question sont discutés et interprétés. Il en résulte avec certitude que l'auteur de l'inscription est Šāhpuhr I et on pas Narsah comme le veut M. Sprengling.

Cette communication sera publiée dans le *A. V. Williams Jackson Memorial Volume*, qui est en préparation à Bombay.

M. H. W. BAILEY donne lecture d'une lettre de M. W. B. HENNING, lequel est arrivé de son côté à la même conclusion.

9. Prof. Vladimir MINORSKY (Londres) : *Les origines des Kurdes.*

Pendant très longtemps la théorie accréditée sur l'origine des Kurdes était bien simple. A l'est du Kentritès, Xénophon rencontra les fameux Carduques; cette rivière correspond au Bohtān de nos jours, et son bassin est habité de Kurdes; donc les Kurdes sont les descendants des Καρδοῦχοι. Toutefois même au point de vue purement phonétique, la question ne se résout pas si simplement. Dans Καρδοῦχοι (comme dans Τάοχοι) la désinence grecque se trouve affixée au pluriel arménien en $k^h$ (= $\chi$) et il paraît que les Dix Mille avaient recueilli le nom de la bouche de quelque interprète arménien. Si l'on élimine -χοι, ce qui reste correspond exactement à [Bēθ-] Qardū, [Ba-] Qardā des sources syriaques et arabes, d'où sont dérivées les innombrables variantes grecques et romaines: Cordueni, Gordyene, Cardueni, etc.

**فاکسمیلی لاپەڕەی یەکەمی وتاری " بنچینەکانی کورد" بە فرانسی**

# بنچینەکانی کورد

بۆ ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ تیۆری باو لە بارەی بنچینەی کورد تیۆرییەکی زۆر سادە و ساکاربوو. لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری کەنتریتە* گەزنەفۆن چاوی بە کاردۆخییە بە نێوبانگەکان دەکەوێ.، ئەم ڕووبارە هەمان ناوچەی بوهتانی (بۆتان) Bohtan ئەمڕۆ دەگرێتەوە کە زەوییەکانی دەوروبەری کوردەکانی تێدا دەژین.، کەوایە کوردەکان نەوەی کاردۆخییەکانن Καρδούχοι. هەڵبەت هەتا لە ڕوانگەی تەواو فۆنەتیکیشەوە، پرسەکە بەم ئاسانییە چارەسەر ناکرێ. لە وشەی کاردۆخی Καρδούχοι (هەر وەك لە وشەی تاوخوا Τάοχοι) دا دوا بڕگەی یۆنانی وشەکە بە ئامرازی کۆی ئەرمەنی (خی = χ) کۆتایی هاتووە

* Kentritès





و وشەکە لەوکاتەوە بڵاوبۆتەوە کە سوپا دەهەزارییەکەی گەزنەفۆن ناوەکەیان لە زاری چەند وەرگێڕێکی ئەرمەنییەوە بیستووە. جا ئەگەر (خی) χοι– لە وشەکە بکەینەوە، ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە دەقاو دەق واتەی بێت کاردۆ*، [با] کاردا** ی سەرچاوە ئاشووری و عەرەبییەکان دەگەیەنێ کە لە وێوە ئەم هەموو وشە گۆڕاوە جیاوازە یۆنانی و ڕۆمانییەی لێوە دروست بووە: کاردۆنی، گۆردینی، کاردۆنی، هتد.

بێت– کاردۆ Bēθ-Qardū بەمانای تەواوی وشەکە بریتییە لە زەوی زارێکی تارادەیەك دیاریکراو و دەڤەری نێوان دەچلە و چیای جۆدی دەگرێتەوە کە لەوێوە سەرچاوەی ئاو لە نێوان دەچلە و لقە ڕووبارەکەی باکووری بۆهتان دابەش دەبێت. ئەم ناوەی دوایی دەبێ جاران بە بوختان Bokhtân گۆ کرابێ و بە پێی ئەو گێڕانەوەی کە لە لایەن هێردۆت ئیشارەی پێکراوە، ئەرمەنییەکان و پاکتیوەسەکان سێزدەهەمین ساتراپی[19] ئیمپراتۆریای فارس یان پێکهێناوە. جا ئەگەر بمانەوێ بە شوێن باو باپیرە ناوەخۆییەکانی کوردەکان بگەڕێین، ئەوا زێتر پاکتیوەسەکانن کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێن.

بۆ ئەوەی ئەم باسە لەگەڵ وشەی کاردۆ Qardû کان کۆتایی پێبهێنین وەك ئەوەی دەڵێن ئەم ناوە ئێتیمۆلۆژییەکی تا ڕادەیەك چاکی سامی هەیە: لە ئاشووری دا کاردۆ *qardu* واتەی "بەهێز، پاڵەوان" *qarâdu*، "بەهێزبوو" ( être fort) هتد دەگەیەنێ. لە سەرێکی دیکەوە ئەو ڕایە بە دوور نازانرێ کە ئەم ناوە خزمایەتیەکی دووری لەگەڵ ناوە خۆجێیە کانی

* [بێت] کاردۆ: [Bēθ-] Qardū

** [با] کاردا: [Ba-] Qardă

[19] ساتراپی: Satrapie : والی ساتراپ (فەرماندار) لە ئێرانی کۆندا (مەرزەبان)، وەرگێڕ.

شانشینی ئۆرارتۆ:Urartu واتە لەگەڵ خالدییەکان *Xald* هەبێ کە هەوڵدەدرێ لەگەڵ ناوە جۆرجیەکانی وەك $K^{h}art^{h}$-li هتد بلکێندرێ.

شێوەی ناوی کوردەکان کە لە لایەن عەرەبەکانەوە بە کورد گواستراوەتەوە کە ئاندرێیا Andréas لە ( کتێبی Hartmann) و نۆلدکە هێمایان بۆ کردووە، ئەو بیرەی کە مەحالە لە وشەی کاردۆی Qardû نزیك بکەینەوە و بە پێچەوانەوە دەبێ لەگەڵ ناوی کیرتوا Κορταία ی ببەستینەوە کە سترابۆن Strabon لە مێدیای بچوك ( ئاترۆپاتین Atropatène ) و لە پێرسیس Persis دا ناویان دەبات، زیاد لەوەش عەرەبەکانیش لەم دوو ناوچە لە یەکدی دوورە ناوی کورد دەبەن.

لە ڕووی تیۆرییەوە جێگەی مەترسییە بنچینەی نەتەوەکان لەسەر بنەمای ئێتیمۆلۆژی دیاری بکەین. ئەمەی دوایی دەبێ پشت ئەستوور بێ بە کردە مێژوویی و جوگرافییەکان.

هەر لە سەرەتاوە دەبێ سەرچاوەیەکی سەرچیغ بوون وەلاوە بنێین. وادیارە کە هەر لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە ناوی کورد هاوواتەی وشەی (کۆچەر) بووە. هەمزە ئەسفەهانی، لا: ١٢٥ دەڵێ " فارسەکان بە دەیلەمیتەکان Daylamites دەڵێن " کوردەکانی تەبەرستان*" هەروەك چۆن بە عەرەبەکانیش دەڵێن " کوردی سوریستان**". ئیبن ڕۆستا لا: ١٢٨ دەڵێ " لۆمباردەکانی پێدەشتی ب، لاتیس (پاوی؟) لەسەر " شێوەی کوردەکان" دەژیان. ئیبن حەوقەل، لا: ٢٢١ کوفسەکانی Qufs کرمان وەکو " چینێکی کورد" دادەنێ کە زمانەکەیان بە قسەی مەقدەسی لا: ٤٧١ لەوەی سیند Sind دەچێ. وەختایەك لای تەبەری، کە بە شوێن ڕێچکەی

* کوردەکانی تەبەرستان: Kurdes de Tabaristân

** کوردەکانی سوریستان: Kurdes de Sûristân



ترادسیۆنی ساسانییەکانەوە دەچێ دەبینین کەوا دوایەمین پادشای پارتەکان، ئەردەوان جنێو بە ئەردەشێری ساسانی دەدات و پێی دەڵێ " *کوردی لە ژێر ڕەشماڵی کوردان گەورەبوو*"، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا ئەردەشێر لە ناو خەڵکانی کورد زماندا ژیاوە، بەڵکو تەنها لەناو کۆچەرە فارسەکاندا ژیاوە. هەتاوەکو وەختایەك ستڕابۆن یش دەڵێ ( کیرتوایەکانی Kyrtioi پێرس و ماردەکان... و ئەوانەی ئەرمەنستان کە تا ئێستە هەر بەهەمان ناو دەناسرێن، ئەوانە هەمان کاراکتەریان هەیە (*تێیس ئوتێیس ئیدێس*)* واپێدەچێ ستڕابۆن لە بارەی ناسنامەی هەردوو گروپەکە تەواو دڵنیا نییە. ڕاستیەکەی کۆچەرە ئێرانییە فارسەکانی ئەمڕۆ ( هۆزەکانی کۆهگیلۆ و بەختیارییەکان)، کە بە دڵنیاییەوە نەوەکانی ئەو کۆنە هۆزانەن کە لە لایەن نووسیارە عەرەبەکانەوە وەکو کورد حسێب کراون و بە دیالێکتێکی غەیرە کوردی دەئاخڤن کە خۆیان زۆر نزیك لە فارسییەوە دەبینن. بەمشێوەیە لەم بەرچاوخستنەماندا گروپە فارسییەکان دەخەینە لاوە تا تەواو لەو کوردە ڕاستەقینانە وردبینەوە کە بە مانای تەواوی وشەکە بە کوردی دەئاخاڤن.

نەتەوەکان (ناسیۆن) دیاردەیەکی گەلێك ئاڵۆزن و لە فاکتەرگەلێکی ئیتنیکی، جیۆگرافی، مۆرالی..هتد پێکدێن. بەڵام لە هەر حاڵەتێکی جیادا بڕێك لەم فاکتۆرانە دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن. بۆ کورد کە لە ناو فەزایەکی گەورەدا پەرت و بڵاوبوونەتەوە و لە ڕوانگەی سۆماتیکی (جەستەیی)یەوە جیاوازی زۆر گەورەیان هەیە، فاکتۆری بنەڕەتیان بریتییە لە مۆدی ژیان و لەسەرووی هەمووشیان زمان بەسەریەکەوە.

* Τής αύτής ιδέας

زمانی کوردی بە مانای تەواوی وشەکە ( کە ئێمە دیالێکتەکانی وەك گۆرانی–زازایی Gurânî-zâzâ لێدەردەها وێژین)[20]، وێرای دابەشبوونی بەسەر چەند دیالێکتێك، کەچی سەقامگیریەکی گەورەی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە بێ هیچ گومانێك سەر بە گروپی باکووری–ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە. ئەمەی خوارەوە چەند خاڵ گەلێکی تایبەتمەندێتی جیاوازی نێوان کوردی و فارسی یە ( وەك چۆن شتێکی وا لەبارەی کوردی دەورانی زۆر کۆن نازانین، بۆیە لەم بەراوردییەدا فارسی مۆدێرن بەکاردەهێنین).

A – لە ڕووی فۆنەتیکەوە:

| فارسی | کوردی |
|---|---|
| دل | زر(د) |
| آدار | ئاهر (ئاگر) |
| ماهی | ماسی |
| نماز | نوێژ |
| گدار | بوهار |
| گرسنە | برسی |

[20] جگە لە مینۆرسکی ژمارەیەك ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی دیکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زازا و گۆرانی لە ڕووی سترەکتووری زمانەوە ناچنەوە سەر زمانی کوردی. زانای ناسراوی کورد د. محمد موکری–یش لەسەر ئەو ڕایە کە گۆرانی سەر بە زمانی کوردی نییە بەڵام دیالێکتێکە خەڵکی کورد قسەی پێدەکەن. من بەدواداچوونی زانستیانەی ئەم باسە بۆ زانایانی ئەم بوارە جێدەهێڵم، وەرگێڕ.





B – لە ڕووی لیکسیك و مۆرفۆلۆژی یەوە

| | | |
|---|---|---|
| سوفیکسی کەسیی سێیەمی تاك : | ش | ی |
| جێناوی نیشانەیی | این/ان | م، ام |
| | آن | |
| زەمەنی ڕابووردوو: | آمد | هات |
| | آورد | ئانی |
| | شنود | ب(ە)یست |
| | فرستاد | نارد |
| | (فرستادن) | |
| زەمەنی ئێستا: | کن | کار |
| | گۆ | بێژ (واج) |

وەك چۆن ئەم سیما زمانەوانیانە لە ناو زۆربەی زۆری دیالێکتەکانی کوردی دەبینرێن، کە ئەمە ناچارمان دەکات گریمانەی ئەوە بکەین کە کوردی لە بناخەدا زمانی چەند کۆمەڵێك گروپگەلی گرینگ بووە و سیما گشتیەکانیشی لە پێش بەرفراوانبوونی کورد و بڵاوبوونەوەیان لە ناوچیایەکاندا پێکهاتووە. لەم ڕوانگەیەوە بەسوودە کە یەکەی زمانی کوردی لەگەڵ فرە دیالێکتیی ئێرانی بە بەراورد بگیرێ کە زۆر لە یەك جیاوازن و لە سەرزەمینێکی زۆر بەرفراوانتر لە پامیر قسەی پێدەکرێ.

وەختایەك باسی گروپگەلی زمانەکانی باکور–ڕۆژئاوای ئێران دەکەین بە تایبەت بیرمان بۆ لای پارتەکان دەچیٚ و لە چەند حاڵەتی زۆر تایبەت نەبیٚ، مێدییەکان فەراموٚش دەکرێن. ڕاستە لە زمانی مێدیای ئەسلیدا تەنها ناوی کەس و شوێنەکان دەزانین کە ئەمە لە دیدی دیالێکتناسی هێندە زۆر ئەنجامگیر نییە، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە مەحاڵە خەیاڵی فۆرماسیۆنی دیالێکتەکانی باکوور–ڕۆژئاوای بەر نفوزی ئێرانیی بکەین بە بیٚ بەشداریکردنی فاکتۆری مێدی. مارکیوار Marquart، هەقی بووە بۆ ئەم مەبەستە تێرمی ( مێدیای –نویٚ) ی بەکارهێناوە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە مێژوویی و جوگرافییەکان دەبیٚ ئەوە قەبولٚ بکەین کە بەرفراوانبوونی کوردەکان تەنها لە ناوچەی مێدیا بووە یا زۆر وردتر تەنها لە مێدیای بچووك بووە کە ئاترۆپاتین یا ئازەربایجانی ئەمڕۆ دەگرێتەوە.

ناوچەی بەرەو باشووری گۆڵی ورمیٚ ڕۆڵێکی گەلێك زۆر گرینگی بینیووە لە مێژووی ئێرانیزم و هەر لە وێشدا بۆ یەکەمجار ( لە سەدەی نۆیەمی پێش زایین) ئێرانییەکان لە ڕۆژئاوادا ناویان هاتووە. بزووتنەوەی ئێرانییەکان واپێدەچیٚ سەرەتا تەشەنەی کردبیٚ و دواتر بەرەو ڕووی چەندین تەگەرەی گەورە بووبێتەوە. ف. و. کۆینگ F. F. W .König، لە شیکردنەوەی ئۆنۆماستیکی* مێدی خۆیدا ئەوە تێبینی دەکات کە ناوە ئێرانییەکان لە پێشدا دەگەڕێنەوە بۆ سەرۆکە عەسکەرییەکان و تەنها دواتر بووە کە بەرەبەرە ناوەکان لە ناو حاکمەکانیشدا بڵاوبوونەتەوە، لە کاتێکدا ناوی شوێنەکان وەك هەمیشە هەر بە غەیرە ئێرانی ماونەتەوە.

* ئۆنۆماستیکی: onomastique تایبەت بە ناوی کەسە ناودارەکان، بە عەرەبی واتە اعلامی یان اعلامیات، وەرگێڕ.





ڕەوشی سەدەی چوارەم لەم نەخشە ئیتنیکییەی خوارەوە زۆر ئاشکراتر دیارە:

لە ڕۆژئاوای زاگرۆس یا زێتر لەو زنجیرە سنوورەی کە ئێران لە عێراق و تورکیا جیادەکاتەوە، دوو دەوڵەتی بەهێز هەبووە: دەوڵەتی ئاشووری و زێتر بەرەو باکوریش، شانشینی خالدی (ئۆرارتو) کە هەردووکیان لە ململانیٚ دا بوون بۆ ئەوەی هەژموونی خۆیان بگەیەننە زنجیرە سنووری ناوبراو.

لەم ناوچەیەدا ئاشوورییەکان ناوی ئەم گروپانەی خوارەوە دەهێنن:

١– لە باشووردا چەند هەنگاوێك لە گۆڵی ورمیٚ، ژمارەیەك گروپگەلی میرنشینی خۆشاری بە چەند ناوێك کە ناوی ئیندۆ–ئەوروپی نین وەك ( ئەلابریا Allabria، خارخار Kharkhar، ئێللیپیEllipiهتد) هاتووە.،

٢– لە باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمیٚ – بۆ یەکەمجارساڵی ٨٤٤ ی پێش زایینی– وڵاتی پارسوا Parsua کە ئێستە وەك کۆنە قۆناغی فارسەکان دەژمێردریٚ، ئاماژەی پێکراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتە جەنگییەکانی سارگۆن لە ساڵی ٧١٤ ی (پ. ز) دەبیٚ پارسوا کەوتبێتە گۆشەی باشوور–ڕۆژئاوای گۆلی (ورمیٚ)ەوە. ( بە گوێرەی تۆرۆ–دەنگین Thureau-Dangin)،

٣– مێدییەکان ( ماتی، مادا) بۆ یەکەمجار ساڵی ٨٣٦ ئیشارەیان پێکراوە، کە بە زۆری لە ڕۆژهەڵات یا لە باشووری–ڕۆژهەڵاتی پارسوا ژیاون و شیمانەی ئەوەی هەیە هاوسیٚ ی نزیك نەبووبن. چەند ماوەیەك دواتر، ساڵی ٦١٤ ئیدی ناوی پارسوا ون دەبیٚ ( فارسەکان بەرەوە باشوور کۆچ دەکەن) و مێدیەکان بەرە بەرە دەبنە سەرداری تەواوی ناوچەکە.،

٤– لە هەمووان پڕ ڕازترین گەلی مانی یە کە لە پێوەندییەکانی ئاشووریەکان بە نزیکەیی لە هەمان دەورانی ئێرانییەکانی پارسوا و

میدییەکان بە دیارکەوتوون و بە تایبەتیش لە نێوان ساڵەکانی ٨٥٦ و ٨٣٠. ئەوە گەلی مانی یە کە ژێریمی Jérémie (٥٩٠–٦٥٠) داوای لێدەکات پێکەوە لەگەڵ ئارارات ( ئورارتوو) و ئەشکەناز (سکیتەکان) دژی بابلییەکان بجەنگن. مانییەکان لە لای ڕۆژهەلاتی هاوسێی نزیکی پارسوایەکان بوون. دەکرێ لەوەوە حوکم لەسەر گرینگی ولاتەکەیان بدەین کە پایتەختەکەیان ئیزیرتۆ Izirtu کەوتبووە باشووری گۆلی ورمێ، سارگۆن ١٥ ڕۆژی پێویست بووە تا گەیشتۆتە نوختە خالێکی دیکە کە ئیشتاتییەکانی Istatti تێدا ژیاون. ستریك Streck مانییەکان وەك ئارییەکان ( زۆر لەوانەیە– وەك ئەو دەڵێ) حسێب دەکات، بەلام هیچێکی بڕیاردەر لەسەر ڕێ وڕەچەڵەکی ئیتنیکییان نەزانراوە. ناوی پاشایەکانیان ( ئوداکی Udaki، ئازا Aza، ئۆلیسیونیو Ullusunu ، ئیرانزوو Iranzu ، ئاخشێری Axseri ، واللی Walli، ئێریسیننی Erisinni) هێندە زۆر بڕیاردەر نین، بەلام نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە ئەم ناوانە سەر بە خێزانی پادشایی بوون. بەهەرحاڵ مانییەکان تەواو لەگەڵ میدییەکان تێکەلاو بوون. یەکێك لە سەرۆکە شارییەکانیی ولاتی مانییەکان دایاکۆ Dayaukku بووە، کە بە هەموو شیمانەیەکەوە بە گوێرەی هێردۆت هەر هەمان دێۆکەسی Deikoès دامەزرێنەری میدیای بەهێز بووە. مانییەکان بنچینەکەیان هەر چییەك بووبێ ناکرێ لە ئێرانی بوون بشۆردرێنەوە، بە تایبەت هەر وەك دواتر دەبینین، دوای ئەوەی کە سکێتەکان Scythes ( ئاشگوزە) لەناویاندا بلاودەبنەوە، ئێرانیبوونیان هیچ گومانێکی تێدا نامێنێتەوە.





لە سەدەی هەشتەم* تابلۆی ئیتنیکی و سیاسیی ناوچەکە گۆڕانێکی ئێجگار گەورەی بەخۆیەوە بینی. داگیرکەرانی نوێ لە باکوورەوە هاتن: سەرەتا سیمێرییەکان Cimmériens (گیمیرێ *Gimirrai*) گورزێکی گەورەیان لە شانشینی وان وەشاند و پاشاکەشیان (پاشای وان، وەرگێر) خۆی کوشت. ئاشوورییەکان ئەم دەرفەتەیان قۆزتەوە تا دەسەلاتی خۆیان بگەیەننە ڕۆژهەلاتی زنجیرە چیای –سنوور. هەڵبەت لە سۆنگەی سیمیرییەکان، سکیتییە دوژمنەکانیان گەیشتن کە بەشێکیان لە ناو مانییەکان جێگیر بوون. بە قسەی هیرۆدۆت، سکیتییەکان بۆ ماوەی ٢٨ ساڵان سەرداری ئاسیا بوون ( ئەمە لەوانەیە لە نێوان ساڵەکانی ٦٤٢ تا ٦١٥ بووبێ). دواجار میدییەکان خۆیان گردکردەوە و سیخارس Cyaxarès پاشا توانی سکیتەکان تەفروتوونا بکات. دەستەوجێ بەرەو ڕووی دوژمنەکانی دیکەی واتە ئاشووریەکان بۆوە کە لە سۆنگەی پەلاماری بێگانەکان لاواز و بێ هێز بووبوون.

ساڵی ٦١٢، نەینەوا داگیرکرا و پاشای ئاشوور بە سوپا و گەلەکەیەوە پەڕیوەی خەڕان Kharran بوون. ئەم کردە سەرکەتووانەیە لە لایەن سیخاورس و بە هاوپشتی لەگەڵ پاشای بابل و یەکێك لە پاشایەکانی ئومان ماندا بەدەستهاتووە کە بەداخەوە ناسنامەکەی ئاشکرا نییە. لەوانەیە یەکێك لە ڕزگاربووەکانی قەلاچۆی سکیتییەکان بووبێت؟ بە ناوەکەیەوە ئومان ماندا *Umman Manda* ( عەشیرەتەکانی ماندا) ، ئەم ناوە عادەتەن ئاشوورییەکان لە سیمیرییەکان Cimmériens و سکیتەکانیان Scythès دەنا بەلام لەیەکچوونی ناوی مادا، ماندا هێندە ڕووناك نییە.

* پێش زایین، وەرگێر.

لە کرۆنیکی بابلی کە لە لایەن س. ژ. گادد C. J. Gadd بڵاوکرایەوە، لەوە دەگەین کە سیخارس کە ئەرکی کۆکردنەوەی دەستەکەوتەکانی پێسپێردرا بوو ڕۆژی ١٢ ئەیلوولی ٦١٢ گەڕاوەتەوە ماڵ، بەڵام ڕوخانی ئیمپراتۆریایەکی ئەو هێندە گەورە و ئەوهێندە کۆنی وەکوو ئاشووری بۆشاییەکی لەشوێن خۆیەوە جێهێشت کە دەبوو یەکێك پڕیبکاتەوە. شانشینی نویٚ ی بابل لە ڕۆژئاوا لەگەڵ میسرییەکان گەلێك سەرقاڵ بوو بەجۆرێك میسرییەکان هەڵپەیان بوو بۆ بەهاناوەچوونی پاشماوەکانی ئاشوورییەکان و بێگومان توانای ئەوەشیان نەبوو بە بەردەوامی ناوچە بەجێهێڵراوەکانی ئاشورییەکان بپارێزن. ئا لەم کاتە بوو کە بەرفراوانبوونی هۆزە ئێرانییەکان بەرەو ڕۆژئاوا دەستپێکرد. لە سایەی لەیەکچوونی ڕەوشی جوگرافی نێوان هەردوو لای سنوور، کارەکە بۆ کۆچەرەکانی ئاترۆپاتین ئاسان بوو. هەر زوو سیخاورس لە دژی لیدی Lydie ڕاپەری و لە ژێر چەتری سوپاکەیەوە بەرەو پێشوەچوونی هۆزەکانی میدیا تەواو دەستەبەر کرابوو.

با کەمێك بگەڕێنەوە دواوە و ئێمە دەبیٚ ئەوە وەبیربهێنینەوە کە دوای لاوازبوونی شانشینی وان، ئەرمەنییەکان لە ڕۆژئاواوە هاتن و لە شوێنیاندا جێگیربوون. بەمشێوەیە ناوچەکە بەرەو ڕووی بەرفراوانبوونی ئێرانییەکان کرایەوە و هاوپێوەندەکانیان لە ناوچە هەڵکەوتووەکانی باشووری گۆڵی وان، بە درێژایی ڕووبارەکانی چەپی دەچڵە، واتە لەو شیوانەی کە دڵی کوردستان پێك دەهێنن، گیریان خواردبوو.

لە دەستپێکی سەدەی حەوتەم بەولاوە چیتر باسی دەڤەری پارسوا ناکریٚ، لە کاتێکدا کە مانییەکان کە لە لایەن سکیتەکان پشتگیری کرابوون، چەندین پەلاماریان بردۆتە سەر وڵاتی ئاشوور. لە دەورانی کورتی





باڵادەستیی سکیتەکاندا، گەلێکی ئیجگار گەورەی وەك مانییەکان نابیٚ ون بووبیٚ و دوای قەڵاچۆی سەرکردەکانی سکیتەکان، مانییەکان ئەم دەرفەتە لەدەست نادەن بۆ ئەوەی هەژموونی خۆیان بسەپێنن. لەسەدەی چوارەم، هیرۆدۆت لە کاتی وەسپکردنی ڕێگەی گەورەی پاشایانەی پارسواکان، درێژبونەوەییێکی گەورە بە (ماتیەنە گە Ματιηνή Υή) دەبەخشیٚ کە لە باشور–ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا تا کیسا Κισσία ( لوڕستانی ئەمڕۆ) درێژ دەبۆوە. هێشتا لەگەڵ دەستپێکی سەردەمی ئێمە ( واتە سەدەی زایینی) سترابۆن ناوی (مانتیانە) Μαντιανή بە گۆلی ورمیٚ دەبەخشیٚ، کە ( بە قسەی مارکوا) ڕەنگدانەوەی ناوی مانییەکانە. بەتلیمۆس ناوی گۆڵی (ورمیٚ) بە شێوەی (مارتیانە) یا (مارگیانە Μαργιανή) دەنووسیٚ و جوگرافیناسی ئەسکەندەری ئەوە زیاد دەکات کە ناوچەی (مارگیانە Μαργιανή) (بە درێژایی تەواوی سنووری وڵاتی ئاشوور درێژ دەبێتەوە ). ئەم گەواهیدانە گەرچی بە درەنگەوەیە، بەڵام زۆر وردە و ئەوە بە دیاردەخات کە ناوچە کۆنەکانی مارگیانوا Margianoi> ماتییێنوا matiênoi < مانیٚ Mannai هاوسنوری وڵاتی ئاشوور بووە. لە ئەنجام دا، دوای ڕووخانی وڵاتی ئاشوور مانییەکان لە هەمووان زیاتر کەلکیان لەو دەرفەتە وەرگرتووە.

ئاڵۆزییەکی دیکە لەوەدا دروستبوو کە گەلێك هەیە بە ناوی (ماردوا) و لە لایەن ئاشووریەکان ناوی نەهاتووە بەڵام نووسەرە گریکەکان ناویان هێناوە. دوای پەڕینەوەیان لە ڕووباری کەنتریتە Kentritès، سوپا دەهەزار کەسییەکە لە لایەن دەستەیەکی فارسی هێرشیان کراوەتە سەر کە بریتی بوون لە ماردەکان Mardes و ئەرمەنییەکان Arméniens. ماردەکان بە تەك کیرتواکان Kyrtioi لە لایەن سترابۆن لە ڕیزی

کۆچەرەکانی ئاترۆپاتین ناویان هاتووە. بە پێی کتێبی (***جوگرافیای ئەرمێنیا***) هەرێمی ماردستان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گۆڵی ئێرچک Ercek ( لە باکوری-ڕۆژهەڵاتی وان) و کانتۆنێکی دیکەی ماردالی Mardali دەکەوێتە ( نزیک سەرچاوەکانی ئاراس) کە دەشێ درێژەدەری هەر هەمان ناو بن. بەهەرحاڵ ماردەکانی بەتلیمۆس هاوسێی کیرتواکان بوون. مارکیوار ماردەکان وەك ((گەلانی کۆچەری نیوە ئێرانی))* دەناسێنێ کە بە چەند ناوی شوێنە ئێرانیەکانی دەبەخشێ لە ئەرمێنیا. مارکیوا بۆ ئەوە دەڕوا ئەوە قەبووڵ بکات کە ناوی ماردەکان وەکو (بوویەکی زیانبەخش ) لێك بداتەوە کە جگە لە نازناوێکی هاوشاری کیرتوایەکان زیاتر هیچی دیکە نییە. پێویست ناکا لەوە زیاتر دوورتر بڕۆین. ماردەکان و کیرتوایەکان بە جیا ناویان هاتووە بەڵام هەردوو گەل دەشێ دوو هۆزی خزمی مێدی بووبن. لەوانەیە ماردەکان درێژەدەری ترادسیۆنی مانیی بن. شێوەی (مانتیانە)، (مارتیانە) دیاردی بۆ شیمانەی گۆڕینی ناوکە دەکەن لە ( ڕ ) لە جیاتی (ن). سروشتی تایبەتی ئەم (ن)ە لە ترەنسکریپسیۆنی ئاشووری بە مانیْ Mannai لەگەڵ (ن) یێکی دووانە ئیشارەی پێکراوە.

ئێمە هیچ نیشانەیەکی ڕاستەوخۆمان لە بارەی بنچینەی کیرتوا Kyrtioi هاوسێیەکانی ماردەکان Mardes لە بەردەستدا نییە. ناوەکەیان بەوجۆرەی کە شێوەی هاوشارییەکەی وادەردەکەوێ کورت *Kort* بێ ئێتیمۆلۆژییەکی باوەڕپێکراو نییە. لەسەرچاوە ئاشوورییەکان وا باوەڕ دەکرێ گەلی کور-تی-ی *Kur-ti-i* دۆزرابێتەوە بەڵام ئێستە ئەم ناوە بە کور-هی-ی *Kur-hi-i* دەخوێندرێتەوە. بۆ یەکەمجار کیرتییەکان Cyrtii

* nomadisches, halbiranisches Volk





لە سالّی ۲۲۰ ی پێش زایین ( لای پۆلیب* Polybe) ناویان وەك دامەزرێنەری لەشکری حاکمی مێدی هاتووە کە شەڕی پاشای سیلیودی séleucide ئەنتیۆشی سێیەمی** کردووە. سی ساڵ دواتر ( لای تیت-لایڤ* Tite-Live) وەکو بەکرێ گرتە لە ئاسیای بچووك لە خزمەتی هەمان ئەنتیوش و ساڵی ۱۷۱ لەژێردەستی پاشا پیرگام Pergame ناویان هاتووە. جا ئەگەر ئەمە بە ئاسانی گواستنەوەی کیرتوایەکان بێ لە سەدەی دووەم، ئەوا دەبێ خەیاڵی ئەوە بکرێ کە باو وباپیرانیان چاك دەرفەتی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیان قۆزتۆتەوە کە لە ئەنجامی ڕوخانی وڵاتی ئاشوور هاتۆتە ئارا. بەتلیمۆس لە وەسپ کردنەکەی خۆیدا بۆ سنووری باشووری ئەرمێنیا، لای ڕۆژهەڵاتی (کۆتایە Κωταία) ی بە گۆردین Gordyène ( بیت قاردوو Bēθ-Qardū) دیاریکردووە کە دەشێ ئەمە تەنها (کۆرتایە Κορταία) بێ. بێگومان ئەمە لە ژێر ڕۆشنایی وەرگێراوێکی کتێبی ***جوگرافیای ئەرمەن*** هاتووە کە کانتۆنەکانی هەرێمی کۆرچەکی Korček تێدا دیاریکراون. دیاریکردنەکە لە نزیك دەچێتەوە دەستپێدەکات و بەرەو ڕووباری نێوەڕاستی زێی گەورە هەڵدەرژێ : لە کۆردۆك Korduk ( بیت کاردوو) دەستپێدەکات کە سێ کۆردیکی بەشوێن دادێ. ئەم ناوەی دوایی کە بێگومان ناوی کوردەکانی لێوە پەیدابووە دەقاو دەق هەمان ئەو ناوەیە کە بەتلیمۆس بە **کۆتایە** Κωταία < **کۆرتایە**

* پۆلیب Polybe بە یۆنانی کۆن پۆلیبۆس Polybios سەرکردەی سیاسی، مێژوونووس و تیۆریزانی سیاسەت بووە. لە نێوان ساڵەکانی ۲۱۰ تا ۲۰۲ پێش زایین لە میگاپۆلی لە دایکبووە و لە ساڵی١٢٦ ی پێش زایین مردووە، وەرگێر.

** ئەنتیۆشی سێیەم Antioche III

* تیت-لایڤ: مێژوونووسێکی کۆنی ڕۆمانە لە ساڵی ٥٩ پێش زاین لە دایکبووە و ساڵی ۱۷ ی پاش زایین مردووە، وەرگێر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

Κορταία دەستنیشانیان دەکات. ناوی سەرلەبەری هەرێمی گورجێك ئەویش لە ناوی کوردەکان وەرگیراوە (ئاندریاس : *کورتی–ئەلیك*[**]،. ئادۆنتز: کورتیچ–ئەلیك[*]) . ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە مێژووی ئەم تێرمە لای ئەرمەنییەکان لە سەدەی چوارەمی زاینی فاوستی Fauste بێزەنتینییەکان ئیشارە بە کورجێك Korčêk دەدات وەك کانتۆنێکی نزیك بە سەڵماس، لە کاتێکدا لە سەدەی حەوتەم کتێبی جوگرافیای ئەرمەن هەرێمێکی سەرلەبەری بەم ناوە ناوناوە کە کاردۆخ بە خۆیەوە دەگرێ وەك چۆن لە پێشدا بینیمان کە سێ کوردۆك بەخۆیەوە دەگرێ کە یەکێکیان شوێنی کۆنە دابەشبوونی ئیداری تمۆریك Tmorik ( بە ئاشووری تامیورو) دەگرێتەوە. ئەم پەرەئەستاندنانە واپێدەچێ نیشانەی هێلی بەرفراوانبوونی کیرتیوایەکان بووبێ: لە کەناری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ بەرەو بۆهتان. لە گێڕانەوە کوردییەکاندا کە لە شەرەفنامەدا هاتووە، بۆهتان ( بوختانی کۆن) ڕۆلێکی زۆر گرینگی بینیووە: هەموو کوردەکان لە نەوەی دوو برا: بوخت و باجانن !

لە سەدەی چوارەمەوە میرنشینی کوردی ماهکێرت Mâhkert لە نزیك سەرچاوەکانی بۆهتان و خاپووری ڕۆژهەلات دا بووە. لەسەردەمی موسلمانەکان لە هەمان ئاڕاستەدا ناوچەی الزوزان لە لایەن کوردەکان بەڕێوەبراوە. ئەم ناوە وەکو زۆزان zözân ( لە کوردی بە واتەی هەوارگەی هاوینان "هاوینە هەوار") لێکدەدرێتەوە، بەڵام زۆر کارامەیی و وردبینی مارکیوا ئەم ناوە بە یەکێك لە دابەشبوونەکانی هەرێمی ڤازپیوراکان Vaspurakan لە ئەندزاڤاتسك Andzavts$^{h}$ik$^{h}$ دەبەستێتەوە. تەنها لای

[**] ئاندریاس : *کورتی–ئەلیك* Andreas: Korti-alik

[*] ئادۆنتز: *کورتیچ–ئەلیك* Adontz: Kortič-alik





موسلمانەکان تێرمی *الزوزان* بەرەبەرە بە نزیکەیی بەسەر تەواوی زەوی و زارەکانی دەوروبەری وان، لە نێوان دیاربەکر لە باشووری–ڕۆژئاوا و ئەخلات لە باکووری–ڕۆژئاوا دا کشاوە.

ئەم کردانە جێگەی سەرنج بوون وەك چۆن هەنگاوەکانی بەرفراوانبوونی کورد (*انتشار الاکراد*، بەگوێرەی ابن الاثیر) دەستنیشانی دەکات.

ناونانی ئەو گەلانەی کە لە لایەن هاوسێکانیانەوە لێیان دەنێن هەمیشە جێگەی بایەخ پێدانە. وەختایەك مواسی خۆریەنی Möse de Khorène باسی جێگیربوونی بنەماڵەی ئاشتیاگ Astyageدەکات لە بناری ئارارات و لەسەر ڕووباری ئاراس، مارکەکان ((مێدییەکان)) تەنها لەو شوێنانە دادەنێ کە دواتر کوردەکانی تێیدا بەدیار کەوتن.، هەروەها ئیشارە بۆ ئاجدەنەکان Adjdanakan دەکات کە بەگوێرەی سەرچاوە ئیسلامییەکان لانکەی بنەماڵەی کوردی بەناوبانگ سەلاحەددین بووە. لە دەستنووسێکی سەدەی پانزەهەم کە بەم دواییە لە لایەن بەڕێز شانیدزێ[*] دۆزراوەتەوە هەڵبژاردەییێکی بە زمانی کوردی تێدایە کە کوردەکان خۆیان وەك مێدی وەسپی خۆیان دەکەن.

کوردەکان خۆیان بە خۆیان دەڵێن کورمانج *Kurmânj*، ئەو ناوەی کە دەبێ بە یاریدەی سوفیکسێك دروستبووبێ بنەچەکەی (ج) بووبێ، کە لە ژمارەیەك وشەی گۆڕاودا لە بواری ئێرانی دا زۆر بەربلاوە وەکو (گورجی) "جۆرجی" هتد). واپێدەچێ ئەمە وشەیەکی لێکدراو بێ کە یەکەمین توخمی کور(د) بوون[**] بێ و دووەمیان دەبێ هەبوونی پێوەندی بێ لەگەڵ مێدی، یا لەگەڵ مانییەکان Mannéens/ مانتیانوا Mantianoi یەکان کە

[*] Chanidzé

[**] کور(د) بوون : *être Kur(d)*

پێشتر باسمان لێوەکردن. ئەگەر ماردەکان لەوەچەی مانییەکان بن ئەوا ئەم گریمانەیە هاوبەشییەك لەگەڵ بنەچەکناسیی ئیپۆنیمی کورد دەبینێتەوە کە مەسعودی لە سەدەی دەیەم باسی دەکات. کرد بن مرد بن صعصعة بن حرب بن هوازن ( هەروەها بڕوانە ابن حوقل: کرد بن مرد بن عمرو).

بە گوێرەی کردە مێژوویی و جوگرافییەکان، زۆر ڕێی تێدەچێ کە نەتەوەی کورد لە تێکەڵاوێکی هەردوو هۆزی هاوڕەگەزی ماردەکان و کیرتوایەکان[21] دروست بووبێ کە بە چەند دیالێکتێکی مێدیایی زۆر لەیەك نزیك قسەیان کردووە. ئەوە تەنها لەسەر بناخەی زمانی مێدییە کە دەتوانین یەکیەتی کورد لێکبدەینەوە. لە سەرێکی دیکەوە ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە کوردەکان لە بەرفراوانبوونیان بەرەو ڕۆژئاوا، چەندین توخمی هاوشارییان یان لەگەڵ تێکەڵ بووە. لە ژێر نیگای پڕاوپڕی ڕوناکی مێژووییدا، کانتۆنی تمۆریك Tmorik$^h$ گەلێکی کۆنی تێدا ژیاوە (کە لە بنچینەدا سامی sémitique بوونە وەك چۆن هوبشمان Hübschmann وای گریمانە دەکات) ناوی خۆیان بۆ کوردیك Kordik$^h$ گۆڕیووە.

لە فۆنەتیکی زمانی کوردیدا بەڕێکەوت بێژە سامییەکان: حەوت *hawt*، ئەسپ *'asp* دەبینرێن ( کە ئەوانەی دیکە دەتوانێ بە هاوسێیەتی عەرەبەکانی دەوروبەری دەچڵە لێکبدرێتەوە). بوونی دوو پیتی ر ( ڕ ، ر) و دوو پیتی ل ( ڵ، ل) سیمایەکی هاوبەشی نێوان ئەرمەنی و کوردییە کە دەشێ بگەڕێتەوە جەوهەری کۆنی هاوشاری. ئەوەی ماوە ئیشارەی

[21] لە تێکستێکی ماردین دا فۆرمی کورداسی بە مانای ( کوردی ڕاستەقینە) = ( بە فارسی کرد–اسا؟) دێ. من مەیلم بۆ ئەوە دەچێ پێکهاتەیەکی وەك ئەوە لە ناو هۆزی مەرداسی Mardâsî (میرداسی Mirdasî لە ناوچەی ئەگیلی باکووری دیاربەکر – کە هۆزەکانی " زازا" ی لێ نیشتەجێن !) ، ببینم. ئەم مەرد–اسییە Mard-âsi بلێی شانسی ئەوەیان ببێ وەك ( ماردیە ڕاستەقینەکان)، یان تەنها وەك ( مرۆی ڕاستەقینە ( viri) لێکبدرێنەوە؟ میرداسییەکان Mirdâsi هەروا لە نزیك ئەلاشگەرد–یش هەنە.





پێبدەین ئەوەیە کە سوفیکسی کۆ بە ت (کەلێشەتە) *keleste* " ڕێگرەکان" کە لە دیالێکتی کوردیی سەروودا دەبینرێ، واتە لەو ناوچانەی کە بە گوێرەی گریمانەی ئێمە شانسی زیاتر هەیە شوێنکاری ئاخێوەرانی ماردی تێدا بدۆزینەوە. ئاخێوەرانی باشوور ئەم سوفیکسە ناناسن. لە بواری ئێرانییدا ئەم سوفیکسە تەنها لە زمانی سکێتیکی دا هەیە. کەوایە دەکرێ هەوڵبدرێ شوێنکاری جێگیربوونی بەشێکی سکێتەکان لەناو مانییەکان، کە لەوانەیە باو و باپیری میراتگری ماردەکان بن بدۆزرێتەوە.

بۆ کورتکردنەوەی ئەم باسە:

١– دەبێ کاردو Qardû و کیرتوایەکان Kyrtioi لە یەك جیابکرێنەوە.

٢– بەرفراوانبوونی ئێرانییەکان بەرەو لای ڕۆژئاوا دەبێ بخرێتە دەورانی دوای ڕوخانی نەینەوا.

٣– ڕۆڵیکی ئێجگار گەورە لە ڕووداوەکانی سەدەی شەشەم دەبێ ببەخشرێتە مانییەکان کە لەوانەیە بە ماردەکان ببەسترێنەوە.

٤– نەتەوەی کورد وادەردەکەوێ لە دوو هۆزی مێدییەکان: ماردەکان ( لە لای باکوور) و کیرتوایەکان ( لە لای باشوور) دروست بووبێ کە هەردووکیان دوو هۆزی ئێرانین یا بە بوونەتە ئێرانی.

٥– بە ئێرانیبوونی ئاترۆپاتین نەك تەنها لە سایەی مێدەکان بووە، بەڵکو تاڕادەیەك بەهۆی سکیتەکانیشەوە بووە.

٦– یەکێتی کورد دەبێ لەسەر بنەما مێدیەکەی لێکبدرێتەوە.

بنچینەکانی کورد

## سەرچاوە:

-Prof. Vladimir Minorsky, *Les origines des Kurdes,* In *Actes du XX$^{e}$ Congrès International des Orientalistes*, Bruxelles, 5-10 septembre 1938, Ed. Louvain, 1940, pp. 143-152

دووەم بەش

# چــەند

# وتارێکی کوردناســـی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سلێمانی

سولێمانییە Sulaimaniya (سلێمانی) شار و هەرێمێکی کوردستانی خوارووە. پێویستە جیاوازی لە نێوان قەزای سلێمانی خۆیی و (ناحیەی سەرچنار) و ئەو ویلایەتە بکرێ کە سەرەتا پاشا پشتاو پشتەکان و پاشان موتەسەڕیفە عوسمانییەکان، سلێمانی یان بەڕێوە دەبرد.

ناوچەی مێژوویی سلێمانی کەوتۆتە نێوان سنووری ئێران، دیالە، ئەو دەرو ناوچانەی کە سەر بە بەرزاییەکانی کەرکووک و زێی بچووک و ئەو زنجیرە چیاییە دەگرێتەوە کە لە وێوەوە ڕووبارەکانی ڕووەو ڕۆژهەڵات (





سیستمی سیروان)، بەرەو باشوور ( سیستمی عوزێم) و بەرەو باکوور و باکووری–ڕۆژئاوا ( لقە چەپەکانی زێی بچووک) ی لێوە هەڵدەقووڵێ.

ئەو زنجیرە چیایانەی کە ئەم سێ گۆماوەی لقە ڕووبارەکانی چەپی دەچڵە دابەشدەکات بەرە بەرە بۆ سەرووی پێدەشتی میزۆپۆتامیا بە ئاڕاستەی باکووری ڕۆژئاوا–باشووری ڕۆژهەڵات، وەك هەموو زنجیرە چیایەکانی ڕۆئاوای ئێران بەرزدەبێتەوە. لووتکە هەمەچەشنەکانی سنووری باشوور ناوەکانی بازیان، باسەڕە، سەگرمە، قەرەداغ، پەیکوڵی بەخۆوە دەگرێ. هەرێمەکانی چەمچەماڵ (هەمان ناو بەسەر ناوچەیەکی ئێرانەوەیە کە بێستوونی تێدایە) و ڕەبات هتد کەوتوونەتە باشووری ڕۆژئاوای ئەم هێڵەی وا لەسەر سەرچاوەکانی عوزێم–وەیە. دووەم زنجیرەچیا ناوەکانی تخوما، تاسڵووجە، دارمازەڵە (گلەزەردە) هتد وەردەگرێ. لە نێوان زنجیرەی یەکەم و دووەم: لە ڕۆژئاوای سەرچاوەکانی تاوق چای و لە ڕۆژهەڵاتی بانی ناو قۆپی، ناوچەی قەرەداغ هتد کە ئاوی دێوانە ئاو دەدات و دەڕژێتە ناو دیالە (سیروان). سێیەم زنجیرە ناوی ئەزمڕ، گۆیژە هتد بەخۆیەوە دەگرێ. بەرەو ڕۆژئاوا ( لە لای زێی بچووك) دوو لقی لێدەبێتەوە و لەسەر لقی باشووری ئەمەی دوایی لووتکەی پیر–عومەر گدروون (٢٩٦٠ مەتر) هەیە کە زۆر لە دوورەوە دەبینرێ وەك بەدیاردەکەوێ ناوەندی تەواوی ئەم وڵاتە چیاییە پێکدەهێنێ. ئاوی ناوچەکە لە نێوان بەربەستی دووەم و بەربەستی سێیەم ئاوەڕۆی چەپی بەرەو ڕۆژئاوا لە تابین سوو (دۆڵە درێژ) کە دەڕژێتە ناو زێی بچووك و بەرەو ڕۆژهەڵاتیش دەڕژێتە ناو تانجەڕۆ ( تاج ڕوود) کە دەڕژێتە ناو سیروان. ناوچەی سورداش کەوتۆتە سەر سەرچاوەکانی تابین کە لەو دیو پیرەمەگرون دەردەچێ، تانجەڕۆ ناوچەی سەرچنار ئاودەدات کە دەڕژێتە

ناو شاری سلێمانی. زنجیرە چیای ئەزمڕ بەرەو ڕۆژهەڵات دەگاتە لووتکەی چیای کوڕە کاژاو، قەڵای صارم هتد کە لەگەڵ زنجیرە چیای هەورامان یەکدەگرنەوە. شارەزوور بە مانای تەواوی وشەکە کەوتۆتە باشووری ئەم زنجیرە چیایە. ناوچەکانی سرۆچك و شارباژێر (قەرە–چۆڵان)* کەوتوونەتە باکووری ئەزمڕەوە. ئەم ڕووبارەی دوایی (گاوگەسوور) بە قوڵایی چیایەکانی هەورامان (لە دۆڵی پیران) هەڵدەقووڵێ و لە لای چەپیدا ڕووباری سرۆچك و لە لای ڕاستیشی ڕووباری قزڵجەی دەڕژێتە ناو. ئەم ناوچەیەی دوایی کەوتۆتە باکووری چیای (سەرسیر) کە کەناری ڕاستی قەڵاچوالان پێکدەیەنێ. ناوەندی بەڕێوەبردنی قەزاکەی پێنجوینە کە لەوێوە دەتوانین بچین بۆ ئێران. ڕووباری قزلجە بەر لەوەی بگاتە قەڵاچوالان لە کەناری ڕاستیدا ڕووباری تاتان دەگرێتەوە کە ناوچەی شلێر ( تاراتال) ئاودەدات کە کەوتۆتە ناوەوەی ئەو ئەڵقەیەی کە لێرەوەیە سنووری ئێران پێکدەیەنێ و ئاوەکانی ناوچەی سیوەیل کە مەڵبەندی ئیدارییەکەی شیوەکەڵە ئاودەدات. بە پێچەوانەی ڕوونکردنەوەکانی سەر نەخشەکان بێت، ئەو ئاوانەی کە لە قەڵاچوالان و قزڵجە کۆدەبنەوە دەڕژێنە ناو زێی بچووك لە ناوچەی ماوەت ( لە دوورابییەکی زۆر نزیکی خوارەوەی تەیەت Teyet ( بڕوانە چریکۆڤ، لا: ٥٥٦.، خورشید ئەفەندی، لا: ٣٩٨). ئەم بەشەی سلێمانی کە کەوتۆتە نێوان کەناری (چەپی ڕووباری قەڵاچوالان و زنجیرە چیای ئەزمڕ ( ناوچەکانی سەرگەڵوو و مەراغە) تا ئێستا لێکۆڵینەوەی کەمی بۆ کراوە. زێی بچووك سنووری سروشتی سلێمانی پێکدەهێنێ لەگەڵ کۆیسنجاق، بەڵام ناوچەی پژدەر (قەڵادزێ) لەسەر کەناری چەپی زێی بچووك ( لە نێوان ڕانیە و زنجیرە چیای قەندیل) کە

---
* Kara-çwolân



عادەتەن بەشێك بووە لە سلێمانی. سەرەڕای ئەمە زۆربەی جار پاشایەکانی بابان دەستیان بەسەر زەوی و زاری هاوسێیەکانیاندا گرتووە ( خورشید ئەفەندی، لا: ٢٤٦: ناوچەکانی ئاغجەلەر و عەسکەر بە کۆیسنجاق–ەوە لکێنران و لە لایەن پاشایەکانی بابان حاکمیان بۆ کۆیسنجاق دیاریدەکرد. ( ڕیچ، کتێبی یەکەم، ١٥٧، ٣١٣، ٣٨٤).

ناوچەی سلێمانی لە دەورانی زۆر کۆنەوە ناسراوە. چیای نیسیر ( کینەبە Kiniba لە زمانی لولوو) کە کاتی تۆفانەکە پاپۆڕەکەی گەلگامشی لەسەردا نیشتەوە وەك لە داستانە بابلییەکاندا دا هاتووە دەبێ تەنها چیای پیر–عومەر–گدروون Pir-'Omar-Gudrûn بێ. دەڤەری سلێمانی هەمان وڵاتی زاموایە کە گەلی لولوو داگیری کرد و سنووری باشووریی کەوتبووە سەر کەناری بابیت Babite ( بازیانی ئێستە). ساڵی ٨٨٠ ی پێش زایین ئاشوورنەصرپال هەموو پاشایەکانی زامووای خستە ژێردەستی خۆیەوە و وا دیارە ئەو تابلۆیەی کە لە دەربەندی گوڕ لە باکووری قەرەداغ دۆزراوەتەوە هی یەکێك لە پاشایەکانی لولووەکان بووە. برزۆزوسکی Brzozowski باسی نەخشەیەکی کۆنی دیکە دەکات لە نزیك دەروازەی ڕاڕەوی دەربەند لەو جێگەیەی کە زێی بچووك دەگاتەوە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی سلێمانی. هێرزفێلد ( Ist., XI, 127) باسی چەند کەلاوەیەك دەکات لە سیتەك لە ناوچەی سرۆچك. ساڵی ٧٤٥ ی پ.ز تیگلات پیلسەری سێیەم* ئەوە ئارامیانەی کە لە میزۆپۆتامیای باشووردا دەژیان لە لە مازامیوا Mazamua جێگیر کردن ( mat-Zamua, Forrer, P. 43). لە دەورانی ساسانیدا لەو پەری خوارووی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی سلێمانی شوێنەواری بەناوبانگی پەیکوڵی لێبووە. لە مێژووی کەنیسەی

---
* Tiglat Pileser III



www.rabari.org

سریانیدا ناوچەی سلێمانی بەشێك بووە لە ئەسقەفیەی بیت گەرمای (Hoffman, Auszüge, p. 253).

مێژووی دەڤەری سلێمانی لە دەورانی ئیسلامەتیدا سەرەتا لەگەڵ مێژووی شارەزوور تێکەڵە. پاشان ناوچەی سلێمانی هەر لە کۆتایی سەدەی یانزەهەمی کۆچی ( سەدەی حەڤدەهەمی زایینی) یەوە تا ساڵی ١٢٦٧ ی کۆچی ( ١٨٥٠ ی زایینی) کەم تا زۆر بوونێکی سەربەخۆی هەبووە.

بنەماڵەی فەرمانڕەوای ناوچەکە بە ناوی بنەماڵەی بابان ناسراون و لە شەرفنامە ( بەرگی یەکەم، لا: ٢٨٨-٢٨٠) دا هاتووە کەوا یەکەم سەرکردەی ئەم بنەماڵەیە ناوی پیر بۆداق بەبە Pir Budak Babê ( وا پێدەچێ دەوروبەری ساڵی ١٥٠٠ بووبێ) و ئەم بنەماڵەیە بەم ناوەوە ناو دەبرێن. وا دیارە شوێنی نیشتەنی ئەم هۆزە ڕۆژئاوای قەندیل بووە و وەچەی یەکەمی بەبە هەر زوو لە لایەن خزمەتکارەکانیانەوە جێگەیان گیراوەتەوە و بەڵام ئەم لقەی بنەماڵەکە ئەوانیش پچڕان و هۆزەکە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٥ (١٥٩٦ی. ز) هیچ سەرکردەیەکی ناسراوی نەبووە. بەرەبابێکی نوێ ( لە تیرەی سەقر Sakir کە لکێکی هۆزی بڵباسن، ( Rich I, p. 270 ) لە ناوچەی دارەشمانە هاتوونەتە دەڤەری پژدەر. ئەم بنەماڵەیە زنجیرەیەکی وەچەی ئەفسانەییان هەیە و بۆ ئەوە دەچێ کە ئەوان لە ژنێکی گەنجی فرانسی بە ناوی کەیغان کەوتوونەتەوە کە باپیرە گەورەیان لە شەڕێك لە شەڕەکاندا بە دیلی گرتووە. دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم بنەماڵەیەی سێیەمە، بابا سلێمان، ساڵی ١٠٨٨ (١٦٧٧ ی ز) وەدیار کەوتووە و پاشان ساڵی ١١١١ی کۆچی (١٦٩٩ز ) پێوەندی بە دەرباری عوسمانی کردووە. ڕیچ (I, 381-5 ) لیستی وەچەکانی





بەدەستەوە دەدات کە بریتیین لە حەڤدە پاشای بابان. نوێنەرانی ئەم میرنشینە لۆکالە لێزانانە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی خەنیمی تورکی و ئێرانی ئەمسەر و ئەوسەریان کردووە، بەڵام چونکو سەر بە پاشایەکانی بەغدا بوون، وەزعیەتێکی تا ڕادەیەك سەربەخۆیان هەبووە لەبەرامبەر بابیعالی. مەحموود پاشا دواجار ساڵی ١٨٢٠ پێشوازی لە ڕیچ کرد لە کاتی گەشتە بەناوبانگەکەی کە بە ناو کوردستاندا کردوویە و ویستوویە هەستی نەتەوایەتی کورد بێدار بکاتەوە، بەوە کۆتایی هات کە مەحموود پاشا گوێڕایەڵی خۆی بۆ ئێران ڕاگەیاند. ئێران ساڵی ١٨٤٢ پەلاماری بردە سەر سلێمانی بۆ ئەوەی مەحموود پاشا بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی، بەڵام ئێرانییەکان بە گوێرەی پەیماننامەی ساڵی ١٨٤٧ لە هەموو داوایەکی خۆیان لە دەڤەری سلێمانی و سنجاقی سلێمانی بە قازانجی تورکەکان خۆشبوون ( دەقی پەیماننامەکە لە چریکۆڤ، لا: ٦٣١) و تورکەکان دواجار ساڵی ١٢٦٧ ک )١٨٥٠ ز) عەبدوڵڵا پاشای دوایەمین حاکمی بنەماڵەی بابان یان لێخست ( خورشید ئەفەندی لا: ٢٠٩).

دەکرێ بڵێین کەوا بنەماڵەی بابان تەنها تایەفەیەکی داگیرکەر و جەنگاوەر بوون. پێبەپێ لەگەڵ بنەماڵەی بابان و لەژێر دەسەڵاتی بابانەکاندا زۆر هۆزی جەنگاوەر ژیاون. هەر یەك لە ڕیچ ( Rich, I, ٢٨٠)، خورشید ئەفەندی (Khurshid-efendi, p. 217) لیستی ناوەکان بەدەستەوە دەدەن. لە گرینگترین ئەم هۆزانە هۆزی جاف بوو و دواتر زۆرجاران باسی هۆزی ئاژاوەگێڕی هەمەوەند دەکرێ کە لە هۆزەکانی چەمچەماڵ-ن و دەڵێن لە کوردستانی ئێرانەوە هاتوون ( ناوەکەیان لە ناوەکانی هۆزی لوڕ دەچێ ). هەمەوەندەکان لەکاتی لەشکرکێشیەکانیاندا تا کەناری دەچڵە ڕۆیشتوون ( Cholet, Arménie, , p. 295-31

*Kurdistan et Mésopotamie* [Paris, 1892]). بە جیا لەو هۆزانەی کەوا ڕێکخستنەکانی خێڵەکیەکانی خۆیان پاراستبوو، لە سلێمانی و وەك لە زۆر جێگەی دیکەی کوردستان، چینێکی جوتیار هەبووە ( گۆران و کلاو سپی وەك ڕیچ وایان ناو دەنێ، ڕیچ، I, 80 ).

سەرەتا مەڵبەندی قەزای بابان شارباژێڕ (شەهری بازار) بووە لەو پێدەشتەی کە سەرەتا لە لایەن پیر بۆداق داگیرکراوە، ، بەڵام ئیبراهیم پاشا دەوروبەری ساڵی ١١٩٩ی کۆچی ( ١٨٧٤ی ن) (Rich, I, 387) بارەگاکەی خۆی گواستەوە بۆ ناوچەی سەرچنار کە لەوێدا شاری سلێمانی لە شوێنی ئاوایی مەلیك هیندی (مەلیك–کەندی؟)، لە دەوروبەری گردێکی کۆن دروستکرد کە بۆ ئەم مەبەستە پاك کرابۆوە. ئەم شارە بەناوی بویوك سلێمان پاشا ( کە لە بنەماڵەی مەمالیکی جۆرجی) و والی بەغدا بووە لە ساڵی ١٧٨٠ تا ١٨٠٢ ناونراوە ( Huart, *Histoire de Baghdâd,* Paris, 1901, p. 159). ئەم شارە دەوروبەری ساڵی ١٨٢٠ دوو هەزار ماڵە موسڵمان، ١٣٠ ماڵە جوولەکە، ٩ ماڵە کاتۆلیکی کلدانی (کە کەنیسەیەکی چکۆڵەیان هەبووە) و ٥ ماڵە ئەرمەنی تێدا هەبووە و بە هەموویان تێکرا دە هەزار کەس دەبوون. سلێمانی پێنج مزگەوتی تێدا بووە و لیکلاما ساڵی ١٨٦٨ ژمارەی دانیشتوانی بە شەش هەزار کورد و سی بنەماڵەی کلدانی و پانزە بنەماڵەی جوولەکە دادەنێ.

سلێمانی لە دەورانی عوسمانیدا کوانۆی شەپۆلێکی بزووتنەوی کوردایەتی بووە. کوردە هاوشارییەکان ژمارەیەك پیاوی حکومەت و بە تایبەت ئەفسەری سوپایان بە تورکیا بەخشیووە. زۆر لە بابانەکان لە ئەستەنبووڵ بە ناوبانگ بوون، وەك ئیسماعیل حەقی پاشا کە وەزیر و دیپلۆماتی ئیتحادییەکان بووە لە ساڵی ١٩٠٤ەوە تا ساڵی ١٩٢٤. دوای





گۆشەگیرکردنی بابانەکان، شێخەکانی بنەماڵەی بەرزنجە ڕۆڵێکی گەورەیان بینی کە باپیرەیان حاجی کاك ئەحمەد، ناوبانگێگی گەورەی پیرۆزی هەبوو و لە سلێمانی نێژرا.

وێڕای ئەوەی کە سەرکەوتووەکانی ساڵی ١٩١٨، سەرەتا تەنها باسی سەربەخۆیی عەرەب و ئەرمەنیان دەکرد، بەڵام بیرۆکەی ئازادی کورد دواتر توانی لە نێوان ساڵەکانی ١٩١٧ و ١٩٢٠ دا چەند هەنگاوی گەورە هەڵبێنێ. بێگومان دەبوو سلێمانی بخرێتە پاڵ "کوردستانی باشوور" کە لە ماددەکانی ٦٢ تا ٦٤ ی پەیماننامەی سێڤەر کە لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ مۆرکرا باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکات. هەرچۆنێك بێت، ویلایەتی مووسڵ، سنجاقی سلێمانیشی دەگرتەوە کە بەشێوەیەکی یەکجاری دوای مفاوەزاتێکی دووردرێژ خرایە پاڵ دەوڵەتی نوێی عێراق. بە گوێرەی هەمان بڕیاری کۆمەڵەی گەلان کە لە ١٦ی دیسامبەری ١٩٢٥ دەرچووە چەشنە خۆبەڕێوەبردنێك ( کارمەندی ئیداری لە خەڵکی کورد، بەکارهێنانی زمانی کوردی بەڕەسمی و دامەزراندنی قوتابخانەی کوردی) یان پێبەخشرا.

ئەم مفاوەزاتە ڕەسمیانە هاوکات لەگەڵ تەنگانە ناوخۆییەکان تێکەڵ بوون بە شێوەیەك کە سلێمانی نەك هەر ڕەتیکردەوە لە کانوونی دووەمی ١٩٢١ دەنگ بۆ هەڵبژاردنی مەلیك فەیسەڵ بدات، بەڵکو بوو بە کوانۆی زۆر نیگەرانی. دینەمۆی یەکەمی بزووتنەوە چەکدارییە، ئیسلامییە کە بە ئاشکرا مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوو، شێخ مەحموود بەرزنجی بوو کە لە ٢١ ی ئایاری ١٩١٩ ئاڵای یاخیبوونی بەرزکردەوە و سەرۆکی هەورامانیش یاریدەی دا. سەربازانی بریتانی جارێکی دیکە لە ١٨ی حوزەیران شاری سلێمانی یان داگیرکردەوە و شێخ مەحموودیان



www.rabari.org

دوورخستەوە بۆ هیندوستان، بەڵام چەمچەماڵ و ڕانیە هەڕەشەی شۆڕشیان کرد و ئینگلیز ناچار بوو لە ٥ی سێپتامبەری ١٩٢٢ سلێمانی چوڵبکات و ڕێگە بە شێخ مەحموود بدات بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. شێخ مەحموود لە مانگی ئۆکتۆبەر خۆی وەکو "حوکمدار"ی هەموو کوردی عێراق ناساند. هەڵوێستی گوماناوی شێخ بووە هۆی ئەوەی لە ٣ی ئازاری ١٩٢٣ ئینگلیز بە فڕۆکە بۆمبابارانی سلێمانی بکات و ئەوکاتە شێخ پەنای بردەبەر سورداش و لە ٢٦ی ئایاری ١٩٢٣ ئینگلیز سلێمانی داگیرکردەوە و پاشان چۆڵکرایەوە و شێخ مەحموود بۆ جاری سێیەم لە ١١ ی تەمووز گەڕایەوە و دەسەڵاتکارانی بەغدا دانیان پێدا نا. هەوڵدانی شێخ بۆ گرتنەوەی ناحیەیەکی دابڕاو لە سلێمانی بووە هۆی ئەوەی دووبارە سلێمانی بە فڕۆکە بۆمبابارن بکرێ ( ١٦ی ئاب، ٢٥ی دیسامبەر ١٩٢٣، ٢٥ی ئایاری ١٩٢٤) و لەم هێرشانەدا بارەگای سەرکردایەتی شێخ تێکدران و خۆشی بۆ سنووری ئێران ڕاونرا. لە سۆنگەی ئەم هەموو ڕووداوانە ژمارەی دانیشتوانی شارنشینی سلێمانی لە تەمووزی ١٩٢٤ گەیشتە ٧٠٠ کەس بەڵام جارێکی دیکە لە مانگی نۆڤەمبەر گەیشتەوە بیست هەزار کەس. لیوای سلێمانی، چەمچەماڵ، قەڵادزێ (پژدەر) و شارباژێر، دواتر جارێکی دیکە دابەشکران بۆ ١٧ ناحیە و کۆی دانیشتوانەکەشی ساڵی ١٩٢٤، ١٨٩٠٠٠ کورد، ١٥٥٠ جوولەکە و ٧٥ عەرەب بووە.





**بیبلیۆگرافیا**

Voir les articles SAWDI-BULĀK, SENNE, SHAHRIZŪR. Pour l’époque ancienne Billerbeck, *Das Sandschak Suleimania* (leipzig 1898) ; Streck, *Armenien, Kuurdistan und West-persien, Z A*, surtout XV 1900, p. 257, 268, 275 ; E. Forrer, *Die Provinzeinteilung des assyrischen Reiches* (Leipzig 1920), p. 43, 88 ; C. J. Edmonds, *Two ancient monuments in Southern Kurdistan*, Geog. Journ. Janvier 1925 ; en vérité le monument de Darband-i Gawr ne doit pas être différent de celui qu’avait décrit Jacquerez dans V. Scheil, *Une saison de fouilles à Sipar janvier-avril 1894* (Derbend Giaour). L’itinéraire de Tavernier en 1644 n’est pas clair, *Voyage* (Paris 1692), I, 197 et suiv. W. Heude *Voyage up the Persian Gulf* (Londres 1819), p. 193 et suiv. (trad française, Paris 1820, p. 269-97) : Ibrāhīm-Khānči-Dolān-Sulaimāniya- Suza ( ?)- Koi-sandjak ; Ker Porter, Travels in *Georgia* etc. (Londres 1822, II, 453 et suiv. ; Rich, Narrative of a Residance in Koordistan (Londres



www.rabari.org

1836), I, 51- 184, 260- 327, II, passim (ouvrage fondamental) ; Shiel, *Notes on a journey through Kurdistan*, *J* R G S, VIII, 1836, p. 101 ; W. Ainsworth, *Researches in Assyria*, Londres 1838, p. 27 et passim; Ritter, Erdkunde, IX, Berlin 1840, p. 447-59, 565-639; Khurshīd- effendi, *Siyahet-name-I hudūd* (trad. Russe 1877, p. 205-32); Lycklama a Nijeholt, *Voyage en Russie* etc. (Paris Amsterdam 1875), IV, 75-84; V. Cuinet, *La Turquie d'Asie* (Paris 1891), II, 868-73 ; Korab-Brzozowski, *Itinéraire de Souleimanieh en 1869, Bull. soc.géogr. de Paris*, 1892, p.250-64 ; Dickson, *Journeys in Kurdisatan, Geogr. Journ*., avril 1910, p. 376 ; A. Adamow, *Irak Arabski* (St. Pétersbourg 1912), p. 387 et suiv. ; Soane, *To Mesopotamia and Kurdistan in disguise*, Londres 1926, p. 163-209 ; Société des nations, *Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak*, C. 400. M. 147. 1925. VII ; *Report on Iraq administration*, oct. 1920-mars 1922 ; do., avril 1922 - mars 1923 ; do., avril 1923 – décembre 1924 (publications officielles).





*Cartographie*: Haussknecht-Kiepert, Herzfeld (v. le mot SHAHRIZŪR°. Brzozowski, Société des Nations, C. 400. M. 147. 1925. VII.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سنه

سنه Senna: به شێوەی سینه Sinna یا وەکوو سەنەندەج Sinandidj ( دژ= دج "قەڵا" ی بەهێز). هەرچی شێوە نووسینی سیهنه Sihna یه هەڵەیه و لەگەڵ سەحنه Sahna تێکەڵاو دەبێت.

١– مەڵبەندی قەزای هەرێمی کوردستانی ئێرانه، کۆنه نیشتەنی والیەکانی ئەردەڵانه. بۆ سەردەمانی پێش دروستبوونی ئەم شاره بڕوانه وشەی سیسار Sisar.

شەرەفنامه (I, 88 ) لەبارەی ڕووداوەکانی ساڵی ٩٨٨ (١٥١٨) باسی هەرێمێکی تەیموورخانی ئەردەڵان دەکات که بریتییه له: حەسەن ئاوا، سنه هتد. بەڵام مێژوونووسی سنه دروستکردنی شاره نوێیکه دەداته پاڵ سولێمان خان Sulaiman-khan که لەسەر کەلاوەی شارێکی دیکەدا دروستیکردووە. بەگوێرەی ڕیچ ( I, 208 ) سنەی کۆن (؟) لەسەر





گردۆڵکەیەکی پان له خواروی شاره نوێیەکەدا دروستکراوە، هەرچی تاریخی *tarikh* فارسییه دروستکردنی ئەم شارەی ئێسته به (غمها) *ghamha* نووسیووە، که دەکاته ١٠٤٦ (١٦٣٦) ی زایینی. شارەکه کەوتۆته کەناری چەپی ڕووباری قشلاق Kishlak و چیای ئاویەر Awidar که شاری سنه له حەسەن ئاوای کۆنه مەڵبەندی قەزا جیادەکاتەوە. قەڵای والییەکان کەوتۆته سەر گردێك که بەرزاییەکەی ٢٠ مەتر دەبێ و کەوتۆته ناوەڕاستی شارەکەوە. نەخش و نیگاره هەوەڵییەکان مێژووەکەی دەگێڕنەوە بۆ والی خەسرەو خانی یەکەم و ئەمانوڵلای یەکەم. مالکۆم، ڕیچ و چریکۆۋ وەسپی قەڵاکەیان کردووە. تەلاری ئەمانوڵلاخان که به مەرمەرێکی شەفاف داپۆشراوە لەگەڵ ژمارەیەك وێنەی کەسایەتی و نەخش و نیگار ( که دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٣٣) و جاران گەلەرییەکی وێنەکاری تێدابووە که وێنەی پاشا سەرەکیەکانی جیهانیی لێبووە ( ناپۆلیۆن، ئەلیکساندەری یەکەم)، وێنەی جەنگه سەرکەوتووەکان هتد. بەشێکی دیکەی که ساڵی ١٩١٨ هێشتا مابۆوە یانزە وێنەی والییەکان و وەزیرەکانی تێدابوو. پانۆرامایەکی جوانی تەلارەکه کە ئەمڕۆ وێران بووە دەیڕوانیه سەر ئەو چیایەی که دۆڵی قشلاق Kishlak ( زستانه هەوار) و پێدەشتی لەیلاق (یەیلاق) *yaylak* (هاوینەهەوار) لەیەك جیادەکاتەوە.

ژمارەی دانیشتوانی سنه ساڵی ١٨٢٠ ( لای ڕیچ ) له نێوان ٤٠٠٠ تا ٥٠٠٠ خێزان بووە که ٢٠٠٠ جوولەکه و ٥٠ مەسیحی کلدانی لێبووە. چریکۆۋ ساڵی ١٨٥١ ژمارەی شارەکه به ١٠٠٠٠ ماڵ دادەنێ. له سەرژمێری ساڵی ١٢١٥ (١٨٧٨) ژمارەی دانیشتوان به ٥٤٨٤ ماڵ و ٢٤٧٤٤ کەس دادەنێ. ساڵی ١٩١٨ ژمارەی دانیشتوانی شار نزیکەی



www.rabari.org

٣٠٠٠٠ کەس بووە لەگەڵ ٥٠٠ جوولەکە و ٦٠ ماڵە مەسیحی: کاتۆلیکە کلدانییەکان و ئەرمەنەکان. کۆنسلخانەی گشتی تورکی لە سنەدا هەیە.، سنە یەکێك لە ناوەندە چالاکەکانی بازرگانییە، دەرچووی سنە بریتییە لە مازوو، کەتیرە، کەوڵە ڕێوی، کەوڵە دەڵەك و کەوڵە گورگ و هەروەها مەڕ و ماڵات و مافووری نەخشەسازی تایبەتی.

٢- هەرێمی سنە ( کوردستانی ئێران بە مانا وردەکەی) لە باکوور هاوسێی ئازەربایجانی خواروو و لە باکووری ڕۆژهەڵات سایین قەڵا و لە ڕۆژهەڵاتەوە بیجار ( گەڕووس) و لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە هەمەدان و لە باشووریشەوە بە ویلایەتی کرماشان و بە تایبەت ناوچەکانی سونقور، دینەوەر و باڵابەند و ماهیدەشت و زەهاو دەورە دراوە. " کوردستانی سنە" لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بە ناوچە کۆنەکانی تورکیا: شەهرەزوور ( هەڵەبجە، خورماڵ و گوڵعەنبەر) و پێنجوین و شلێر دەورە دراوە. لەم چوارچێوەیەدا، ڕووبەری سنە جگە لە سەقز و بانە کە ئێستە سەر بە ئازەربایجانن، نزیکەی ٢٠٠×٢٠٠ کیلۆمەترە. بەدەر لە ڕێگە سەرەکیەکانی نەبێ هەرێمەکە زۆر کەم ناسراوە. لە باکووری-ڕۆژهەڵات و لە باشووری ڕۆژهەڵات بانێکی ڕووتی لێیە، ناوەڕاستەکەی کۆمەڵێك دۆڵی بەرتەسکی لێیە بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵدەکشێن و چەندین دارستانی (داربەڕوو، دارگوێز، دارە ڕەش و ناڕەوەن) ی لێیە.

زنجیرە چیای سەرەکی بریتییە لە زنجیرە بەرزاییەکانی چل چەشمە Cihl-cashma ( نزیکەی ٣٣٥٠ مەترە)، کە لە وڵاتی ئێران لەو پەڕەکەی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی شلێر و تەواو بەناو خاکی ئێراندا شۆڕدەبێتەوە. بەرەو باشوور، چل چەشمە پشتێنەیەکی چیایی گرینگ پێکدەهێنێ کە بەربەستی گاڕان لەسەر ڕێگەی سنە مەریوان دروستدەکات و هەروەها





درێژبووەی چل چەشمە بەرەو ڕۆژهەڵات بریتییە لە سنووری باشووری حەوزی چەغەتوو کە لە باکوورەوە بەرەو گۆڵی ورمێ هەڵدەکشێ. لە باکووری ڕۆژهەڵاتی چل چەشمەشەوە هەرێمی سنووریی حەوت داش بە شارۆچکەی سەقز و لکی گەورەی ڕووباری چەغەتووی پێدا دەڕوات. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی چل چەشمە کانیاوەکانی خوڕخوڕەیە کە یەکێك لە لکە گرینگەکانی ڕووباری چەغەتوو و لەسەر کەناری چەپیشییەوە کەمێك خوارتر لە پێچکردنەوەی ڕووباری تیلەکۆ دەڕژێتە ناو چەغەتوو، چیای تەندروت (؟) لەو لکەی کە ناوی ساروخ Sarukh ە جیادەکاتەوە.

لەم زەریاچەیەدا، سێ ناوچەی جۆراوجۆر لە سنە دەبنەوە:

١. خوڕخوڕە Khorkhora ژمارەی دانیشتوانی ٨٠٠٠ کەس و ٥٠ ئاوایی لێیە کە سەرەکییەکانی ئەمانەن: بەست، مزگەوتێکی لێیە ساڵی ٩٢٩ ی کۆچی (١٥٢٣ ی زایینی) دروستکراوە و مەولاناوا.، ٢. تیلەکۆ ( بە ناوچەی کۆچیان-ەوە): ٤٢٤٠ کەس و ٢٤ ئاوایی لێیە گرینگترینیان باشماخە.،٣. کەرەفتوو لەسەر کەناری چەپی شاروخ، ٤٦٠٠ کەس و ١٥ ئاوایی دەگرێتەوە. ئەفشارەکانی سایین قەڵا هەڵدەکوتنە سەر کەرەفتوو.

لە باشووری خوڕخوڕە و تیلەکۆ، چۆمە باکوورییەکانی قزل ئۆزوون هەڵدەقووڵێ ( ناوەکەی بە کوردی "قزل وازان"ە) کە دەڕژێتە زەریای خەزەر. ئەو بانانەی کە ئەم سەرچاوانەی لێهەڵدەقوڵێ ماوەی چوار مانگ بەفر دایاندەپۆشێ، بەڵام لە هاویناندا لەوەڕگایەکی زۆر چاکیان هەیە. هەر سێ هەرێمەکە بەسەر یەکەوە یەك ئیدارەیان هەیە و ٨٢ گوند بەخۆوە دەگرن کە کەوتوونەتە: ٤. کەرەتوارە لە باکووری ئاوایی بەربار.، ٥. هەوەتوو لە باشووری ئاوایی ( کیلەکۆ، دیواندەرە) و ٦. سارال لە ڕۆژهەڵاتی هەوەتوو

لقی باشووری ڕووباری قزل ئۆزوون و سەرچاوەکانی ئەوانیش لە خاکی سنەوە هەڵدەقوڵێن، بەڵام ئەو بەشەی کە کەوتۆتە نێوان دوو لقی باکوور و باشووری زەریاچەی ڕووباری قشلاق بە خۆوە دەگرێ کە ئاوەکەی بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵدەکشێ.

زەریاچەی کانیاوە باشوورییەکانی ڕووباری قزل ئۆزوون کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەڵاتی سنە لەسەر ڕێگەی سنە–هەمەدان. پێدەشتێکی پان و بەرینە و بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات چەماوەتەوە و ژمارەیەك ڕووباری دەڕژێتە ناو و بەرزییەکەی لە نێوان ٦٢٠٠ تا ٦٦٠٠ پێیە. ڕاڕەوی کرگاباد–سەڵواتائاباد ( بەرزییەکەی ٨٣٠٠ پێیە) و لە سنە (٥٧٨٨ پێ) ی جیادەکاتەوە.، لە باشووری ڕاڕەوی میلی–محەمەد Meli-Mhammad لە پێدەشتی هەمەدانی جیادەکاتەوە.، لە ڕۆژئاوا بە زنجیرە چیای نزمی پەنجەی عەلی *pandja-i 'Ali* کە ناوچەی سونقور کەوتۆتە پشتییەوە، ئەم زنجیرە چیایە ( پێنج پەنجەی عەلی) ئەو کوهی پینج انگوشت یە کە لە نزهە القلوب چاپی Le Strange, p. 209 . لە باکووری ڕۆژهەڵاتی چیای تاڵوانتو سنووری بیجار پێکدەهێنێ. سەرچاوەی سەرەکی لقی باشووریی قزل ئۆزوون ناوی تالوار ( تاروال) یا ئەرزەندە، ئەو لقەیەی کە لە باشور دێت پێی دەڵێن هەجیجە hadjidja ( Adji-cai ئاوی تاڵ). تالوار ناوچەی ٧. ئێلاق ( بە کوردی لەیلاق) ئاو دەدات کە بە گوێزی تەڕ بەناوبانگە و ٨٠ ئاوایی لێیە و ژمارەیان ١٢٠٠٠ دانیشتوانن. خەجیجە هەرێمی ٨. ئەسفەندئاباد (ئیسپەند " چڕنووکی ورچ " ) : ٩٤ ئاوایی و ١٤٠٠٠ کەسن، کۆنە مەڵبەندی قەزای ئیسفەندئاباد کەسلانە: مەڵبەندی ئێستەی کۆراوەیە. خانیکۆڤ لەم دەڤەرەدا زیارەتی گلکۆی بابە گوڕگوڕی کردووە کە لە نزیکییەوە کانیاوێکی کانزایی و شوورەیەکی مەرمەری





شەفاف (بلغمی) لێیە. ئەم پیاو چاکە ( جمال الدین) هەمان ناوی خوازراوەی بابا گوڕگوڕی بەناوبانگی کەرکووکی هەیە ( بە تورکی: گوڕ گوڕ واتە بەتاو هەڵدەقوولێ)، لە مبارەیەوە بڕوانە W. Schweer, *die türkisch-persichen Erdolvorkemmen* (Hamburg 1919), p. 10.

هەرچی بەشی مەڵبەندی هەرێمەکەیە زەوی زارەکەی زۆر بەرز و نزمە و یەك بەرزایی وەك یەکی لێنییە، کە ئەمە کەمترین بەشی ناسراوی هەرێمەکەیە کە لە ڕۆژئاوا ئەو چیایەی کە سنووری ئێران پێکدەهێنێ (زنجیرە چیای هەورامان) سنووردارە و هەموو جۆبارەکانی ئەم ناوچەیە دەڕژێنە ناو ڕووباری سیروان کە لە ڕۆژئاواوە ئەو ڕێگە مەزنە دەبڕێ کە چیای هەورامان لە چیای شاهۆ جیادەکاتەوە. وێرای ئەوەی کە هوسنێخت Haussknecht باسی ئاوایی سیروان دەکات نزیك بەیەکگەیشتنی ڕووباری قشلاق و گاوارۆ، بەڵام ڕووباری مەزنی سیروان تەنها لە خوارووی دۆڵی هەورامان نەبێت ئەم ناوە بەخۆیەوە هەڵناگرێ،

ڕووباری سیروان لە دوو لکی گەورە پێکدێت کە یەکێکیان لە ڕۆژهەڵات و ئەوی دیکەشیان لە باکوورەوە دێت. لقە ڕۆژهەڵاتییەکەی ناوی گاوارۆ (گابرود) ە و لە نزیك ڕاڕەوی ئەسەدئاباد هەڵدەقوڵێ. سەرەتا زەوییەکانی سونقور دەبڕێ و پاشان ناوچەکانی سنە لە خوارووی شار ئاودەدات. لە لای ڕاستەوە (گاوەڕۆ) گاوارۆ لقی گرینگی ڕووباری قشلاق بەخۆوە دەگرێ و قشلاق لە دووڕیانی نێوان هەردوو لقی قزل ئۆزوون سەرچاوە دەگرێ. هەرچی لە کەناری چەپیەتی دەڕژێتە ناو ئەو لقانەی سەر بە ڕاڕەوی مرواری و ڕاڕەوی پلنگانە (؟) و هتد. لە نەخشەکاندا ئاماژە بە ئاوەڕۆی گاوارۆی خواروو کراوە بەوەی لە شوێنە ناکۆك لەسەر بووەکان بووە.

لەم نزمایییەدا ئەم ناوچانەی خوارەوە هەن: ٩. حوسێن ئاباد، لەسەر ڕووباری قشلاق لەسەر سنە و ٣٤ ئاوایی لێیە و ٥٠٠٠ کەسن.، ١٠. حەسەن ئاباد، ٣٢ ئاوایی لێیە و ٥٥٠٠ کەسە و تەواو هاوسنووری سنەیە. ناوی گوندەکە لە ناوی مەڵبەندی قەزای کۆنی حەسەن ئاباد وەرگیراوە کە قەڵایەکی سەخت بووە لەسەر بەرزییەکی ١٠ کیلۆمەتر لە باشوری ڕۆژئاوای سنەوە.، ١١. ژاوەڕوود، کە ٥٨ گوندی لێیە و گومان لەودا نییە کە لە نزیك سەرچاوەی ڕووباری قشلاق و گاوارۆ بووە، هەرێمی سورسور لەگەڵ ئاوایی فەقێ سولێمان (لەسەر ڕێگەی کرماشان) واپێدەچێ سەر بە هەمان ناوچە بووبن. زۆر خوارتر هەرێمی پلنگانە کە پێکەوە لەگەڵ ١٣. ئەمیر ئاباد و بێڵەوار، ٣٥ ئاوایی و ٣٠٠٠ کەسن. لە پلنگان قەڵایەکی کۆنی بەهێزی کەلاوەی لێیە کە هۆزێکی سەربەخۆی لە هۆزی کەڵهور تێدا ژیاوە و ناوی سەرۆکەکانیان لە شەرەفنامەدا هاتووە ( بەرگی یەکەم، لا: ٣١٧–٣١٨). نەخشەی نوێی ئینگلیزی شوێنی پلنگانی لەسەر ڕووباری گاوارۆ لە سەر ڕێژگەی ئەو ڕووبارە داناوە کە لە هەردوو ئاوایی شاهین و لهۆن (لۆن) لە لێژاییە باشوورییەکانی چیای شاهۆوە دێن. لقی باشووریی ڕووباری سیروان لە کۆمەڵە جۆبارێك پێك دێ کە لەسەر شێوەی پانکەیە. هێشتا تۆپۆگرافی بڕێك لەمانە جێگەی مشتومڕە. ئەم جۆبارانە یەکدەگرنەوە و لە نزیك ئاوایی عەباس ئاباد لە هەورامانی تەخت دەرژێنە ناو ڕووباری گاوارۆ. لە حەوزی باشووری ڕووباری سیروان چوار ناوچەی لێیە: ١٤. کەلاتێ ئەرزان کە ٦٤ ئاوایی هەیە و ١٠٠٠ کەسی تێدا دەژی و تەواو کەوتۆتە ڕۆژئاوای سنە. ١٥. کورەوز، ٢٠ ئاوایی لێیە و ٢٥٠٠٠ کەسی تێدا دەژی و دەتوانین شوێنەکەی لەسەر ڕێگەی سنە–گاران دابنێین و لیکلاما وەسپی دیمەنە سروشتییەکانی ئەم ناوچە لێرەوارە دەکات. ١٦.





مەریوان ( ناوەکەی پێشتر میهرەبان بووە). ناوچەیەکی گرینگە و ٢٠٠ ئاوایی و ٢٦٠٠٠ کەسی تێدا دەژی، لە ڕۆژئاوای ڕاڕەوی گارانەوە تا سنووری ڕۆژئاوای ئێران درێژدەبێتەوە. ڕێگەی گەورەی سنە–گاران–پێنجوین–سلێمانی پێدا تێپەر دەبێ. زەریاچەی زرێبار کەوتۆتە ناوەڕاستییەوە: ئەم لێژبوونەوەیە پاشماوەی ئەو زنجیرە چیایە نزمەی سنوور دەپچڕێنێ کە هەمیشە گرینگیەکی ستراتیژی مەزنی هەبووە. ١٧. هەورەمانی تەخت ( پێدەشتی هەورامان) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەو زنجیرە چیایەی کە بە هەمان ناو ناسراوە و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە باشووری مەریوان. لقی باشووری ڕووباری سیروان ئەم ناوچەیە لە باکوورەوە بۆ باشوور دەبڕێ. هەورامانی تەخت ناوچەیەکی زۆر ڕژد و سەختە و لە لایەن سوڵتانە *sultans* پشتاوپشتەکانی حوکمرانی کراوە. مەڵبەندی قەزاکە (ڕازاوە) یە و ناوچەکە ٣٣ ئاوایی دەگرێتەوە کە ٤٠٠٠ کەسن. خەڵکی هەورامان لە کۆنەوە پارێزگاریان لە جل و بەرگی تایبەتی خۆیان کردووە ( ڕیچ، هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، لا: ٢٦٢) و هەتا ئێستەش هەر بە دیالێکتی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن، تا دوا ڕادە ئازان بەڵام میواندۆست نین. ١٨ هەورامانی لهۆن، دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای هەورامانی تەخت. خەڵکی ناوچەکە دەڵێن لهۆن بە واتەی بەردین دێ ( " بەرد" Cf. Vullers, II, 1108, *lahana*). ناوچەکە 22 ئاوایی بچکۆڵەی لێیە کە لە قەد پاڵی چیایەکانی باکووردا ونبوون، ناوچەکە ڕووی ڕۆژئاوای زنجیرەیەك چیا پێکدەهێنێ و سنوورەکەی لەگەڵ تورکیا لەوپەری ئاڵۆزی دایە. هەورامانی لهۆن ئەوانیش سوڵتانەکانی خۆیان حوکمڕانیان دەکەن و پێوەندی خزمایەتییان لەگەڵ سوڵتانەکانی هەورامانی تەخت هەیە و لە نەوسوود دادەنیشن.

ئەو پەیماننامە تورکی–ئێرانییەی کە ساڵی ١٠٤٩ ی کۆچی (١٦٣٩ی ز) مۆرکرا مافی ئێرانی لە هەورامان و مەریوان پاراست بەڵام سەروەری ئێران لەو ناوچانەدا هەر تەنیا بە قسە بووە.

لە باشووری سیروان، زنجیرە چیای شاهۆ (=شاه کوه)، بە ئاڕاستەی ئاسایی چیایەکانی ئێران لە باکووری ڕۆژئاوا وە بۆ باشووری ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە و لەوێشەوە لقە چەپەکانی ڕووباری سیروان: داریان و سەرابی هوڵی پاوە، لەیلا و سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکانی زمکان ئاو دەدەن. هەرێمێکی گرینگ لە باکوور و لە ڕۆژئاوای شاهۆ ( لە نێوان سیروان و هەرێمی زەهاو) پێی دەڵێن ١٩. جوانڕۆ کە ١٠٠ ئاوایی لێیە و ژمارەی خەڵکەکەی ١٥٠٠٠ کەسە، لقێکی نزیکی بنەماڵەی ئەردەڵان حوکمڕانی دەکەن و جوانڕۆ مەڵبەندی سەرەکی هۆزی گەورەی جافە، دەشێ ناوەکەی بەوە لێکبدرێتەوە کە جافان رود (واتە ڕووباری جاف) بێ. ناوچەی بچوکی پاوەی سەر بە جوانڕۆ کەوتۆتە بەرامبەر هەورامانی لهۆن و شەرەفنامە ( بەرگی دووەم، لا: ٣١٩) "پاوە" لە ناو موڵکی کەڵهور–دەرەتەنگ دادەنێ و گێڕانەوە ناوەخۆییەکان دروستکردنی پاوە بۆ باو و باپیرە گەورەی باوەندی دەگێڕنەوە ( I, 701b ) و دەڵێن عەرەبەکان لە ژێر فەرماندەیی عەبدوڵڵا بن عومەر لە ڕێگەی پاوە چوونەتە ناو کوردستان کە لەو سەردەمانە خەڵکەکەی ئاگریان پەرستووە.

لە باشوورەوە لە دەرەوەی سیستمی ئاودێری سیروان، دوو هەرێم لە سنە دەبنەوە: ٢٠. ڕەوانسەر و ٢١. بێڵەوار، کە هەردووکیان دەکەونە سەر سەرچاوەکانی باکووری ڕوباری قەرەسوو. ڕەوانسەر لەسەر لێژاییەکانی باشوور لە لای شاهۆوە بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی جوانڕۆ درێژدەبێتەوە و حاکمەکانی لە خزمانی حاکمەکانی جوانڕۆ و ناوچەی شادی ئاباد (بە





کوردی شالیاوە) لەسەر ڕێگەی کرماشان لە لایەن ڕەوانسەر حوکمڕانی دەکرێ. بێڵەوار دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاستەوخۆی سنە–کرماشان لە باشووری ڕاڕەوی مرواری. ئاوەکانی دەرژێنە ناو ڕووباری ڕازئاوەر کە سەر بە کرماشانە. ئاوایی سەرەکی کام یارانە.

ئەمانە چوار سیستمی ئاودێری هەرێمی سنە بوون: زەریاچەی ورمێ، زەریای خەزەر، ڕوباری دەجلە و ڕوباری کەرخە.

دانیشتوان. ژمارەی تەواوی دانیشتوانە نیشتەجێیەکانی ویلایەت بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٢٩٨ (١٨٨١ز) نزیکەی ١٥٠٠٠٠ کەس بووە کە هەزار کەسیان لە ئاواییەکان دا نیشتەجێبوون. بێجگە لە ئەسفەندئاباد کە توخمی فارس و تورك و هۆزەکانی هەورامانی تێدایە کە سەر بە وەچەیەکی ئێرانی تایبەتن، هەموو دانیشتوانەکەی کوردن.

هۆزە کۆچەرەکانی سنە بەگوێرەی پەرەئەستاندنی گشتی بەرەو ژیانی جێگیر یان نیشتەجێ دەچن: زستانان لە ئاواییەکانیان دەمێننەوە و لە هاوینانیش لە دوای وەرزی دروێنە (نیسان–ئایار) وە بەسەر بەرزاییەکانی چیا هاوسێیەکانیان دەکەون، بەمشێوەیە وا پێدەچێ کە هۆزی کۆماسی بە تەواوی لە کورەوز نیشتەجێ بن.

هۆزی جاف لە گرینگترین هۆزەکانی کوردستانی سنەیە. نزیکەی ٤٠٠٠ خێزانی جاف لە جوانڕۆ هەن کە سەرجەمی دانیشتوانەکەی بەلای کەمییەوە ٢٠٠٠٠ کەس دەبن ( لقەکانی قوبادی، ئێتاخی، کلاشی، ئومێدبەگی هتد). لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەشێکی هۆزی جاف بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کرد و بەرە بەرە کەناری چەپی دیالە، شارەزوور و پێنجوێن یان داگیرکرد. دەوروبەری ساڵی ١٩١٤ ئەم جافە تورکانە*

* مەبەستی لە هۆزی جافی کوردی بندەستی تورکیایە، وەرگێر.

١٠٠٠٠خێزان بوون و لەم ژمارەیە ٢٠٠٠ یان نیشتەجیٚ و ٨٠٠٠ یشیان کۆچەر بوون و هەموو ساڵێك دەچوونەوە هەوارەکانی ئێران. ڕێگەکەیان بە دەوربەری شلێردا دەڕویشت و لەوێشەوە دەچوونە چیایەکانی چل چەشمە بۆ ئەوەی مانگەکانی ئایار و ئۆکتۆبەر لەوێدا بەسەر ببەن. کۆچکردنێکی دیکەی جوانڕۆ دەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ بوو وەختایەك نزیکەی ١٥٠ خێزانی جاف لەژێر پاریزگاری گۆرانەکان لە زەهاودا جێگیر بوون.

هۆزە گرینگەکانی دیکەی سنە بریتین لە مەندوومی* Mandumi لە حوسێن ئاباد و هاوسێکانیان گەڵباغی لە هەوەتوو، سارالْ و قەرەتوورە. هۆزەکانی مەندوومی ساڵی (١٢٨٦) ٢٠٠٠ خێزان بوون و ژمارەی خێزانە گەڵباغییەکان نزیکەی ٣٠٠٠ خێزان بوون. ئەم دوو هۆزە زۆر ئاژاوەچی بوون و حکومەتی ناوەندی بۆ سزادانیان زۆربەی جار لەشکرکێشی دەکردە سەریان. هۆزە کەمتر گرینگەکان بریتین لە شێخ ئیسماعیلی (١٦٠٠ خێزان)، پرپشا (١٠٠٠ خێزان) لە ئەسفەندئاباد. لە لەیلاخ (هاوینەهەوار) هۆزەکانی تەمەرتووزە (٣٠٠ خێزان) کۆراگا (١٥٠٠ خێزان)، لالا (٦٠٠ خێزان)، مەحموود جوبرایلی (٤٠٠ خێزان) بالەوەند (١٥٠٠ خێزان) و دوراج (١٢٠٠ خێزان). بەشێکی ئەم هۆزانەی دوایی لەسەر قشلاق و گاوارۆ بە کۆچەری دەژین. لە زاوەروود، کەلاتیٚ ئەرزان، کۆیکەکانی لێیە کە (١٠٠٠ خێزان) و بێڵەوار قاشکی ( ١٥٠٠ خێزان) کە هۆزێکی یەکجار ئاژاوەچین. لە باکووری ڕۆژهەلاتی لای کەرەفتوو، بۆرەکە کۆچەرەکان (٤٥٠ خێزان) ی لێیە. بڕێك لە هۆزەکان لە ساتە وەختی لەناوچوون دان: ساکورییەکان (١٣٠٠ خێزان)، گیوەکەشییەکان ( " پینەدوز ")، خەراتەکان

* ئەمانە هەر هەمان هۆزی (مەنمی)ین، وەرگێر.





(تۆرنەچی)، لور و کلاوکەر" کلاو دروستکەرەکان". ئەم سیٚ هۆزەی دوایی کە ناوەکانیان واتەی پیشە دەگەیەنیٚ تەنها چەند گروپێکی کرێکار یان تایەفەی کۆچەری پیشەوەرن کە خزمەتی هۆزە کۆچەرەکان و نیشتەجێیەکان دەکەن.

لە کۆتاییدا دەتوانین تەواو نزیك لە سنە ناوی ئاوایی قشلاق بهێنین کە سوزمانەکانی لێین، پیاوەکانیان موزیقاناس و ژنەکانیشیان سەماکەرن (لیکلاما، ٥٣، ١٧).

ئایین. زۆرترین بەشی خەڵکی کوردستانی سنە لەسەر مەزهەبی سوننەی شافیعین. شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی موریدی زۆر دڵسۆزیان لە ناو کوردەکان هەیە و ناوجەرگەی سەرەکی ئەم شێخانە ئاواییەکانی تەوێلە و بیارەیە کە بریتییە لە ناوچەیەکی دوورەدەست لە ناو هەورامان. لە سنە خۆی لیکلاما (١٧، ٥١) باسی ئەوە دەکات کە شێخێکی بینیووە دادەنیشیٚ برینپێچی بریندارە دەروێشەکانی دەکات کە لە کاتی زیکر کێشاندا خۆیان بریندار دەکەن. شیعەکان تەنها لە ناوچەی ئەسفەند ئابادی غەیرە–کورد دەژین. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە خێزانی والییەکانی ئەردەڵان مەزهەبی شیعەیان وەرگرتووە و کە ئەمە ڕەنگە بۆ ئەوە بیٚ کە باو باپیریان لە ناو گۆرانەکان، ئەهلی هەقەکاندا ماونەتەوە. پەرستگەی گەورەی ئەهلی هەقەکان: پەردێوەر کەوتۆتە سەر کەناری ڕاستی سیروان لە هەورامانی لهۆن (لەو سەر بەرزایی پردی–گۆران). خەڵکی هەجیج ( لە هەمان ناوچەدا) وا بانگاشە دەکەن کە ئەوان وەچەی ئەو حەوت دەروێشەن کە کۆسە Kusa لەگەڵ خۆیدا هێناونی و کۆسە لەم ئاواییەدا نێژراوە. ئەم پیاوچاکە تەنها عوبێدوللای برای هەشتەمی ئیمامی شیعەکانە. بەگوێرەی قسەی خەڵکی هەورامان، خەڵکی هەجیج زۆر درەنگ لەسەر دەستی

گوشیش ناوێك چوونەتە سەر ئیسلام کە ئێستەکەشی لەگەڵدا بێ ئەوانە گلکۆی پیرشهریار پیرۆز دەکەن کە شێخی بەر لە ئیسلامبوونیانە. دەڵێن دەستنووسێك ( بە دیالێکتی ناوەخۆیی) کە برتییە لە ڕێنوێنییەکانیپیر شهریار تا ئێستە لە نەوسوود پارێزراوە.

هەتا جل و بەرگی ئەم داربڕە بێوەیانە چەند شتێك لەبارەی تایبەتمەندێتی ئیتنیکییان بەدەستەوە دەدات. لیکلاما باسی ( کڵاوەکانیان دەکات لەسەر شێوەی قوچەکێکە تەواو لە سەرپۆشی سەری یەکێك لە کەسایەتییە گرینگەکانی سەر نەخش و نیگارەکانی بێستوون) دەچێ.

مەسیحییەکان تەنها (٦٠ خێزان) یان لە شاری سنەدا هەیە کە زۆربەیان ئەو کاتۆلیکە ئارامیانەن (کلدانی) و سەر بە پاتریارشی مووسڵن. مەسیحییەکان کەنیسەیەکیان هەیە کە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٠ لەسەر کەنیسەیەکی کۆنتر دروستکراوە. جوولەکەکان ژمارەیان لە مەسیحییەکان زۆرترە و ٥٠٠ خێزانیان لە سنە و چەند گروپێکی بچووکیش لە ئاوایەکاندا هەن.

زمان. دیالێکتی کوردی–موکری (کورمانجی) لە بانە و سەقز ڕادەوستێ. لە باشووری چەغەتوو، لە هەرێمەکانی خوڕخوڕە، تیلەکۆ دیالێکتی کوردستانی دەست پێدەکات کە تا سنووری باشووری ئەم هەرێمە درێژدەبێتەوە. تایبەتمەندێتییە زمانەوانییەکانی ئەم دیالێکتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. ئاخێوەرانی مەریوان بە هەمان شێوەی ئاخێوەرانی جاف لە کورمانجی نزیکن.

لە هەردوو هەوراماندا بە دیالێکتێکی ئێرانی غەیرە–کوردی قسە دەکەن کە پێی دەڵێن هەورامانی یا لە زمانی ڕەشۆکیدا ماچۆ، واتە ( = "من دەڵێم" بە هەورامی). ئاخێوەرانی بڕێك لە ئاواییەکانی پاوە و هۆزی مەزنی گۆران (لە زەهاو)، ئاوایی کەندولە ( لە نێوان دینەوەر و کرماشان) هتد





سەر بە هەمان دیالێکتن. لە ناو جەرگەی ئەرمەنستان، لە هەرێمی دێرسیم، دیالێکتی زازا نزیکایەتی لەگەڵ هەورامانی هەیە. بەگوێرەی مان ( *Die tajik-Mundarten der Provinz fars*, Berlin 1909, p. XXIII) هەموو ئەم ئاخێوەرانە دەبێ لەگەڵ کاتیگۆری دیالێکتە "ناوەندییەکانی" ئێران (سامنانی، تەهرودی، مەحلاتی هتد) ڕیزبەند بکرێن.

هیچ تێکستێکی ڕەسەنی کوردیی سنەییمان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام دیالێکتی هەورامی–گۆرانی ئەدەبێکی تەواوی لە شیعری داستانی و لیریکی هەیە. والیەکانی ئەردەڵان لە دەرباری خۆیاندا هۆنینەوەی شیعریان بەم دیالێکتە تایبەتییە پەرەپێداوە، دیالێکتێك کە بە بێ گومان ئەو خەڵکەی بەم زارانە قسەیان کردووە تێینەگەیشتوون. سەیرەکەی لەوەدایە " گۆرانی وتن" بە کوردی سنەیی دەگوترێ " گۆرانی چڕین" واتە " خوێندنەوەی شیعری گۆرانی".

کلدان و جوولەکەکانی سنە، جگە لە کوردی بە دیالێکتی ئارامی خۆشیان قسە دەکەن.

مێژوو. لە دەڤەری سنە وەك ئەوەی لە کرماشان یا هەتاوەکو ئەوەی لە کوردستانی موکری بینیمان شوێنەواری لێ نییە.

بۆ دەورانی زۆر کۆن دەتوانین ئیشارە بەو ژوورە لەبەرد داتاشراوە بکەین لە نزیك ڕەوانسەر (Çirikov, 528): کە دەبێ ئەم ژوورە سەر بە هەمان ئەو چەشنە شوێنەوارانە بێ کە سەر بە پەرستگایەکانی ( مێدیەکانە؟) لە سەحنە Sahna ،. دەروازەکەی لەسەر شێوازێکی تەواو چوارگۆشەییە بەڵام بنمیچەکەی گومەزێکی قۆقزە.

لە لای دیکەی ئەوپەڕی دەڤەری سنەدا (لە باکووری ڕۆژهەڵات دا ئەشکەوتی کرفتووی لێیە کە وا دەردەکەوێ (Ker Porter, II, 538-52)

بۆ پەرستنی خوداوەندی میترا بەکارهێنرابیّ. ئەو نەخش و نیگارە یۆنانیانەی کە تێدا دەبینین ئەوە وێردی هەرقلیسە. ئەشکەوتەکان لەو ڕێگەیە ئاسایە دوورن کە خەڵکی پێدا دەچیّ. بەڵام بە بیّ هیچ گومانێك هی ئەو دەمانە بووە کە غەزنە (الشیز لای عەرەب، ئێستە تەختی سولێمان) لە پێشکەوتن دابووە و بووەتە میحرابی ئەم پەرستنە (هەیکەلی ئاوری ئازەر کیش).

ئەوەی پێوەندی بە تۆپۆنۆمی کۆنەوە هەیە، ستریك Streck، بیلێربیك Billerbeck و تۆرۆ دەنگین Thureau-dangin نیشانەکانی سەردەمی ئاشووری دەرهەق بە کوردستان یان کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەوەی جیگەی داخە ئەوەیە کە هیچ سازانێکی ناوە مۆدێرنەکان ئەم گریمانانە دووپات ناکەنەوە.

کۆنتراکتی بەکرێدان کە بە زمانی یۆنانی و پەهلەوی نووسراوە و لە دەوروبەری ساڵی ۱۹۰۹ لە ئەشکەوتێکی چیای کۆسالاّن (هەورامانی تەخت) دۆزراونەتەوە و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین ئیشارە بە چەند ناوێك دەکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە تێیدا دۆزراونەتەوە. (ناوچەکانی: بێسێرا و باسیراۆرا، ئێستگەکانی: بێتاباریا و دێساکدتس و ئاوایی: کۆفانیس یا کۆپانیس). هەرچی ناسینەوە بە توانایەکانی شوێنەواری مێدیەکانە کە F.C. A.Andreas لای بەتلیمۆس (VI, 2) پێشنیاری چەند دەڤەرێکی دەرەوەی سنەی ئێستە دەکات. بۆ دەورانی عەرەب، بڕوانە مادەی سیسار Sisar.

کوردستانی سنە یا ئەردەڵان بە لای کەمییەوە بۆ ماوەی چوار سەدە لە لایەن والییە پشتاو پشتەکان بەڕێوە براوە. مێژووی ئەفسانەیی بنچینەیان دەباتەوە دەورانی ساسانییەکان یان دەورانی یەکەمی





عەباسییەکان. شەرەفنامە هەر بەوەندە دەستبەردار بووە بلیّ کە بابا ئەردەڵان وەچەی مەروانییەکانی دیاربەکرە و لە ناو گۆرانەکان نیشتەجیّ بووە و لە دەور وبەری کۆتایی جەنگیزخانەکان دەبێتە حاکمی شارەزوور. بە قسەی ڕیچ (I, 214) والییەکانی سنە بنچینەیان گۆرانە ( لە تایەفەی مەمۆیی ). مێژووەکەیان لە دەورانی مەئموون بەگی مونزیردا چاکتر ناسراوە کە عەلی ئەکبەری مێژوونووس باسی مێژووی حوکمڕانییەکەی دەکات ۸٦۲–۹۰۰. والییەکان چالاّکانە لەو ململانێیەی کە لە نێوان سەفەوییەکان و سوڵتانی عوسمانی دا بووە بەشدار بوون و تاوێك لەگەڵ ئێرانییەکان و تاوێکیش لەگەڵ تورکەکان بوون. شەرەفنامە لە حکومەتی هەڵۆخان ڕادەوەستیّ (هەڵۆ " باز " بە کوردی) کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی خەنیم ئەمسەر و ئەوسەری کردووە (۹۹٤–۱۰۱٤). مێژوونووسە ناوەخۆییەکان تا ڕۆژی ئەمڕۆ بە شوێن ئەم ترادسیۆنەن.

بنەماڵەی ئەردەڵان جگە لە ماوەیەکی کەم نەبیّ لە تەواوی دەورانی سەفەوییەکان دەسەلاّتیان لە بندەستدا بووە بە جورێك کە هەرچوار ناوچە سنوورییە ڕۆژئاوایەکانی ئێران نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبووە: عەرەبستان (والییە شیعەکانی حەوێزە)، لوڕستان، کوردستان و جۆرجیا. لەکاتی لەشکرکێشی ئەفغانییەکاندا، خانە پاشای بابان (ی سلێمانی) پەلاماری سنەی دا ( لە ساڵی ۱۱۳۲). لەگەڵ بەدەسەلاّت گەیشتنی نادر شا، سوبحان وێردی خانی ئەردەلاّنی (۱۱٦۹–۱۱٤۳ بە دابڕانی چەند ماوەیەك) هێنایەوە سنە. ساڵی ۱۱٦٤ کەریم خانی زەند ناوچەی سنەی وێرانکرد. دوای ماوەیەك لە پشێوی، خوسرەو خانی ئەردەڵان ناسراو بە (خوسرەوی گەورە) لە سنە جێگیر بوو (۱۲۰٤–۱۱٦۸). ئاغا موحەمەد قاجار وەك پاداشت لە بەشداریکردنی لە شەڕەکان ناوچەی سونقور (کولیایی) شی



www.rabari.org

پێبەخشی. کوڕەکەی ئەمانوڵڵای گەورە (١٢١٤-٤٠) دەستێکی زۆری بە شارەکەدا هێنایەوە. مالکۆم و ڕیچ میوانی ئەو بوون. کوڕەکەی خەسرەوخان ناکام (خێر لە خۆ نەدیوو، واتە جوانەمەرگ) شوێنی گرتەوە( ١٢٤٠-٥٠) و بە زەوق و سەلیقەی ئەدەبی ناسراو بوو. لە دەورانی کوڕەکەی، ڕەزا قولی خان ناکۆکی کەوتە ناو بنەماڵەکە و والی لە (١٢٥٠-٦٦) لە تاران زیندانی کرا و تا دوای مەرگی موحەمەد شا لە زیندان ڕای نەکرد. براکەی ئەمانوڵڵای دووەم (١٢٦٥-٨٤) دوایەمین والی پشتاوپشتی کوردستان بوو. ساڵی ١٨٥١ چریکۆڤ گەواهی ئەوە دەدات کە حکومەتی ناوەندی بە بیانووی ناڕەزایی ڕەعیەتەکانی والی، دەستی لە کاروباری هەرێمەکە وەرداوە.

ساڵی ١٢٨٤ (١٨٦٨) لە تارانەوە شازادەی چوست و چالاك فەرهاد میرزا وەکوو حاکمی گشتی دەستنیشانکرا و تا ساڵی ١٢٩١ حوکمڕانی سنەی کرد و ئەمن و ئاسایشی بۆ هەرێمی کۆنی ئەردەڵان گێڕایەوە. وەچەکانی تا ئێستەش هەر لە سنەن، بەڵام بەتەواوی دوورەپەرێزن. بە پێچەوانەوە ئەو کۆنە بنەماڵانەی کە لە دەرباری والییە (کوردەکانی سنە، وەرگێر) بوون ڕۆلێکی گەورە دەگێڕن لە کاروباری ناوەخۆدا





**بیبلیۆگرافیا**

M. Streck, *Das Gebeit d. heutigen Landcshaften A rmenien, Lurdistan und Westpersien, ZA,* XIV, 138-9; Billerbeck, *Das Sandschak Sulieimania* (Leipzig 1898), p.127-133, 158; G. Hüsing, *Der Zagros u. seine Völker* (Leipzig 1908), p.20; Thureau-Dangin, *Une relation de la 8me Campagne de Sargon* (Paris 1912); Ellis H. Minns, *Parchments of the Parthian period from Avroman in Kurdistan dans le journ of Hellenie syudies,* XXXV, 1915; A. Cowley, *Pahlavï Documents from Avroman, J R A S*, Avril 1919; J. M. Unvala, *On the three parchments from Avroman dans le Bulletin of the School of orient. Studies, London Instetution*, 1920, vol. I part IV; F. C. Andreas, les articles: *Alinza* (identifié avec Sakkiz ou Bāna), *Alisdaka* (identifié avec Bīdjār), *Amardos* (=Kizil-uzän) dans Pauly-Wissowa, *Real-Encylop*., 2ème éd.

Pour les géographes arabes voir le mot SĪSAR. Hamd-Allāh Mustawfī, *Nuzhat al-kulü*b (éd. Le Strange), p. 75, 274 ; *Sharaf-nāma*, (éd. Véliaminof-Zernof), I, 82-9, 317-



www.rabari.org

9, 320-2 [le manuscrit du même ouvrage conservé à la Royal Asiatic Society- « le Ms. Malcolm »- contient un appendice sur les wālïs d'Ardilān jusqu'au commencement du XIXe siècle] ; Hädjidjï Khalïfa, *Djihān-numā* (Stambul, 1145), p.388 ; Ali-Akbar Wakāyi-nigār, *Hadīka-i nāsirī* –ouvrage manuscrit composé vers 1310, contient la goégraphie et l'histoire de Senna [résumé par B. Nikitine, R M M, XLIX, 70-140] ; en 1295 (1878), lauteur fut officiellement chargé du recensement de la population de Senna. Il existe d'autres histoires locales, tel un manuscrit en ma possession dont la cpmposition est attribuée à la poétesse Mastūra (Māh-Sharaf-khānum), épouse du wālï Khusraw-khān II. J. M. Kinner, *Ageogr. Memoir of the Pers. Empirs* (Londres 1813), 142-7 ; Ker Porter, *Travels in Georgia Persia, etc*. (Londres 1822), II, 540-55, 563-8 (l'itinéraire du Dr. Cormick: Karaftū-Sinna); Sir J. Malcom, *Sketches of Persia* (Londres 1827), II, 273, *Histoire de la Perse* (trad. Franç., Paris 1821), III, 302 ; J. C. Rich, *Narrative of a residence in koordistan* (Londres 1836), I, 185-247, 281 ; Ritter, *Erdkunde*, IX (1840) 412-59 ; Prince A. Gagarine,





*Persid. Kurdistān*, dans les *Zapiski Kavkaz. Otd. Geogr. Obsč.,* 1852, I, 256-60; N. Khanykov, *Poyĕzdkä v Pers. Kurdistān dans le Vĕstnik Geogr. Obsč.,* 1852, VI, 1-18; Čifikov, *Putevoi journal*, (St. Pétersbourg, 1875), 323-35, 524-7; Lycklama à Nijeholt, *Voyage en Russie etc*., (Paris-Amsterdam 1875), IV, 30-70, route Hamadān-Senna-Khurūsa-Kōmāsī-Marīwān-Pendjwīn; G. Hoffmann, *Auszūge aus den syrischen Akten*, 1880, 265-6; de Morgan, *Miss. scient*., *Etudes géogr*., II, 1895, 47-61; Maximowič-Wasilkowski, Zapandn. Persia (Tiflis 1903), II, 459-644; A. Orlov dans les *Materialy po Vostoku,* (Petrograd 1915) II, 193-215; P. Lerch, *Izs-lĕdovania ob. iran. kurdakh* (St. Pétersbourg, 1856-8), III, p. XXX (bibliographie), II, 134-9 (un fragment du *Gulistän* traduit en kurde de Senna); H. Schindler, *Weitere Beiträge*. *kurde*. *Woreschatze, Z D M G*, XLII (1888), 73-9 (analyse d'un vocabulaire en dialecte de Sinna) ; les textes recueillis à Senna par O. Mann n'ont pas encore vu le jour. Pour les dialectes du groupe *gūrānï* : Rieu, *Catalogue of the Pers. Manuscripts of the British Museum,* 1881, II, 728 (avec une esquisse

grammaticale) ; pour le manuscrit gūrānï de la Bibl. Nationale de Paris voir E. Blochet, *Catalogue des manuscrits persans,* N° 1074 ; j'ai en ma possession plusieurs manuscrits de poème épiques en gūrānï : « Khusraw-wa-Shīrin », « Farhād-wa-Shīrin », « La guerre des sauterelles et des oiseaux *āhir-malūč* » (« pastor roseus ») etc. ; A. Christensen, *Les dialesctes d'Awromān et de Pāwä, Kopenhague,* 1921 ; E. B. Soane, *A short anthology of Gūrān poetry, J R A S,* January 1921.

Cartographie : Khnykov, *Map of Aerbeijan, Zeitschr. Allgem. Geogr*. (Berlin), 14, 1863, Khanykov, *Routes in Persia, Zeitschr. d. Gesell. F. Erdkunde* (Berlin), 7, 1872, 72 (Sakkiz-Senna-Hamadān-Bīdjār); la carte russe de la Perse, 20 verstes pour I pouce (sur son histoire voir Stebnitsky, *Zapiski Imp. Geogr. Obsč*., 1879, VIII, p. 101) ; H. Kiepert, *Vorberichtüber Prof. C. Haussknecht's Orientalische Reisen* (Berlin, D. Reimer, 1882), surtout la carte III; E. Herzfeld*, Pāikūlī, monument and inscription of the early history of the Sassanian empire* (Berlin 1924), carte I : Pendwīn-Rawānsar; la carte anglaise à I:1





000 000 en annexe au report "Question de la frontière entre la Turqie et l'Irak" (Société des Nation C. 400 M. 147, 1925, VII).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ساوج-بولاق

ساوج- بولاق Sâwdj-Bulak : دەربڕینێکی شێواوی فارسیانەی وشەی تورکی سۆوخ بولاق So'uk-bulak ( کانیاوی سارد)ە، شێوەی ساوج Sawdj ( بە سائوج Sâuj بخوێنەوە) پێشتر لە نزهە القلوب (740/1340) ناوی هاتووە. دوو شوێن بەو ناوەوە هەیە:

١- هەرێمێکی بە پیت کە لە تارانەوە دەستپێدەکات و تا ڕۆژئاوای ڕووباری کەرەج، لە ئەملاو ئەولای ڕێگەی تاران-قەزوێن درێژ دەبێتەوە. لە باکوور زنجیرەیەك گردوڵکەی لێیە کە لە تالقانی جیادەکاتەوە. لە لێژاییەکانی باشووری ئەم گردۆلکانە کانەکانی فەشەندی لێیە کە خەلووزی لێوە دەبرێ بۆ پایتەخت. ڕووباری کوردان Kordân لە هەمان بەرزاییەوە هەڵدەقووڵێ و ناوچەکە ئاو دەدات. حمد الله مستەوفی لە باسی گوندەکانی





ئەم ناوچەیە ناوی سونقورئاباد Sunkurâbâd و نەجم ئاباد Nadjmâbâd دەبات کە تا ئەمڕۆش هەر ماون. مەڵبەندی ئەم هەرێمە یەنگی ئیمامە Yangî-Imam ( گردێکی دەستکردە گلکۆیەکی لەسەر) ی لێیە. لەوپەرەکەی باشووری-ڕۆژئاوای ئەم هەرێمە شارۆچکەی ئەشتهاردی لێیە کە خەڵکەکەی بە دیالێکتێکی ئێرانی بە تاتی Tati قسە دەکەن و لە ئاواییەکانی دیکەش ( بە ئاڕاستەی قەزوێن) کە بە هەمان دیالێکت قسەدەکەن بریتین لە: سەقزی ئاباد، شادومان، ئەسپیاورین، چال، سیاهدەهان. زۆرینەی خەڵکی ئیشتاهارد بریتیین لە بەهاییەکان ( بڕوانە نەخشەکەی A.F, Stahl, *Peterm. Mitt., fasc .suppl.*, n°, 118, 1896, Planche I et sa carte *Umgegend* v. Teheran, Gotha .(1892.

٢- بەشی باشووری هەرێمی ئازەربایجان کە مەڵبەندی قەزاکەی شاری ساوج-بولاقە Sawdj-bulak ( بە کوردی سابلاغ Sablâgh ). حاکمەکانی ساوج- بولاق لە تەورێزەوە دیاری دەکران بەڵام لە ڕووی ئیتنۆگرافییەوە ساوج -بولاق بەشێکە لە کوردستانی ئێران کە لە سێ بەش پێك دێت: لە باکوورەوە کوردستانی موکری کە هەمان حکومەتی ساوج- بولاق بەڕێوەی دەبات.، زێتر بەرەو باشوور کوردستانی سنەیە و لە باشووریشەوە کوردستانی کرماشان.

حکومەتی ساوج- بولاق لە باکوور بە گۆلی ورمێ، لە باکووری ڕۆژئاواش هەرێمی سوڵدووز و شنۆ کە ڕووباری گادەر-چای بە سۆڵدووز دا دەڕوا.، لە ڕۆژئاواشەوە بە بەرزاییەکانی قەندیل کە سنووری تورکی-ئێرانی پێك دەهێنن و لە باشووریشەوە زنجیرە چیای سوورکێو کە بانە لە هەرێمی شلێر جیادەکاتەوە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە هێلی ئاو دابەشکەری نێوان تەتەهوو و چەغەتوو ( تەنها هەرێمی سەقزە کە دەڕوانێتە زەوی زارەکانی



www.rabari.org

دەوروبەری ڕوباری چەغەتوو).، لە باکووری–ڕۆژهەڵات ڕووباری ئاوەڕۆی تەتەهوو لەسەر کەناری ڕاستی ناوچەی دابڕاوی میاندواو (واتە نێوان دوو ئاو). تەتەهوو لە هەمان کاتدا سنووری نێوان تورکەکانی هەرێمی میاندواو و کوردەکانی موکری ساوج–بولاق لەیەك جیادەکاتەوە.

ڕووبەری ساوج–بولاق کە شێوەیەکی درێژبووەی (١٠٠ کیلۆمەتر × ١٣٠) ی هەیە بە نزیکەیی بە ١٢٥٠٠–١٣٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە خەملێنراوە.

**سروشتی ڕووبارەکانی:** وڵاتی موکری کەوتۆتە سەر دوو دەریاچەی ئاوەوە: یەکێکیان گۆڵی ورمێ و ئەوی دیکەشیان زێی بچووکە (لقێك لە ڕووباری دەجڵە). سێ ڕووباری لە یەك جیا سەر بە ئاوەڕۆی یەکەمن: ١– چەغەتوو کە لە چیایەکانی چەشمە و لەوپەڕەکەی بەشی دوورە دەستی ناوچەی شلێری تورکیاوە دێت و بە قووڵییەوە لە نێوان بانە و مەریوان لە باشوورەوە دەڕژێتە ناو خاکی ئێران.، ٢– تەتەهوو ( تغتو لای مستەوفی) لەوپەڕەکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی کورتەك هەڵدەقووڵێ.، ٣– ساوج –بولاق کە لە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی ئاوەڕۆی مەیدان لە نێوان پەسوێ و شاری ساوج– بولاق هەڵدەقووڵێ. سیستمی ئاوەڕۆی زێی بچووك (الزاب الاسفل) سەر بە دەریاچەی خەلیجی فارسییە. سەرووی ئاوەڕۆکەی لە بانە بەرزەکانی لاجانی موکری، لقی باکووری ڕۆژئاوای (لاوێن) پێك دەهێنێ کە ڕاستەوخۆ لە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی قەندیل لە باشووری ڕاڕەوی کێلەشین دەردەچێ، لقی باکووری (بەردی مێشە) لە "جەڵدیان"ەوە لە ڕێگەی شنۆ دەردەچێت و هەرچی لقی باکووری ڕۆژهەڵاتییە (ئاوەژوروو) بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوای ڕاڕەوی مەیدانەوە دێت. زێی بچووك بەرەو خواروو دەڕوا و ناوی (زێ) یا (کەڵوێ) وەردەگرێ، لەکاتێکدا ئاوی تیژڕۆی بادیناوی، ئاوا





پردانان، خدراوا، تابستا و قازان دەرژێنە کەناری ڕاستی و ئەو ئاوە گەورانەش کە لە گەڵی کورتەك–وە هەڵدەقوڵێن دەڕژێنە ناو کەناری چەپی و پاشان زێی بچووك لە ناکاوێکدا لە خوارووی سەردەشت بەرەو ڕۆژئاوا پێچ دەکاتەوە و لە دۆڵی ئالان تا دەگاتە دەچڵە دەروویێك بۆ خۆی دەکاتەوە، تەواو لەم پێچکردنەوەدا لە نزیك ئاڵوەتی جوان ئەو لکە ڕووبارە گرینگەی کە ئاوی حەوزی بانە بە تەوای ئاودەدات دەڕژێتە ناو کەناری چەپی ڕووباری کەڵوێ ( مەگەر تەنها ناوچەی نەمەشیر نەبێ کە ئاوەکەی لەسەرووی ئاڵوەتەوە دەڕژێتە ناو کەڵوێ). ڕووباری بانە ( ئاوە کێوەرۆ) بە نزیکەیی هێلێکی ڕاست لەگەڵ دۆڵی ئالان دیاری دەکات. کەناری چەپی لە خوارووی دونیسی سەر بە تورکیایە ( ئالانی–گرگەشە). لێرەوە سنوور پێی بەپێ لەگەڵ ڕووباری کێوەرۆ و دواتر لە کەڵوێ، تا دواجار لە قەندیل پێکدەگەن و بێتووش بۆ ئێران و قەندۆل Kandöl بۆ تورکیا جێدەهێڵێ.

تەنها یەك جۆگەلەی چکۆڵە هەیە کە ئەویش ڕووبارۆچکەی "وەزنێ" یە کە ناچێتە ناو قوڵکەی بێشوماری ئالان و لە چیای وەزنێ سندووس بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی سێکوچکەی قەندیلی مەزن هەڵدەقووڵێ و لە ڕۆژئاوای کەڵوێ نیوە بازنەیەك دروستدەکات و پاشان ڕێچکەیەکی تەسك و تریسك دەبڕێ و دەڕژێتە ناو پێدەشتی پژدەر و دواجار جارێکی دیکە لەگەڵ زێی بچووك لە کەناری ڕاستیدا یەکدەگرنەوە.

**چیاناسی.** زنجیرە چیای بەرزی قەندیل وەکوو شوورە وایە لە نێوان هەرێمی ساوج–بولاق و هەردوو ناوچەی کۆنی کوردستانی تورکیا: ڕەواندوز و کۆیسنجاق، عەرەبەکان ناویان ناوە (القندیل شعران) و ناوەکەی بە فارسی تخت شیرویە ( یاقوت، چاپی Wüstenfeld, III,

Hoffmann, *Auszüge*, p.249, 298)، ئەرمەنەکان پێی دەڵێن زرسپ ( 266) ، ڕاڕەوی بەناوبانگی کێلەشین (کە بەرزاییەکەی نزیکەی ٢٨٠٠ مەترە) کەوتۆتە نێوان شنۆ و سیدەکان (سەر بە ڕەواندوزە) بۆ باکووری ساوج–بولاق و دەرەوەی ئەمەی دوایی. بۆ پێوەندی گرتن لە نێوان ساوج–بولاق و میزۆپۆتامیا سوود لە ڕاڕەوی کەمتر بەرزتر (١٨٠٠ مەتر) وەرگیراوە کە هێشتا زیاتر لە گەرووشینکە شیاوترە کە کەوتۆتە نێوان لاجان و باڵەك ( ڕایات)، هەروەها دۆڵەکانی وەزنێ و ئالان. بە جۆرێك کە بوونی هۆزی ئاژاوەگێڕ لە هەردوو دیوی ڕێگەکەدا تەگەرەیەکی گەورە دەخاتە بەردەم هەموو جۆرە بازرگانییەك.

دەبێ ئەوە تێبینی بکرێ کە ئەو هێڵە چیاییە ئەستوونییەی کە لە لای باشووری قەندیل جیابۆتەوە و دیواری باشووری دۆڵی ئالانی پێکهێناوە شایانی باسکردنە. ئەم هێڵە چیاییە پێی دەڵێن دارو Dâru و ڕارەوەکەشی پێی دەڵێن هەومل Hawmîl.

بەرزاییەکانی نێوان لاجان و حەوزی گادەر هێندە بەرز نییە جگە لە چەند لووتکەیەکی نەبێ ( بێچارە و چەغەتوو) و ئەم چیایانە تا ڕووباری تەتەهوو درێژ دەبنەوە بەجورێك شاری ساوج–بولاق لە ناوچەی شارویرانی باکوور جیادەکاتەوە و ڕاڕەوێکی هەیە بۆ سەر ڕووباری ساوج–بولاق.

زنجیرەی درێژایی بەرزاییەکانی ناوەڕاستی کورتەك ( کە بەرزاییەکەی ٢٢٨٠ مەتر دەبێ) ئاوی کەڵوێ لە زەریاچەی ورمێ جیادەکاتەوە و لە باکووریشەوە دەگاتە لووتکەی چەغەتوو.

بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی موکری شێوە چوارگۆشەیە کە لایەکانی بەم شێوەیەن: لە باکوورەوە چیای پان و پۆڕ، لە ڕۆژئاوا کورتەك، لە باشوور





ئاو دابەشکەرەی تەتەهوو لە لایەك و ئاو دابەشکەرەی نەمەشیر و سەقز لە لایەکی دیکەوە، ئەم چیایە لەو پەڕەکەی باشووری کورتەك، لە لووتکەی گەورەی بەردەسۆر (بەردی سوور)، دواجار لە ڕۆژهەڵاتی چیادا دابەشکەرەی ئاو لە نێوان تەتەهوو و چەغەتوو، هەرچی لە ناو ئەو چوارگۆشەیە کە حەوزی ساوج–بولاق چای و تەتەهووی لێوە پێك دێت تا دوا ڕادە ناڕێکە: لووتکەی چیای تەرەغە و لاپاڵ و دۆڵە بە پیتەکانی دەگرێتەوە.

بەرەو باشوور لەودیوو ئەم چوارگۆشەیەدا دەڤەری سەقز و بانە هەیە، دەڤەری یەکەم لە باشووری ڕۆژئاوا بۆ باشووری ڕۆژهەڵات، سەرچاوە باکوورییەکانی چەغەتوو ئاوی دەدەن و ئەو گۆشەیەی نێوان چوارگۆشەی ساوج–بولاق و زەوییەکانی بانە پڕدەکاتەوە. هەرچی بانەیە دۆڵێك پێدەهێنێ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بەرەو حەوزی کەڵوێ دەڕوا و لە باشوریشەوە سوورکێو (چیای سوور) سنوورەکەی دیاری دەکات و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بەرزاییەکانی شیوی قازان سەرچاوە باشوورییەکانی چەغەتوو ( ڕووباری صاحیب) ی لێ جیادەکاتەوە و لە باکووری ڕۆژهەڵاتیشەوە بەرزاییەکانی ڕاڕەوی کێلەشین دەبێتە بەربەست لە نێوان لێژاییەکانی بانە کە بە دارو دەوەن داپۆشراون و بەرزاییە ڕووتەنییەکانی سەقز، لە باکووریشەوە کۆمەڵەی بەردینی بالوو (بەڕوو) ی دۆڵی بانەی گەورە دیاری دەکات. بەڵام ڕووباری نەمەشیر کە بە باکووری بالوولدا دەڕوات لە کەناری چەپییەوە ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو ڕووباری کەڵوێ. بەمشێوەیە بالو کۆمەڵەیەکی گۆشەگیر پێکدەهێنێ کە بریتییە لە داروو Dâru و کەوتۆتە سەر کەناری ڕاستی ڕووباری کەڵوێ و لەمەدا ئەوە

دەرئەنجام دەکەین کە سنووری تەواوی باکووریی بانە، چیای بەردە سوورە بۆ باکووری هەردوو ناوچەی دەشتە تاڵ و نەمەشێر.

لە ڕووی ئیداری ( و ئیتنۆگرافییەوە) حکومەتی ساوج-بولاق لەم بەشانەی خوارە پێك دێت:

I- کوردستانی موکری کە بە مانای تەواوی وشەکە کوردە نیشتەجێیەکانی تێدا نیشتەجێن کە سەر بە هەردوو هۆزی موکری و دێبوکری-ین. مەڵبەندی قەزاکە شاری ساوج-بولاقە کە بەگوێرەی گێڕانەوەی راولینسۆن Rawlinson لە دەستپێکی سەدەی حەڤدەهەمدا دروست کراوە و دوای سەدەیەك لە دروستکردنی ١٢٠٠ ماڵ بووە کە لەوانە ١٠٠ ماڵە جوولەکە و ٣٠ ماڵە ئاسووری تێدابووە و شارەکە تا هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی واماوەتەوە. شیندلەر H. Schindler دەڵێ شارەکە کەوتۆتە سەر هێلی پانی °48 °45 °36 ی باکور و هێلی درێژی 47 °45 لە ڕووی ڕۆژهەڵاتەوە و ٤٢٧٢ پێ لەڕووی زەریاوە بەرزە و ئەم بەشەی کوردستانی موکری ئەم ناوچانەی خوارەوە دەگرێتەوە: ١- دەورو بەری شارەکە بریتییە لە ٣٦ گوند. ٢. شارویێران- "شاری کەلاوە". ئەم ناوچە بە پیتە کەوتۆتە باکووری مەڵبەندی-قەزا و ٦٨ ئاوایی لێیە و موڵکی ئاغاوەتەکانی دێبوکریین. ٣. ئەختاچی (" مەیتەر") لەسەر ڕێگەی ساوج-بولاق-میاندواو، بە دۆڵی تەتەهوو.، ٩٠ ئاواییە کە گرینگترینیان بورهانە. ٤- بێهی لەسەر ڕووباری تەتەهوو و لە چوارڕیانی: ساوج-بولاق- سەقز و مەراغە-سەقز.، ٦٥ ئاوای دەگرێتەوە کە گرینگترینییان ئاوایی بۆکان-ە کە نشینگەی پشتاوپشتی "سەردارەکانی" موکری لێیە. ٥. تورجانی باشوور کە ٣٨





ئاوایی دەگرێتەوە. ٦. گەورکی موکری نزیك سەرچاوەی تەتەهوو و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی کورتەك کە ٢٤ ئاوایی دەگرێتەوە.

II. دەڤەری هۆزی کوردیی بڵباس کە سەر بە هۆزی موکریین و بە هەمان زمان قسە دەکەن. بڵباسەکان سەرەتا هۆزێکی کۆچەر بوون، ئێستە زستانان لە ئاواییەکانیان بەسەر دەبەن و لە هاوینانیش دەچنە بەرزاییەکانی (سەران) ی نزیك شوێنی نیشتەجێبوونیان. لە ناوخاکی ئێران ئەم هۆزانە هەن:

a. مەنگوڕ، هۆزێکی بەهێزن و بە ئازایەتی و جوامێری ناسراون، بەشی زۆریان لەسەر چۆمی ساوج-بولاق چای و هەردوو ناوچەی ئێل تەیموور (گەورکی خواروو) و نەڵێنی مەنگوڕ " نالی ئەسپ" واتە ئەو لێژاییە چیاییەی کە کەوتۆتە ڕووی ڕۆژئاوای کورتەك دەژین، بەڵام بارەگای حوکمڕانی مەنگوڕەکان کە ئاغەواتەکانیان تێدایە لە بەری مێرگان (ترکەش) لەسەر کەناری ڕاستی کەلوێ کەوتۆتە نێوان لاجان و سەردەشت. سەرجەمی ئاواییەکانی مەنگوڕەکان ١٤٨ ئاواییە.

b. پیران، لە باکووری بەری مێرگان لە لاجانی کۆن لەسەر لاوێن و ئاواییەکانیان ٣٠ ئاواییە لەوانە ئاوایی قەڵای متاوێ تەپە تەواو بەرامبەر ڕاڕەوەی گەروشینکەیە.

c. مامەشەکان، لە لاجانی نوێ دادەنیشن و ناوەندەکەی قەڵای پەسوێی کۆنە کە ئێستەکە بووەتە وێرانە، بەڵام یاقووت باسی کردووە. مامەشەکان لە دۆڵی بەردەمێشە (جەڵدیان) و بەشی سەرووی لاوێن بە تەواوەتی لەسەر ئەو بەشەی کە بەگەڵ پێدەشتی لاجانی کۆن تێکدەکاتەوە دەژین. هەروەها مامەش لە سووڵدوز و شنۆش هەن و سەرجەم ئاواییەکانیان لە سەد ئاواییێك زیاترە.



www.rabari.org

d. تیرەی ئۆجاغ کا خدری، هاوینان دەچنە مێرگی بە پیتی وەزنێ و زستانانیش بۆ پێدەشتی گەرمەسێری کۆیسنجاق شۆڕدەبنەوە، بەڵام ئەم هۆزەش مەیلی ئەوەیان هەیە لە ئێران نیشتەجێ بن.

III. دەڤەرەکانی لای سەردەشت لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

a. شارۆچکەی چکۆلەی کڵۆلی سەردەشت، بارەگەی نایبی حاکمە و ناوچەکەیە کەوتۆتە کەناری ڕاستی کەڵوێ.

b. هۆزی گەورکی (گەوریك) بەدەر لەو ئاواییانەی پێشتر باسمان کردن لە ملەی چیای کورتەکی داپۆشراو بە دارستان و لەسەر کەناری چەپی کەڵوێ دەژین و لە سەد ئاوایی زیاتریان هەیە.

c. سوێسنییەکان لە ٦٨ ئاوایی نێوان سەردەشت و شوێنگەی لادانی کەڵوێ، قەندیل دەژین و تیرەکانیان (بریاجی، مەڵکاری، درمای، هرز–ئالان و ئالان) و هەندێکیان بە تەنیا دەژین و هیچ سەرۆکێکی هاوبەشیان نییە تەواوی هۆزەکە بەڕێوە ببات. لە بێتووش، مەڵبەندی قەزای ئالان، ٧٠ ماڵی لێیە کە باخچەی جوانی لێیە و بێتووش شایستەی ئەوەیە کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبێ، چونکو کەوتۆتە سەر ڕێگەی مەراغە–ساوج–بولاق–سەردەشت و هەردوو ناوچەی سلێمانی و کەرکوك. لە تیەت Teiyet لە خوارووی بێتووش لەسەر ڕووباری کەڵوێ، کەلاوەی پردێکی کۆنی لێیە کە حەوت کڵی هەبووە.

IV. هەردوو ناوچەکانی دیکەی کوردستانی موکری بریتین لە سەقز و بانە. هەردووکیان سەردەمانێك سەر بە والییەکانی سنە بوون، بەڵام ڕەوشی جوگرافی و (ئیتنیکی) و سیاسیی ( بە تایبەت لەوەتای داگیرکردنی تورکی ساڵی ١٩٠٦ ەوە) سەرەداوی پێوەلکانی ئەم دوو ناوچەیەمان بە ساوج–بولاق بۆ لێکدەداتەوە.





بانە ناوچەیەکی خاوەن گرینگیەکی زۆرە کە هەشت ناوچەی چکۆڵە دەگرێتەوە ( دۆلە، خریاوە، بەلواو، بناخۆی، شوی، نەمەشیر، دەشتە تاڵ، کیوەرو، ترات و پاش–ئاربابا) و ١٤٥ ئاوایی و نزیکەی ٣٥٠٠ خێزانن. لە شارۆچکەی بانە کە دەکەوێتە کەناری چیای ئەبیبی، ٨٠٠ ماڵی لێیە کە لەوانە ٨٠ ماڵە جوولەکە و بازاڕێکی بازرگانیی گەورەی لێیە. لە ئاواییەکانی پاش–ئاربابا لەسەر ڕێگەی پێنجوین دەبێ باسی ئاوایی چامپارۆ بکەین، وێرای ئەوەش کەوتۆتە باشووری زنجیرە چیای سوورکێو، کەچی سەر بە بانەیە.

ڕاولینسۆن ژمارەی خێزانە موکرییەکانی بە دوانزە هەزار خێزان داناوە کە ئەمە وامان لێدەکات بڵێین ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە سەد هەزار کەس. ئەم ژمارەیە وەك بەدیار دەردەکەوێ، بڵباس و بانە و سەقز و گەلێك جێگەی دیکەش ناگرێتەوە. هەرچی ژمارەی ڕاستەقینەی حکومەتی ساوج–بولاقە نابێ لە ٢٠٠٠٠٠ کەس کەمتر بێ کە بێگانەکان ژمارەیەکی زۆر کەمی کارمەندی فارس و چەند سەد ماڵێك جوولەکە لە ساوج–بولاق و بانە و سەردەشت و هەتا لە ئاوایی دیکەشدا هەن. هەروەها دوانزە خێزانی ئەرمەنی لەشارۆچکەی ساوج–بولاق دا هەن (کە کەنیسەیەکیان هەیە) لە کاتێکدا ئاسوورییەکان بە تەواوی ون بوون.

زمان. ئۆسکارمان بۆ ئەوە دەچێ دەڵێ خەڵکی ئەو ناوچەیەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دۆڵی تەتەهوو و کەناری چەغەتوو بە هەمان زمانی کوردی (کورمانجی) قسەدەکەن و لە باشووریش لە سەقز و بانە خەڵکەکەی کورمانجی قسە دەکەن، لە کاتێکدا کە لە مەریوان (؟) و لە ناو هۆزی تیلەکۆ( لە ناوچەی هەوەتوو) بە دیالێکتی سنەیی قەسە دەکەن. دیالێکتی کورمانجی تا ئەو دیوو سنووری ئێران تا دەگاتە سلێمانی و هەتا زێتر



www.rabari.org

بەرەو باشوور بڕۆیی: هەرچی شاعیرانی پەسندی لای خەڵکی ساوج–بولاق–ن ئەوا خەڵکی کەرکووك، دەربەند و ئاواییەکانی سلێمانین. ئەم دیالێکتە هەروەها کەمێك لە باکووری ڕۆژئاوای ئەو دیو دەشتی شنۆش قسەی پێدەکرێ، هەرچی ئەو دیالێکتانەن کە پێوەندییان بە دیالێکتەکانی هەکارییەوە هەیە لە هەرێمی ورمێ وە دەست پێدەکەن. لە سایەی کۆششی مان کۆمەڵێك هۆنراوەی پڕجۆش و خرۆش و چیرۆکی میللی موکریمان بۆ کۆکرایەوە. هەروەها ئەنجیلی مەرقەس بە دیالێکتی کوردیی موکری تەرجەمەکراوە ( بە گوێرەی Mare, imprimerie Awetaranien à Philppoli, 1909) هەروەها بڕێك سروودی ئایینی پرۆستانتی ( L.O. Fossum) بەم زمانە تەرجەمە کراون. مسیۆنێرە ئەمریکاییەکانیش پێش جەنگ دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی گۆوارێکی بچکۆڵە بۆ موکرییەکان لە ورمێ ( کوردستان، ژمارە ١، لە نیسانی ١٩١٤ بڵاوکرایەوە).

**ئایین.** کوردەکانی موکری سوننەی شافیعین و زۆر کەم پەرۆشی کاروباری ئایینین، بەڵام شێخەکانیان کە سەر بە تەریقەی نەقشبەندی و قادرین نفوزێکی گەلێك مەزنیان لەناویاندا هەیە. موریدەکانی شێخ سەعید غەوساباد* ( کە ساڵی ١٩١٥ لە کاتی داگیرکردنی تورکی کوژرا) لە تەکیەکانیاندا زیکرێکی زۆر توند و تیژ دەکەن.

**جل و بەرگ.** جل و بەرگی موکری لە کراسێکی قۆڵ درێژ پێکدێ کە تا بەر پێیان درێژدەبێتەوە و لە کاتی جەنگدا لە پشتی خۆیان دەبەستن. لەسەر کراسەکە جۆرە پاڵتاوێك لەبەر دەکەن کە تا ئەژنۆیان درێژ دەبێتەوە و لچکەکانی دەکەونە سەر یەك. پشتێنێکی گەورەی کوتاڵ لۆکە کە بڕێك

* شێخ غەوساباد کەسایەتییێکی ئایینی و نیشتمانپەروەری موکریان بووە و بیری سەربەخۆیی کوردی بووە، وەرگێڕ





جار شەش مەترێك دەبێ و لە دەوربەری پشتی خۆیان دەسوڕێننەوە. لە هاوینان لچکەکانی دەکەوێتە سەرە شەروالێکی سپی بەرین کە تا قاچیان دێ. زستانان یا کاتێك سوار ئەسپ دەبن فەقیانەکە دەخرێتە ناو شەڕوالێکی خوری بەرینەوە. لەسەر هەموو ئەمانە پاڵتاوێکی کورتی بێ قولێ ( فەرەنجی ) لەبەر دەکەن.

موکرییەکان دەسرەی ڕیشووداری بە گوڵینگینەی حەریری موسل لەسەر دەکەن، کە ڕیشووەکەی بەسەر چاویاندا دێتە خوارەوە. چەکی کۆن ( خودە، قەلغان، ڕم و شمشێر بڕوانە مۆرگان، بەشی دووەم، تابلۆی نۆیەم و دەیەم) بە تەواوی ون بوون. موکری بە خەنجەرێك، دەمانچەیەك دەستبەردار دەبن و بەشێوەییێکی تایبەتی زۆر هەوەسیان بەوە دێ شوێنی دەمانچە و ڕەختەی چەك هەڵگرتنیان بە دیار بێخن. یارییە سوارچاکییەکان هێندە زۆر نین، گرینگترینیان تەقلەیە کە بریتییە لەوەی پیاوێك تێلاوێکی ڕەق هەڵدەدا و لە هەوادا دەیگرێتەوە. ژنان ئاوەڵکراسێکی جاو و کراسێکی ژێرەوەی درێژ لەبەر دەکەن، پارچەیەك خامی شین دەخەنە سەر شانیان. هەرچی سەرپۆشیانە بریتییە لە لەچکەیەکی شین یا سوور. پێوەندی نێوان ژن و پیاو بەو توونددییە نییە وەك لای موسلمانەکان و ژنەکانیان خۆیان داناپۆشن. لای موکرییەکان ژمارەیەك هەڵپەرکێ هەیە ( چەپی، ڕۆنیە، سوێسکەیی، سێ پێیی، حەرشی، هەڵپەڕین) کە تێیدا ژن و پیاو بە شێوەیەکی بازنەیی دەستی یەکتر دەگرن.

**ئیش و کار.** لە باکووری–ڕۆژهەڵات، بە تایبەت لە دۆڵی تەتەهووی بە پیت، زەوی دەچێنن بۆ وەبەر هەمهێنان کە بێجگە لەوێ لە هەموو لایەکی دیکە زەوی هەر بۆ ئەوە دەچێنن تا پێداویستییە کەسییەکانی خۆیانی پێدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیدابکەن. ڕەزی تری و تووتن لە ئالاَن، سەردشت و بانە هەیە. مەرداری لە هەموو ناوچە جیاجیایەکان، ئامادەکردنی پەنیر بە گژ و گیای بۆنخۆش و دروستکردنی لباد. لەو ناوچانەی کە دار و دارستانیان لێیە ڕەژوو لە دار دروست دەکەن. بەری بەڕوو، مازوو و گەزۆ کۆدەکەنەوە. ئەم ناوچانە بریتین لە: بەری چەپی کەڵویٚ، ئەو ناوچانەی کەوتۆتە نێوان پردانان و سەردەشت، کەناری چەپی لێژاییە ڕۆژئاواییەکانی کورتەك، لە بەشە ڕۆژهەلاَتییەکانی مەڵبەندی قەزای بانە. لە ڕووباری وەزنیٚ (لە نزیك ئاغەلاَن) لمێکی تێدایە کە بە ڕادەیەکی کەم زێری تێدایە.

مێژوو. تا دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠ لە تاشتەپە لەسەر ڕووباری تەتەهوو نەخشێکی بزماری لێبووە بە زمانی خاڵدی (ڤانی) و لەم مێژووە لە لایەن هۆگرێکی ناشارەستانەوە بردراوە. بەگوێرەی بێلك Belck (*Das Reich der mannäer dans Verhandl.Berl. Ges. f. Anthropologie,* 1984, 479-87) ئەم نەخشە لە لایەن مەنووەی Menuo کوڕی ئیشپۆنی پاشای وانیك ) خاڵدی ئۆراراتۆ) دانراوە کە لە نێوان ساڵەکانی ٨١٢ و ٧٧٨ ی پێش زایین حوکمرانی کردووە (C.F. Lehmann-Haupt, *Armenien einst und jetzt*, 1910, I, 632). ئەم شوێنەوارە – کە بە یەکێك لە کۆنترین نەخشە ڕۆژهەلاَتییە ناسراوەکانی بزماری دادەنریٚ– دەشیٚ شوێنی شاری مەشتا Meshta لە ولاَتی مانییەکان ( مانی) دەستنیشانبکات کە لە لایەن مەنووەوە داگیرکراوە. هەروەها دەتوانین شوێنکاری نفوزی خالدی لە دروستکردنی ئاوەڕۆ، دالاَن و پەیژەی لەبەرد دروستکراو بزانین کە ڕاولینسۆن (*JRGS,* X) لە شارستان ئاباد و وسووکەند لەسەر کەناری چەپی ڕووباری ساوج–بولاق دا دۆزیویەتەوە. سەرگۆن، پاشای ئاشوورییەکان لە کاتی لەشکرکێشییە بەناوبانگەکەیدا ساڵی ٧١٤ ی پێش زایین لە باشووری گۆلی ورمیٚ، بێجگە لە هەرێمە





مانییەکان، باسی ناوچەکانی ئەلاباریا، پارسواش و زیکیرتو هتد دەکات (Thureau-Dangin, *Une relation de la huitième campagne de Sargon*, Paris, 1912). لەگەڵ ئەوەشدا نزیکردنەوەی ناوی پارسیواش Parsuash لەگەڵ پێرس (پارسا) و شوێنی لەسەر خوارووی ڕووباری گادەر هێشتا هەر گریمانەن.

شوێنەوارێکی دیکەی زۆر سەرنج ڕاکێشەر گلکۆی بەردینی فەرەقەیە لە نزیك ئاوایی ئیندرقاش لە باکووری ساوج–بولاق، ئەمەیان لە سەر شێوازی گۆڕە ئەخمینییەکان دەچیٚ (de Morgan)، هێرزفێلد E. Herzfeld ئەم شوێنەوارە دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵەی شوێنەوارە مێدییەکان (Sarre Hezfeld, *Iranische Felsreliefs*, 1910, p. 184, Herzfeld, *Chorâsân, dans Islam,* XI, (1921), 131). لە ناو ئەو شارە مێدیانەی کە لە لایەن بتلیمۆس (VI, 2) ژمێردراون، لەسەر هەمان هێلی پانی( ٣٠ ٣٨) دوو ناوچە دەستنیشانکراون: داریوسا*( درێژی ٨٧ ٣٠) بە تەك سنکار** ( درێژی ٨٨). ڕاولینسۆن دەڵیٚ شاری دوایی بریتییە لە هەرێمی شنۆ و شاری یەکەمیش (داریقوشا؟) دارایاسە کە لە کرۆنیکی کوردی شەرەفنامە (چاپی. Véliaminof-Zernof, I, 268) ناوی هاتووە. بەلاَم شوێنی دریاز ناناسیٚ. ئەمە ناوی گوندێکە ( ٣ کیلۆمەتر لە باکووری–ڕۆژئاوای ئیندرقاش) کە لە نزیکییەوە کەلاوەکانی "شار وێران" ی لێیە کە ناوەکەی بەر تەواوی ناوچەی شاروێران بڕاوە و تا ئێستەش وەکوو مەڵبەندی کۆنی ناوچەکە سەیر دەکریٚ. دو مۆرگان ( IV, 283 ) تێبینی ژمارەیەکی زۆر گردی دەستکردی کردووە لەسەر سەرووی ڕووباری "کەڵویٚ"ەوە: ٢٤ گردیان لە لاجان. کەلاوەی "شارە کۆنەکە" ی

* Δαριαύσα
** Σίνχαρ̃



www.rabari.org

ئەم ناوچەیە کەوتۆتە باشووری ڕۆژهەلاتی ڕاڕەوی گەروشینکە، هەتا زیاتر بەرەو خوارتریش بڕۆین گردۆلکەکان نامێنن.، بەلام لە ناوەندی ولاتی موکریان لە قولغەتەپە Gholgha-tapa گردێکی گەورەی لێیە چێوەکەی ١٥٠ پێیە. تەواو نزیك لە خالْ دەلیل Khalil-dalil، دو مۆرگان گلکۆی سەردەمی ئاسنینی ( Miss.scient.IV, *recherches archéol.*, I, 9) تێدا دۆزیوەتەوە. لە هەرێمی بانە، هاریس–ی گەڕۆك باسی چەند کێلە قەبری کۆن. " کێڵە گۆڕ" دەکات نزیك ساومە کە خەڵکەکەی مۆر و لوولەکی کۆنیان پێفرۆشتبوو. هەموو ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە کوردستانی موکری لە دەورانێکی گەلێك کەوناراوە خەڵکی تێدا ژیاوە.

ئیمپراتۆر هەرقەل سالّی ٦٢٤ ی کۆچی ڕاوی خەسرەو پەروێزی Khusraw Parxêz نا، لە ئەشکەوتی کەرەفتوو ( نزیك بە سایین قەلاّ) بەم ناوەدا تێپەر بووە. Ker Porter نەخشێکی یۆنانی دۆزیوەتەوە ( kaibel, *Epigr. graeca,* Berlin 1878, p. 512).

مێژووی مار یابەبەلاها Mâr yabalâhâ ی پاتریارشی نەستوورییەکان ( ١٣١٧–١٢٨١ ی زایینی) گەواهی بازرگانییەکی گرینك دەدەن لە هەرێمی ساوج–بولاق لە دەورانی مەنگۆلیدا. تۆپۆنیمی ئێستەی ناوچەکە ڕەنگدانەوەی بەریەککەوتنی نفووزی تورکی هاتوو لە باکوور–ڕۆژهەلات و نفووزی کوردەکان بوو لە ڕۆژئاوا. لە ناوچە ڕۆژهەلاتییەکاندا ( ئاختەچی، بێهی، تورجان، سەقز) ئاوایی کوردەواری دەبینین کە ناوەکانی تورکییە. دەتوانین ئیشارە بە بڕێك ناوی مەنگۆلی بکەین: تەرەغە، تەتەهوو (لای مستەوف: تغتو) چەغەتوو کە بە گوێرەی مێژووی مار یابەبەلاها ( éd. Chabot 1895, p. 151) دەشێ بە فارسی ناوی وەکیە ؟ رود بووبێ، یان بە گوێرەی ڕشید الدین (éd. Quatremère, *ad fol.*297b):





زەڕینەڕوود بووبێ. بەلام بە پێچەوانەوە هەرێمە تورکییەکانی نێوان تەتەهوو و مەراغە کە جاران سەر بە موکری بوونە، لە دەستیان داوە. لە ڕۆژئاوای کورتەك تەنها ناوی کوردی دەبینین کە لە نێوانیاندا بڕێك ناوی سامی هەمەچەشنە ( ئارامی) دەبینرێ: دربکە، کۆکە، نەلۆسە و شمولە.

لە ناو خەڵکی کوردەکانی ساوج–بولاق دەبێ چەند چینێکی مێژوویی لەیەك جیابکەینەوە. بە گشتی هۆزە گەورەکان بۆ دوو چین دابەش دەبن: جەنگاوەر (عەشیرەت) و جووتیار (ڕەعیەت) و زۆر ڕێی تێدەچێ کە بەر لە دروستبوونی هۆز بەم شێوە ئۆرگانیزە کرابن، جووتیارەکان دەبێ ناچار کرابن و هەتا بڕێك جاریش "کوردێندرابن" لە لایەن ئەو داگیرکارانەی کە ئێستە سەرداریانن. بە گوێرەی ئۆ. مان جووتیارەکان شانازی بەوە دەکەن کە خۆیان ببەنەوە سەر ئەو هۆزانەی کە (ئێستە پێیان دەوترێ؟) دێبوکری کە وەچەی هەرە کۆنی موکریەکانن. هەمان گریمانە لە سۆنگەی تایبتمەندێتی نیشتەجێبوون و توانایان لە جووتکاری، بێستان و ڕەزەوانیدا بەسەر سوێسنییەکانی ( نێوان دۆڵی ئالان، سەردەشت و وەزنێ) یشدا دەچەسپێ.

هەرچی ئاریستۆکراتە خێلەکییەکانە وەك هەمیشە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لە ڕۆژئاواوە هاتوون. شەرەفنامە سەرچاوەی هۆزی موکرییە. بە گوێرەی شەرەفنامە سەرۆکە موکرییەکان لە هۆزی موکریا Mukriya – ن کە لە شارەزوور نیشتەجێن و لە بنەماڵەی حاکمەکانی هۆزی بابان دابڕاون. لەسەردەمی میرنشینە تورکمانەکان ( سەدەی یانزەهەمی کۆچی) سەیفەددین ناوێك دریازی لە چابوقلو (هۆزێکی تورکی؟) دابڕیوە و سنووری ئەم هەرێمانەی فراوان کردووە: دۆڵی باریك ( دۆڵْ ناوچەیەکی بچووکە لە باشووری ڕۆژئاوای گۆڵی ورمێ، باریك هۆزێکە کە ئەمڕۆ لە

نزیك ڕێژگەی تەتەهوو پەرش و بڵاوبوونەتەوە)، ئاختەچی، ئێل تەیموور، سوڵدووز و ئەو هۆزانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا کۆبوونەوە ناوی موکری-یان وەرگرت. کوڕەکەی و جێگرەوەکەی، صارم بەرەو ڕووی شا ئیسماعیلی سەفەوی وەستان و لە ساڵی ٩١٢ شکستی بە هێزەکانی ئێران هێنا. پاشان ( لە ساڵی ٩١٨؟) پەنای بردە بەر سوڵتان سەلیم و داوای لێکرد لایەنگیری لێبکات و بیکا بە والی. دوای مردنی صارم موڵکەکانی لە نێوان سێ کوڕی ڕۆستەمی ئامۆزای دابەشکرا کە دانیان بە دەسەڵاتی شا تەهماسپ نا. لە کاتی شۆڕشی ئەلقاس میرزا (٩٤٨) سوڵتان سولێمان، ئاغاواتەکانی ئامێدی، هەکاری و برادۆستی ناردە سەریان و شکاندیانی و کوشتیان. کوڕەزاکەی صارم، ئەمیرە بەگی یەکەم جێگەی گرتەوە، فەرمانی حوکمرانی لە سوڵتان سلێمان پێگەیشت و بۆ ماوەی ٣٠ ساڵان حوکمڕانی هۆزەکە و دەڤەری دریازی کرد. دواتر ئەمیرەیەکی دیکە، کوڕەزایەکی ڕوستەم بە کۆمەگی سەفەوییەکان شوێنی گرتەوە. لە دەورانی پشێوییەکانی موحەمەد شا خوابەندە، ئەمیر بەگی دووەم ساڵی ٩٩١ چووە لای سوڵتان مورادی سێیەم، سوڵتان ناوچەی ویلایەتی بابان (شارەزوور( و سنجاقی موسلی خستە سەر هەرێمە پشتاوپشتەکەیی و هەروەها بڕێك ناوچەی سەر بە مەرتغەشی بەخشییە منداڵەکانی. ئەمیر بەگی دووەم بە کۆمەگی میری میرانی وان بەرەو ڕووی حاکمی ئێرانی مەراغە وەستا و ئەم هەرێمەی تاڵان کرد و سوڵتان ناوی بەگەلەربەگ و لەقەبی پاشای پێبەخشی. کەچی هەرێمی پشتاوپشتی دریاز بەخشرایە حەسەنی ئامۆزای کە پێش ئەو دابوویە پاڵ بابیعالی. جەنگێك لە نێوان ئەمیر بەگ و حەسەن هەڵگیرسا و حەسەن کوژرا و سوڵتان موحەمەدی سێیەم (١٠٠٣-١٢) ناوچەی دەهخوارەکان *Dihi-Khwârkan* ( دێخوڕگان لە باشووری





مەراغە) بە ئۆلغ بەگی برای بەخشی. لەم ماوەیەدا تورکەکان پەلاماری تەورێزیان دا و جەعفەر پاشا کرا بە حاکمی گشتی هەرێمەکە و ویستی ئەمیر بەگ بخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە. ئەمەی دوایی بە چەشنێکی خراپ وەڵامی خواستەکانی دایەوە. جەعفەر پاشا لە کۆنستانتینۆپل شکایەتی لێکرد و سنجاقەکانی بابان، موسل و ئەربیل یان لە ئەمیر سەندەوە. مەراغە بە تەورێزەوە لکێنرا لەگەڵ ناچارکردنی ئەوەی ساڵانە ١٥ کرووری زێر بدات. دواجار لە موڵکەکانی تەنها دریازی لە دەست مایەوە. هەڵبەت کوڕەکەی، شێخ حەیدەر هێشتا (لە کۆنە قەڵای ساروو قۆرغان) کە چاکی کردبۆوە بەرگری دەکرد. خەڵکی مەراغە شکایەتیان لە شێخ حەیدەر کرد بەوەی هاوسێیەکی ئاژاوەچییە. خدر پاشای حاکمی گشتی تەورێز ساروو قۆرغانی بە هۆزی مەموودی بەخشی. جەنگ لە دەوروبەری قەڵا دەستیپێکرد و ئەمیر پاشا ناچار بوو بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بچێتە ناو جەنگەکەوە. دەوروبەری ساڵی ١٠٠٥ باوك و کوڕ هێشتا ئەم ناوچانەی خوارەوەیان لەبەر دەستدا بوو: دەریاس (میاندواو)، ئەجاری و لەیلان ( ئەم دووەی دوایی کەوتوونەتە سەر کەناری ڕاستی چەغەتوو)، هەروەها قەڵایەکانی: تەرەغە، ساروو قۆرغان و هەرێمەکانیان.

هێشتا ئەو زانیاریانەی دەربارەی دەورانی کۆنی ساوج-بولاق لەبەر دەستمانە کەمە. ئەسکەندەر مونشی خاوەنی کتێبی "*تاريخ عالم ارا*" گەواهی لەشکرکێشی شا عەباس دەدا بۆ سەر کوردانی برادوست و موکری و چیرۆکی گەمارۆی قەڵای دمدم ( لە باشووری ورمێ لەسەر ڕووباری قاسملوو) کە ساڵی (١٠١٧ ك=١٦٠٩ ز) ڕوویداوە بابەتێکی بەربڵاوی گۆرانییە حەماسییەکانی موکرییە. هەروەها مێژووی نادر شا کە میرزا مەهدی خان نووسیوویە زانیاری لە بارەی موکری تێدایە ( O. Mann,

(*op.cit.*, I, Préface). ڕووداوەکانی زۆر نوێتر کە پێوەندیان بە هەرێمی موکری یەوە هەیە ئەمانەن: ساڵی ١٨١٠ حاکمی مەراغە ئەحمەد خان (لە هۆزی موقەددەم) ئاغایەکانی مامەشی داوەت کردبوو و ٣٠٠ کەسی لێکوشتن، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەشکرکێشییەکانی ئەم هۆزەی ڕاگرت. ساڵی ١٨١٥ یاخیبوو، باپیر ئاغای بڵباس هەڕەشەی لە مەراغە کرد. شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینان لە ئۆکتۆبەری ١٨٨٠ دەڤەرەکانی موکریانی داگیر کرد و بە هیوای دامەزراندنی ئەمارەتێکی کوردی بوو لەسەر شێوەی ڕۆمەیلی Roumélie. بەم بۆنەیەوە سەرۆکە ئایینە سونییەکانی ساوج-بولاق دەرفەتیان قۆزتەوە و بڕیاری جەنگی جیهاد-یان دا دژی شیعەکان کە ئەمە بوو بە سۆنگەی زۆر ڕەشەکوژی ترسناک، بە تایبەت لە دەوروبەری مەراغە. ساڵی ١٩٠٥ تورکیا لەسەر سنووری تورکی-ئێرانی لە کێشەدا بوو و لاجانی داگیر کرد و بارەگەی سەرکردایەتی موحەمەد فازیل پاشا یەکەمجار لە پەسوێ بوو بەجۆرێك کە هەموو هەرێمی موکریانی گرتەوە. ساڵی ١٩١٤ سنووری تورکی-ئێرانی بە یاریدەی نوێنەرانی ئینگلیز و ڕووس دیاریکرا و سنوور گەڕایەوە شوێنی پێشووتری خۆی، واتە بە درێژایی قەندیل. لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی بزووتنەوەیەکی نوێ ی تورکی-کوردی دەستپێکرد، کۆلۆنێل ئەیاس، کۆنسلی ڕووسیا لە ساوج-بولاق لە میاندواو لە ١٦ ی دیسامبەری ١٩١٤ کوژرا. دواتر سەرلەبەری ناوچەکە بوو بە شانۆی ئۆپیراسیۆنی سەربازی ڕووس و تورك کە بە دوای خۆیەوە ناوچەکەیان وێرانکرد.

پێنج بنەماڵەی گەورە بەگزادەکانی موکری پێکدەهێنن: هەمووشیان ناوی بابا ئەمیری ( بابامیری) یان هەڵگرتووە و ڕەچەڵەکی خۆیان دەگێڕنەوە سەر ئەمیر پاشا. باپیرەی ناسراویان بۆداق سوڵتانە کە لە





ساوج-بولاق دا نێژراوە.، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمیر بەگی دووەم زۆر ڕوون نییە. بەگوێرەی ڕیچ ( I, 300 ) براکەی بابا سولێمان لەوانەیە لە دەوروبەری ١٧٠٠ ژیابێ. لەبارەی ژیانی بۆداق سولێمان چەند ئەفسانەیەکی سەیرو سەمەرە هەیە: دەڵێن گوایە کوڕی فەقێ ئەحمەدە، ئەم فەقێیە ژنێکی گەنجی فرانسەوی بەناوی کەیغان Kêghân ( Rich, I, 291, 299, 389) هێناوە، لووتکەیەك لە لووتکەکانی قەندیل بەناوی خان بوداخ کەیغان کراوە ( ناوی شوێنەکان لە موکرییەکان بە ناوی ژنانەوەیە). کوڕەزای بۆداق لە نەوەی دووەم، عەزیز خانی سەرداری حاکمی ئازەربایجان بووە کە ساڵی ١٨٦٨ مردووە. دو مۆرگان (II, 40-1) پەسنی توانای کوڕەکەی، سەیف الدینی حاکمی ساوج-بولاق و سەرداری موڵکە جوانەکانی بۆکان دەکات ( ساڵی ١٨٩١ مردووە) و لە شوێن خۆیەوە حسێن خانی سەرداری موکری جێهێشت کە چەند جارێك حوکمرانی ساوج-بولاقی کردووە و ساڵی ١٩١٤ لەکاتی داگیرکردنی تورکی کوژرا. بنەماڵەکانی دیکەی بابا میری موڵکیان لە ئاختەچی، تورجان و یادئاباد (یالاوە) هەیە.

ڕاولینسۆن وەسپی ئۆرگانیزاسیۆنی زەویدارێتی ساوج-بولاق دەکات. بنەماڵەکانی بابا میری Bâba-mîri بەرهەمی زەوییەکە وەردەگرن و ئاغاواتەکان دەیەك و جووتیارەکانیش ئەوانەی کە سەرپەرشتی کشتوکاڵەکە دەکەن پێنج یەکی وەردەگرن. بێگومان ئەم بەشدانانە هەر تەنها هی بەکرێدانەکەیە لەکاتێکدا باقی بەرهەمەکە خەرجی وەبەرهەمهێنانەکەی لێدەردەهێنرێ. ئۆ. مان دەڵێ ئەم سیستمە هێشتا هەر پێشکەوتووە، گەرچی داب و عورفە دەرەبەگایەتییەکان بەڕووێکی گشتی بەرەو لەناوچوون دەچن. هۆزی دێبوکری تەنها ڕۆلێکی لاوەکی یان هەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە موکری ماوەیەکی دوور و درێژ وەك هەرێمی پشتاو پشتی دێبوکرییەکان دەیانڕوانییە دەریاس. بە درەنگەوە دێبوکری وەك بە دیاردەکەوێ توانیان دووبارە کاروبارەکانیان ڕێکبخەنەوە و بڕێك سەربەخۆیی لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکەکانی ئێستەیاندا بەردەستبخەن. باپیرەی گەورەیان برایم ئاغا لە دیاربەکر؟ ەوە هاتووە. لە نزیك ساوج– بولاق گوندێکی چکۆلانە بە ناوی دێبوکر هەیە و ناوی دێبوکری دەبێ لەوەوە هاتبێ. پێوەندی نێوان دێبوکر (دەهی بۆکر؟) و دیاربەکر هێندە ڕوون نییە. هەرچۆنێك بێ زاراوەی دێبوکری کە لە شەرفنامە دا ناوی نەهاتووە بۆیە نابێ کۆن بێ، بەلام ناونانیان بە ناوی بنەماڵەیەکی سەرۆکەکەیان مانای کەونارایی ئەو دانیشتوانە نییە کە لە بندەستی سەرکهۆزەکانیاندان.

ناوچەی لاجان، وەك ئەو ناوەی کە لە ڕووی گۆکردنەوە لەوە دەچێ گیلان بێ کە جاران پێیان وتووە لاریجان. هۆفمان (op.cit, 244, 263) لای وایە لاجان سلق الاودی Salak al-Awdi عەرەبییە و لەهەمان کاتیشدا نکولی لەوەش ناکات کە وشەی سلق وشەی Silices مان وەبیردەهێنێتەوە. لە شەرفنامە ( بەرگی دووەم، لا: ٢٧٩) دا هاتووە کە سلێمان بەگی سۆران دەڤەری زەرزا ( پێش ٩٩٤؟) تالانکردووە. پاشان دەربڕینێکی شێواو ( I, 280 ) ئەوە بەدیار دەخات کە لاریجان بەشێك بووە لەو دەڤەرە و پیر بۆداق لە زەرزایەکانی دابڕاندووە. زەرزایەکان ئێستە لە ناوچەی شنۆ لە نزیك باکووری لاجان دەژین. مێژووی گەیشتنی بڵباسەکان، دانیشتوانانی ئێستەی لاجان نەزانراوە. بڵباسەکان پێکەوە لەگەڵ کەولۆسی، لە چەند بەشێکی جیا جیای شەرەفنامەدا لە ڕۆژئاوای قەندیل دا ناویان هاتووە کە تاوەکوو ئێستە چەندین تیرەیان ( مامەش بنە، خدری، مامە سێنی ) لەوێدا دەژین. لەسەردەمی راولینسۆن بڵباسەکان هێشتا سالانە باجی ١٠٠٠ تومانیان داوە بە موکرییەکان.

هەرچی پێوەندی بە بانە–وە هەیە کتێبی شەرەفنامە دەڵێ ئەم ناوچەیە کەوتۆتە نێوان ئەردەلان، بابان، و موکری و دوو بەشە، بەشێکیان ناوچەی بانە خۆی لەگەڵ قەلای بیرۆز Biruz.، بەشەکەی دیکەی بریتییە لە قەلای شیوە ( بەکوردی: "دۆڵ")، کە دەبێ هەمان ئاوایی شوێ Shwe بێ لەو ناوچەیەی کە لە باشووری ڕۆژئاوای بانەیە. کۆنە مەڵبەندی قەزاکە، کە ناوە ڕەسمییەکەی بە فارسی بە شێوەی بهروز دەنووسرێ کە کەمێك لە دووریی شاری بانەی ئێستەکەیە، بەلام ناوەکەی بەو ناوە کوردییە بلاوە کە بە شارەکە بڕاوە: بەڕۆژە بەواتەی ("لەبەر هەتاو خستوو") دێ. میرەکانی بانە ( *Sharaf-nâme*, I, 320) نازناوی ئیختیار الدین یان هەبووە، چونکو بە " ئارەزووی خۆیان" (بە اختیار خود ) چوونەتە سەر ئیسلام. هەمان نووسەر سەرەتا باسی میرزا بەگی بانە دەکات کە کچی بێگە بەگی حاکمی ئەردەلانی هێناوە کە ئەمە بووەتە سۆنگەی ناکۆکی نێوان ئەو و خەنیمێکی کە کۆتایی بەوە هات بەشێوەیەکی کاتی هەرێمەکەی لەدەست بدات. کوڕەکەی بۆداق بەگ، کە لە لایەن براکانیەوە ڕەدوو نرابوو، پەنای بۆ بەر شا تەهماسپ برد، بەلام لە قەزوێن مرد. شا فرمانی بە حاکمی مەراغە کرد کە براکەی بۆداق، سولێمان بەگ بکات بە حاکمی بانە و ماوەی ٢٠ سالان ناوچەکەی بەڕێوە برد و پاشان دەسەلاتی بۆ بەدر بەگی Badr-Beg زاوا و برازای جێهێشت. بنەماڵەی ئیختیار الدین خۆیان دەبەنەوە سەر عەباسییەکان و دواتر دەبن بە واسالی* *vassale* والییەکانی ئەردەلان. لە دەورانی گەشتەکەی ڕیچ (I, 217, 248) نوراللەخان حاکمی

---

* واسال *vassale*: قەلەمڕۆ




www.rabari.org

پشتاوپشتی بانە بووە و خزمەتکارە پیرەکەی ونس (یونس) خان (دەوروبەری ساڵی ۱۸۹۰) کوشتوویە و دەسەڵاتی لە بانە گرتۆتە دەست. پاشان کوڕەکەی حەمە (موحەمەد) خان پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانیی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. لەوەتای ساڵی ۱۹۱۲ –ەوە بە فەرمانی تاران، بانە لە سنە جیاکرایەوە و بە حکومەتی ساوج–بولاق وەلکێنرا.





**بیبلیۆگرافیا**

Ker Porter, *Travels in Georgia, Persia etc*. (Londres 1822) II, 453-98; Col. Monteith, *Journal of a tour through Azerbaidjan*, J R G S, 1833, III, 5-6; J. O. Fraser, *Travels in Kurdistan*, (Londres 1834); J. Cl. Rich, *Narrative of a residence in Kurdistan*, (Londres 1836) I, 223-60; H. Rawlinson, *Notes on a journey from Tabriz in 1838*, *JRGS*, 1840 X (وتارێکی گەلێك گرینگە); Ritter *Erdkunde*, VIII (1838), 393; IX (1840) 586, 597, 603-4, 631, 807, 822, 940, 944, 1014-36; M. Wagner, *Reise nach Persien und dem Lande der Kurden* (Leipzig 1852), II, 100-12; N. Khanykov, Poyèzdka v. Pers-Kurd. dans *Věstink Imp. Russ. Georg. Obeč*. 1852, VI (trad. Allemande dans *Arciv f. wissench. Kurde v. Russland*, XIII, 1854, p. 515) ; Perkins, *J. Am. O S.*, 1851, II, p. 38; Lerch, *Isslědovaviya ob. iran. Kurdakh*, 1856, I, p. 17 (ئەو بەشەیان لە چاپە ئەڵمانیەکەدا فەرامۆشکراوە); *Scheref-nameh, publ. Par Véliaminof-Zernof* (St. Pétersbourg 1860), I, 279-96, traduction de F. B. Charmoy (St pétersbourg 1873), II,



www.rabari.org

135-53 ; Thielmann, *Streifzűge im Kaukasus* (Berlin 1875), p. 321 ; Čirikov, *Putevoi journal* 1849-52 (St. Pétersbourg 1875), publié comme tome IX des *Zapiski Kavkaz. Otděla Imp. Russ. Geogr. Obsč.* ; Khurshïd-Effendi, *Siyāhat nāme-i hudūd, trad. Russe de Ghamazov* (St. Pétersbourg 1877); G. Hoffmann, *Auzüge aus syrischen Akten pers. Märtyrer, dans Abh. F. d. Kunde des Morgenlandes*, 1880, p. 208-16; H. Schindler, *Reisen im nordwestlichen Persin, Zeitsch d. Gesell. F. Erdkunde zu Berlin*, XVIII, 1883, 341-3; Mrs. Bishop (Isabella Bird), *journeys in Persia a. Kurdistan* (Londres 1891) II, 207-10; de Morgan, *Miss. Scient. En Perse*, Etudes géogr., II (Paris 1896), I-44 (Photographies, cartes); W. B.Harris, *Form Batum to Bagdad* (Londres 1896), p. 162-233 ; l même, *A journey in Persian Kurdistan, Geogr. Journ*. IV, 1895, 453-60; le même, *Wanderings in Persia, dans Blackwood Magazine*, 1895, p. 736-53 ; S. G. Wilson, *Persian life ana customs*, 2ème éd. (Londres 1896), 99-122; A. Billerbeck, *Das Sandschak Suleimania* (Leipzig 1898); Ghilan, *Les Kurds persans et l'invasion ottomane, R M M*, 1908, mai(1-22), oct. (193-210) ;





Lehmann-Haupt, *Armenien eint und jetzt* (Berlin : 1910), I, 219 ; V. Minorsky, *Naselenie někotor. pogranič. okrug. dans les Materialy po izučen. Vostoka* (St. Petersbourg 1915), II, 435-52, 462-71; A. Iyas, *Poyězdka po pers. Kurdist. dans les Izvěstia Minist. Inostr. děl*. 1915, N°.4 (photographies nombreuses); le même, *Sāudj buläk, dans les Donesenia Ross. Konsul. Perdstav, izd Minist. Torgovli*, N°38 (1914) ; V. Minorsky, *Stela Keli-shīn* etc., dans les Zap., 1917, XXIV, 145-93. Pour la ligeuistique voir: Houtum-Schindler, *Beitrāge zum kurd. Wortschatze dans Z D M G,* XXXVIII, 43-109 ; O. Mann, *Die Mundart der Mukri-Kurden, Kurd.-Pers. For-schungen, Abteilung* IV ; Band III ; Teil I (1906) textes ; Teil II (1909) traductions; L. O. Fossum, *A Practical Kurish Grammar*, Minneapolis 1919, p. 1-279 (dédiée à la mémoire du Col. A. Iyas).

Cartographie: Khanykov, *Maopf Azerbaidjan dans Zeitschr. f. Allg. Erdk.,* (Berlin 1862), nouv. Série, XIV; de Morgan, *Carte de la partie centr. du Kurdistan* (1 :250 000), *Miss. Scient. en Perse*, Prais 1895 (atias) ; cartes russes : 2 verstes au pouce (1913-5) et 5 verstes au pouce.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنچینەکانی کورد

Voir également les cartes et quelques unes des photographies dans E. Herzfeld, *Pāikūlī monuments and inscriptions of the early history of the Sasanian Empire* (Berlin, 1924).





www.rabari.org

# سەنجابی

سەنجابی* Sindjabî (Sendjabi) هۆزێکی کوردییە لە دەڤەری کرماشان. سەنجابی هاوینان هۆبە و ڕەشماڵیان لە پێدەشتی ماهیدەشت Mahidasht و هەرێمی جوانڕۆ Djwanru هەڵدەدەن و زستانانیش بۆ زەوی و زاری خوارووی ئەڵوەند Alwand کۆچ دەکەن ( بە کوردی حەلەوان Halawan کە لە ناوی کۆنی حولوان–ەوە هاتووە،) کە لە کەناری چەپییەوە لە نزیک خانەقی دەگاتەوە ڕووباری دیالە. لێرەوە لەوەڕگایەکانی سەنجابی لە سەرپێڵ تا چیایەکانی ئاغ داغ، باخچە و قەتار Katar ( لە باشووری خانەقی) درێژدەبنەوە و لە باشووریشەوە تا دەگەنە قەڵا نەفت. هێڵکێشانی دیاریکردنی سنووری تورکی –ئێرانی ساڵی ١٩١٣ بەشێکی ئەم هاوینەهەوارانەی هۆزی سەنجابی بۆ تورکیا جێهێشت کە

* ڕاستییەکەی گۆکردنی وشەکە بە کوردی (سنجاوی)یە، وەرگێڕ.





دواتر ئەنجامی ئەم دابەشکردنە بە ڕەسمی ناسرا. سەنجابییەکان لە کەناری ڕاستی ئەڵوەند لە پارچە زەوییێکی بچووك لە باکوور و لە ڕۆژئاوای قەسری شیرین دەژین کە تا سنووری ئێستەی نێوان ئێران و تورکیا دەگرێتەوە و دەیان ئاواییان لەو دەر و ناوچانەدا هەیە. هۆزی سەنجابی لە ١٢ تایەفە پێك دێ ( چەلەبی، دلیان، سیموەند، سورخەوند، هەق نەزەرانی، هتد). ژمارەی خێزانەکانی سەنجابی نابێ لە ٢٥٠٠ خێزان زیاتر بێ کە لەوانەیە ٥٠٠ خێزانیان تەواو سەنجابی بن.، ئەوانی دیکە بریتین لە چەند تایەفەیەکی تێکەڵاو: لووڕەکان ( ئەرکەوازی، وەتکەوەندی) کوردەکانی جاف ( بەراز) و گۆران ( تفەنگچی). نزیکەی ١٥٠٠ خێزان لە گروپەکانی سەنجابی زستانە هەواریان لەسەر ڕووباری ئەڵوەند بەسەر دەبەن و بەگوێرەی سۆن سەنجابی بە کوردی قسە دەکەن، واتە بە دیالێکتێك کە سەر بە دیالێکتی گروپی کورمانجی نییە. سەرۆکهوزەکانی سەنجابی زۆربەی کات وەك والی هەرێمە سنووری قەسری شیرین بەڕێوەدەبەن. هۆزی سەنجابی کەتیبەیەکی ٢٠٠ سوارەی غەیرە نیزامی دەخەنە بەردەست حکومەت.

شەرەفنامە باسی سەنجابییەکان ناکات. بە قسەی سەنجابییەکان خۆیان، ئەوکات لە بەیات Bayât ی نزیك شیراز دا ژیاون کە لەوێوە سەرۆکهۆزەکەیان بەختیارخان Bakhtiyar-khan هێناویانەتە هەرێمی کرماشان و بۆ ماوەیەك لەوێدا پێکەوە لەگەڵ گۆرانەکاندا ژیاون. ئەمە لەوانەیە باوەڕی ئایینی بە ئەهلی هەق بوونیان لێکبداتەوە کە هەرچۆنێك بێت لە ڕووی دەرەوەدا زۆربەی جار خۆیان وەك شیعەی دوانزە ئیمام دەناسن. لە دەورانی حەسەن خان چەلەبی کوڕی بەختیارخان، سەنجابییەکان یەك هۆزی سەربەخۆ و جیاواز بوون. کوڕی حەسەن خان،

شێرخان صمصام الممالك ساڵی ١٩٠٥ بوو بە سەرۆکهۆز و ساڵی ١٩١٥ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مرد. کوڕەکانی: قاسم خان، عەلی ئەکبەر خان هتد لە ئۆپێراسیۆنە سەربازییەکانی ١٩١٤–١٩١٨ ڕۆڵیان بینی و لایەنگیری تورك بوون و هەڵوێستی دوژمنکارانەیان بەرامبەر بە ئینگلیز و ڕووسیا وەرگرت.

## بیبلیۆگرافیا

Čirikov, *putevoï journal,* St. Pétersbourg (1875), passim ; E. Soane, *In Disguise to Mesopotamia and Kurdistãn* (1912); A. Orlov, *Putevyie dnevniki de 1913 dans Materialy po Vostoku,* II, Petrograd 1915; H. Rabino, *Kermanchãh*, *R. M. M.,* mars 1920 (لێکۆڵینەوەیەکی پشت ئەستوورە بە زۆر بەڵگەنامە).

# سەرپێڵی زەهاو

سەرپێڵی زەهاو Sarpul-î Zohab ( سەر پردی زەهاو) ناوچەیەکە لە نزیک چیای زاگرۆس و لەسەر ڕێگەی گەورەی نێوان بەغدا و کرماشان، ناوەکەی لە پردی بەردینی دوو کەوانە گومەزی سەر ڕووباری ئەڵوەن–ەوە هاتووە کە دەڕژێتە چەپی ڕووباری دیالەوە. سەرپێڵ ئەمڕۆ تەنها قەڵایەکی چکۆڵەی لێیە ( کوورخانە=" دەبۆ") کە جاران جێنشینی حاکمی زەهاو بووە ( عادەتەن وا هەبووە ئەم مەنسەبە سەرۆکهۆزێکی گۆران بەڕێوەی بردووە)، کاروانسەرایێك، باخچەیەك، بێشەڵانێك لە داری سنەوبەر و نزیکەی چل ماڵێك دەبن. هەرچی شاری زەهاوی کۆنە دەکەوێتە نزیکەی چوار سەعاتەڕێ لە باکوورەوە و ئێستە بۆتە وێرانە. لە لای ڕۆژهەڵاتەوە لەو دیوو گاشەبەردەکانی چیای هەزار جریاب هەرێمی بشیوە ( بە کوردی





واتە بۆ خوارەوە) ی لێیە کە لە ڕێگەیەکدا کە بەدەوری چیای زاگرۆس پێچ دەکاتەوە و یارمەتی بە سەرکەوتنی دەربەندی (پاتاق)ی ناسراو دەدات کە کەوتۆتە سەر ئەو بەرزاییەی کە بیناسازی ساسانیی ناسراو بە تاقی گیرە Girra ی لێیە. لە ڕۆژئاواوە بەرزاییەکانی ملە یاقووە کە پێدەشتی سەوزەڵانی سەرپێڵ لە قەسری شیرین جیا دەکاتەوە و سەرپێل ئێستگەی سروشتی هەزاران زیارەتچی ئێرانییە کە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانی (کەربەلا و مەزارە پیرۆزەکانی دیکەی شیعە دەکەن) جا هەرکە وەرزی حەج داهات ( لە پاییز و زستانان) دەبینین سەدان ڕەشماڵ و دەوار لە نزیك پردەکە هەڵدراون. ئەم ڕەشماڵانە هی هۆزێکی کوردیی–قەرەجن، بە ناوی سوزمانی (فیوج) کە ژنەکانیان بە سەما و گۆرانی وتن و بەدڕەوشتی ناسراون.

سەرپێڵ لای ئاشوورییەکان ناوچەی خەلمانو *Khalmanu* و لای عەرەبەکان حەلوان دەگەیەنێ. ناوە کۆنەکەی لە ناوی کوردیی ئەڵوەند ماوەتەوە کە حەلوانە. پاشماوەی کۆنی شارەکە کە زۆربەی لە کەناری چەپی (پای پل) ماوەتەوە و زەوی زارەکەی پێدەشتێکی جوانی پێکهێناوە. سەرپێڵ بە پاشماوە کۆنەکانی بەناوبانگە: ١– نەخش و نیگاری پەهلەوی بەسەر تاوێرەکانی کەناری ڕاستی ئەڵوەن.، ٢– سێ نەخشی بەردین لە هەزار جریاب Hazar-Djarjb ( لەسەر کەناری چەپ) کە دوانیان هی ساسانییەکانن (پارتەکان؟) و سێیەمیشیان تەمسیلی ئانوبانینی، پاشای لولوەکانە.، ٣– لە دوورایی ٣ کیلۆمەتر لە باشووری هەزار جریاب، گڵکۆی ئەخمینییەکان کە لەسەر بەردێکی پیرۆزکراو داتاشراوە و تا ڕۆژی ئێستەشمان پیرۆزە و کاروانی میلیین لە باشووری هەزار جرجیاب، گڵکۆی ئەخمینیی هەڵکەنراو لە بەردی ناسراو بە کەلی



www.rabari.org

داودی لێیە کە تا ئەمڕۆش ئەهلی هەقەکان پیرۆزی دەکەن و لە بناری ئەم تاوێرە بەردانە گۆڕستانێکی ئەهلی هەقەکانی لێیە.

## بیبلیۆگرافیا

H. Rawlinson, *J R G S*, IX, 1839, p.39; Ritter, *Erdkunde*, IX (Berlin1840), p.460 ; J. F., *Memoirs*, dans les *selections from the records of the Bombay Government*, XLIII, New series, p.150; Čirikov, *Putevoi journal* (St. Petersbourg 1875), p.313 et passim; J. P. Ferrier, *Voyages en Perse*, Paris 1860, I, 29; de Morgan, *Miss. Scient.*II, *Etudes géogr.* (Paris 1895), p.106 ; IV, *Recherches archéol.*, première partie (Paris 1896), p.149-71, les planches VII et XII donnent des croquis détaillés de la localité ; E. Aubin, *La Perse d'aujourd'hui* (Paris 1908), p. 348 ; Sarre-Herzfeld, *Iranische Felsreliefs* (Berlin 1910), p. 61 ; Herzfeld, *Am Tor von Asien* (Berlin 1920).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەقز

سەقز Sakkiz شار و هەرێمێکە لە کوردستانی ئێران، لە ڕووی ئیدارییەوە تاوێك لە لایەن سنە و تاوێکیش لە لایەن تەورێز بەڕێوە براوە و دەکەوێتە سەرووی ڕووباری چەغەتوو لە ڕۆژهەڵاتی بانە. خەڵکەکەی کوردی موکری و لە ڕووی ئایینەوە سوننەی مەزهەب شافیعین، هەروەها مورید و شێخەکانی نەقشبەندیشی لێیە. بنەماڵەی خانە ناوەخۆییەکانی سەقز خزمایەتییان لەگەڵ والییەکانی ئەردەڵان دا هەیە. ئەم شارە ۱۲۰۰ ماڵ دەبێ، دوو مزگەوت و بازاڕێك و هی تری لێیە. هەرێمی سەقز ( بە میرەدێ Mirede–شەوە کە سەر بە سەقزە) ۳٦۰ ئاواییە. بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ۱۲۹٦ ی کۆچی هەرێمەکە ۳٤۰۲٤ کەس بووە. باجی ساڵانەی حکومەت گەیشتبووە ٦۳۰٤ تومان. بڕوانە: اکبر وەقائیع نیگاری کوردستانی، حدیقەی ناصریە ( مێژووی دەستخەتی کوردستانی ئێران کە لە ساڵی ۱۳۰۹ ی کۆچی نووسراوە.

# شەهرزوور

شـەهرزوور Shehrizur، شـارازوور Sharazur (شـەهرەزول Shara-zul: لـە شـەرەفنامەی شـەرەفخانی بەدلیـسیدا) یەکێکـە لـە هەرێمـەکانی کوردستان. شارەزوور بە مانای وشەکە دەشتێکی جوانی بەپیتی (٤٠ ×٥٠ کیلۆمـەترە) دەگرێتـەوە و دەکەوێتـە ڕۆژئاوای زنجیرە چیای هـەورامان. لـە باشـووری– ڕۆژهـەڵات هاوسـێی دەڤـەری هـەورەمانی لهـۆنی ئێرانـە.، لـە باشـوور ئـاوی سـیروان سـنووری دەڤەرەکـە دیـاری دەکـات، شـارەزوور لـە باشـووری–ڕۆژئـاوا دا تـا ڕاڕەوەی دەربەنـدیخان درێژدەبێتـەوە کـە لـەوێوە ڕووبـاری سـیروان (دیالـە) دەبێتـە ڕێگەیـەك بـەرەو خـواروو، لـە ڕۆژئـاوا دا شـارەزوور هاوسـێی عەربەتـە کـە سـەر بـە سلێمانییە.، لـە باکـوور لووتکـە





چـیای هـەورامان (کـوڕە کـاژاو) لەگـەڵ هـەرێمی قەراچـواڵان (شـاربانژێر)ی جیادەکاتـەوە. لقـەکانی ڕووبـاری تانجـەڕۆ، کـە لـە سـلێمانییەوە دێـن و دەڕژێنـە نـاو سیروان و پێدەشتی شارەزوور ئاو دەدەن. لـە گرینگترین ئـەم لقانـە ڕووبـاری زەڵمـە کـە لـە ناوچـەی بـاکوور لەگـەڵ ڕووبـاری چـەوتان یەکدەگرنەوە.

چـیایەکانی نـادۆر و بـاڵامبۆ کـە لەسـەر کـەناری چـەپی سـیروان بەرزدەبنـەوە پێدەشـتی شـارەزوور لـە کـەناری ڕاسـتی ئـەم ڕووبـارە جیادەکاتەوە (هەرێمی شاق–مەیدان)ە، ناوچەی شەمیران کە کەوتۆتە سەر کـەناری چـەپی پێـچکردنەوەی سـیروان ئـەویش وەك دەڤـەرێکی سـەر بـە شارەزوور دەژمێردرێ.

مەڵبەندی کۆنی شارەزوور کەوتۆتە لای بەیەکگەیشتنی ڕووباری زەڵم لە پێدەشتی گوڵعەنبەر کە ناوە ڕاستەقینەکەی پێدەچێ غولام (خولام)بەر بێ کـە لـە ڕووی فۆنەتیکـەوە هـاوجووتی نـاوە کوردیەکـەی: خورماڵـە کـە ئێـستە مەڵبەنـدی قـەزای ئەلەبجـە (ئەلفاچـە، هەڵەبجـە)یـە، شارۆچکەیەکی ٥٠٠ ماڵی کە ٢٢ ماڵی جوولەکە و چەند ماڵە مەسیحییەکیشی تێدایە.

پێدەشتی شارەزوور سەر بە کوردەکانی جافە. لە دەورانـی گەشتەکەی ڕیچ دا (I, 107 ) چەند کۆلۆنی ئەفغانی لە هەرێمی "شارەزوور" دا هەبووە کـە پاشمـاوەی سـەربازەکانی ئـازاد خـان بـوون و سـاڵی ١١٦٨ لـە کـاتی جەنگی ئازاد خان لەگەڵ کەریم خانی زەند لەوێدا مابوونەوە.

لە باشور–ڕۆژهەڵاتی شارەزوور لـە دوو خەرەنـدی هاویـەك کە لووتکە چیایەکانی هەورامان پێکدەهێنن، لە نێو ڕەزەباخ وجەنگەڵاندا ئاواییەکانی بیارە و تەوێڵەی لێیە کە سەر بە شێخەکانی نەقشبەندین و ژمارەیەکی زۆر زیارەتچی لە هەموو لایەکەوە، هەتا لە ڕووسیا و هیندستانیشەوە ڕوویان



www.rabari.org

تێدەكەن. لە تەوێڵە مزگەوتێكی جوانی لێیە كە لە لایەن شێخ عومەر بینا كراوە و خۆیشی هەر لە بیارە نێژراوە. ئەم دوو ئاواییە دوو ناوچەی داخراون لە هەورامانی لهۆن و دیالێكتی هەورامانی لەم گۆشەیەی شارەزوور تا گوڵپ بەرەو باكوور قسەی پێدەكرێ. دەڵێن ئەم دیالێكتە هەتا پێنجوین-یش هەر قسەی پێدەكرێ.

هەرێمەكە (شارەزوور) پێوەندییێكی توندی بە باوەڕدارانی ئەهلی هەقەكانەوە هەیە: موریدەكانی ئەم تایەفەیە چاوەڕوانن كە ڕۆژی حەشر لە ناو پێدەشتی شارەزوور دا بقەومێ (لە ئاو و هەوای وەرزی دروێنەی شارەزووردا " *شاهرەزیولیوم خارمانیندا* " هەر ئیماندارێك چاكەی خۆی وەردەگرێتەوە)

بەشێوەیەكی فراوان شارەزوور لە دەورانی عوسمانیدا ئەیالەتێك (هەرێمێك)ی كەركووك بووە كە ئەمە بووتە سەرچاوەی بە هەڵەچوون لە زاراوەی جوگرافیاییدا.

مێژوو. لە دەورانی ئاشوریەكاندا بیلێربێك Billerbeck شاهرەزوور بە ناوەندی نیشتەنی وەڵاتی زاموا دەناسێ كە لە سەردەمی ئاشورناسرپالدا گەلی لۆلۆی تێدا ژیاوە. ستڕێك Streck وا دەردەكەوێ لەگەڵ ئەم نیشتەنیەی زاموایە یەكڕا بێت (ZA،(1900) XV، 284 ). عەرەبەكان ( ابن مهلهل) شارەزوور (بەشێوەیەكی وردتر بە دوزدان )كە لە چەندین ئەفسانەی تەوراتیدا بە (ساول) تاوت ( داود) ناوی هاتووە“ دەبەستنەوە كە ئەمە جێگەی باوەڕ پێهینانە بەوەی كە لەم دەوروبەرانەدا چەند كۆلۆنی بەهێزی جولەكەكان هەبووە. چەند ژمارە گڵكۆ لە دەشتی شارەزوور دا هەن پێ لەسەر گەواهینامەكانی تیۆفان Théophane و مسعر بن مهلل دەگرن كە ئەو هەمەچەشنەیەی خاڵەكانی نیشتەجێبوونی ناوچەكە دەگرێتەوە.





شاری هەرە گرینگ نێوی نیمەزرای (نیمراه)ی هەڵگرتبوو. واتە "نیوەی ڕێگە" لە نێوان تەیسەفوون Ctésiphon و ئاتەشگای شیز (تەختی سولەیمان لە ئازەربایجان). چیركۆڤ Çirkov و هێرزفێلد Hersfêld (لەسەر نەخشەكەیاندا ) نیمراه بە گوڵعەنبەر دەناسنەوە“ كە ئەمە ئەو ناسینەوەی مسعر ( لای یاقوت) دەگرێتەوە كە نزیكی شارەكە لە چیایەكانی شاران Sharan و زەڵم Zalm دەبینێ. گێڕانەوەی هەرە دڵنیا كەرەوە (ئیبن ئەلفەقیع ١٩٩، موستەوفی ١٠٧) كە دروستكردنی(شارەزوور. و) بۆ كەوادی Kawädhی ساسانی، كوڕی پیرۆز( ٤٨٨ – ٥٣١) دەگێڕێتەوە، پاشماوەكانی یەكێك لە پردەكانی ساسانیەكان لەسەر سیروان كە قەڵای شەمیران Shamiran دەیپاراست“ نیشانەی پێوەندییەكانی نیمراه دەگەیەنێ لەگەڵ قەسری شیرین. لەوەی دواییاندا ڕێگە پردێك لە تەیسەفوونەوە لكێكی بەرە و هەمەدان یا وەكو بەرە و شارەزوور دەچێ (ئیبن روستا، ٦٤، ئیدریسی چاپی Janbert، ٥٦) لەلایەكی دیكەوە بە گوێرەی راولینسۆن Rawlinson ((JRAS ١٨٦٨) ٢٩٦ – ٣٠٠) پاشماوەی پەیكولی Päy-Küli لەسەر كە ناری ڕاستی سیروانە كە لە بەردەبازی بانیخێلانەوە دوور نییە و هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی نیمڕاه دیاری دەكات و گەورە پشكێنەرەكان لەو باوەڕەدان لە یاسین تەپە بەرە و باشووری ڕۆژئاوای دەشتایی شارەزوورەوە دۆزرابێتەوە. پاشماوەكە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی یەكەمی ساسانییەكان پێش دروستكردنی ڕێگەی نیمراه، ڕاستیەكەی دەكرێ شوێن چەند پشكنینی دیكە هەڵبگرین لە دەشتاییەكەدا. بە گوێرەی ئیبن خوردابە (١٢٠) ساسانییەكان دوای هاتنە سەركار، بەپێ بەرەو شیز حەجیان كردووە. پاشماوەی پەیكوڵی دەبێت ڕێگە نێشاندەر بوو بێت. هێرزفێلد Hersfêld وادەی داوە بەشی جوگرافی



www.rabari.org

دۆزینەوە نوێیەکانی ئەم هەرێمە بە کتێبێکی سەربەخۆ بلاّو بکاتەوە. دواجار کوردەکان بە ڕیچ دەڵێن ( I، ٢٦٩) کۆنە (شاری شاهرەزوور ) لە قزقەلاّ، لەباشووری خۆرهەلاّتی عەربەتەوە بووە ) بڕوانە نەخشەکەی Haussknecht) ەوە.

شەهرەزوور Shahrazür لە زۆربەی جاردا لە مێژووی کەلێسای نەستووریەکاندا بە بەشێکی دێرەیی diorése بێت گەرمای (-Bâ Djarmak ناونراوە. (synodicon oriental) چاپی شابۆ، Chabot ١٩٠٢،٣٦٦) ناوی کەشیشەکانی لە نێوان ٥٥٤ و ٦٠٥ دا ناوزەد کردووە. ئیمپراتۆر هێرکلیوس لە ماوەی سێیەمین هێرشی بۆ سەر فارسەکان لە مانگی فێڤریەی ٦٢٨ بە شارەزوور دا ڕەتبووە'' ناوچە و شارەکانی ئاگر تێبەرداون''؟

325; ، éd. De Boor،Theophanis Chronographa Chronicon Paschale، هەردوو گرافیکەکە ئەوە نیشاندەدەن کە ـ .éd Dindorf،I،730) گۆکردنی زوور Zür ڕاستە نەوەکا زۆر Zör ).

عەرەبەکان ئەوانیش لە دەورانی ساسانیەکاندا گەیشتوونەتە شارەزوور (ئیبن فەقیە، ١٣٠) ڕەوشی دوورەدەستی شارەزوور زۆبەی جار یاخیبووەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و داڵدەی داون (خەواریج و خەرامیەکان). ئەم هەرێمە لە زۆربەی جاراندا لەتەك ساماگهان Sämaghän و داراباد Däräbäd نێوی براوە (قودامە، ٢٣٢) کە ئێمە شوێنەکانیان بەتەواوی ناناسین. لەسەردەمی ئیبن موهەلیل (٣٧٠-٩٤٢) شاهرەزوور ٦٠ ٠٠٠ کەس (؟) بووە. هۆبە tente کوردییەکانی: جەلالی (ڕیچ I، ٢٨٠، گەلالی (؟)، بازیان، هەکامی و سولی (شولی؟) هەمان نووسەر شیز کە پێدەچیٚ هەڵەی (خوێندنەوەکە بیٚ) بڕوانە هۆفمان ٢٥١) بە یەکێك





لەشارەکانی شاهرەزوور دادەنیٚ و ئیشارە بە شارۆچکەی دوزدان؟ دەکات کە دەکەوێتە نێوان نیمڕاه و شیز. ناوەکانی دیکەی شوێنەکانی شاهرەزوور تیرانشاهە (ئیبن ئەسیر) کینا (؟) و دایلماستان (یاقووت). لە نێوان ساڵەکانی ٤٠٠- ٤٣٤/١٠١٠-١٠٤٣ بنەماڵەی کوردی حەسەنوەیهییەکان حوکمڕانی شارەزووریان کردووە. لەسەدەی شەشەم تا دوانزەهەم تورکمانەکان و ئەتابیکیەکانی زەنگی هەرێمەکەیان وە بندەست گرتووە. لەسەردەمی یاقووت موزەفەر ئەلدین کەوکەبەری، ئەتابێکی هەولێر لە شارەزوور دانیشتووە. لە ١٢٢٦/٦٢٣ بومەلەرزەیەك ناوچەکە وێران دەکات. بە گوێرەی ئەلعومەری (لە ٧٤٩/ ١٣٤٨ دا مردووە) شارەزوور "پێش لە دانیشتووان چوڵکردن" کوردەکانی کۆسە Küsa ی تێدا ژیاون (ڕیچ I،٢٨١) ئیشارە بە بەشێکی ئەم بنەچانە دەکات و هەروەها ناوی شوێنەکان، وەکو، کۆسار، مادێنا، مامینیو – کۆسا" دوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن هۆلاّکۆوە، کوردەکان پەڕیوەی میسر و سوریا بوون، (حوسنا (؟) کەکان شوێنیان گرتنەوە کە ''کوردی تەواو نین''. کە ئەمە شایەد چیانشینەکانی هەورامان بگەیەنیٚ کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ داوێنی ڕۆژئاوای ئەم چیایەیان داگیرکردووە. لەلایەکی دیکەوە، یەك کۆسا کە ئا. ڤۆن لوك لە ساڵیٚ ١٩٠١ لە دیمەشق چاوی پێکەوتووە بە دیالێکتی زازا ئاخاوتووە کە زمانی قسەکردنی کوردیی تەواو نییە. تەیمور لەساڵی ١٤١١/٨٠٣ لە ڕێگەی بەغداوە بۆ تەورێز بە شاهرەزووردا ڕەتبووە ) زەفەرنامە،II، ٣٧٠: ? *az rähi Shahrizür wä- kaläghi* ).

شارەزوور لەشەڕی تورك – ئێرانییەکاندا ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە، بە گوێرەی شەرەفنامە، بنەماڵەی ئەردەلاّن (بڕوانە بابەتی سنە) کە پێشتر لە شەهرەزووردا نیشتەجیٚ بوو بوون، مێژووی ناوخۆیی سنە باس لەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکـات کـە قـەڵای زەڵـم لـە لایـەن بابـا ئـەردەڵان لـە سـاڵی ١١٥٨/٥٦٤ بوونیـاتنراوە. سـوڵتان سـولەیمان دەوروبـەری سـاڵەکانی ١٥٣٧/٩٤٤، قەڵـەمڕۆیانی ئامێدیـەی بۆ داگیرکردنـی شاهرەزوور نارد، بـەڵام چونکە لـە گوڵعەنبـەر بـە تونـدی شـوورەپارێزی لێکرابـوو، ئەردەڵانییـەکان دووبـارە دەسـەڵاتی خۆیـان لـە ناوچـەکە دا چەسـپاندەوە (شـەرەفنامە، ٨٤) شـا عەبباسـی یەکـەم ئـەم شـوورەپارێزیەی تێکـشکاند، بـەڵام لـەکاتی هێرشـی ئێرانییـەکان، خوسرەو پاشا لـە ساڵی ١٦٣٠ چاکی کـردەوە. پەیماننامـەی ١٦٣٩/١٠٤٩ ڕووی ڕۆژئـاوای چـیایەکانی هـەورەمان و قـەڵای زەڵمـی بـە تورکیا بەخشی. جاران دەبـێ گۆڕینکاریـەکان بە هێواشـی بووبن، چونکـێ تاڤێرنیـێ Tavernier لـەکاتی گەشتەکەی ساڵی ١٦٤٤، شوێنی سنووری تـورکی – ئێرانـی زۆر دوورتـر لـە ڕۆژئـاوا دەبینیـێ، سـلێمان خـان، والـی ئـەردەڵان ئوردوویـەکی لـە "شـارێکی گـەورە" دا هـەبووە کـە شـوێنەکەی دەکەوێتـە جێگـەی گوڵعەنبـەر. پێویـستە ئـەوە تێبـینی بکـەین کـە، تاڤێرنیـێ Tavernier واپێدەچـێ کـە نێوی (شاهرەزوول)ی بـە نـاوی شـاری ئالتون کۆپری (؟) دەستنیشانکردبێ. لە دوایـن جاردا ئەردەڵانیـەکان لـە شارەزوور دوور خرانـەوە. هەرێمەکـە لـە ڕێگـەی سـەرۆکە ناوخۆییەکانـەوە کـە حوکمڕانییـان پـشتاو پـشت بـووە و لەلایـەن ئەستەموولەوە دیـاری دەکـران" بەڕێوە دەچوو.

لە دەستپێکی سـەدەی هەژدەهەمـدا، حوکمگێڕی عێـراق حەسـەن پاشا لەلایـەن بابیعالیـەوە کوردسـتانی خـوارووی خرایـە بندەسـت. ئەیالـەتی شارەزوور کە لە سنجاقەکانی: کـەرکووك، هـەولێر، کوێسنجاق، قەرەچواڵان (شـاربازێڕ) ڕوانـدووز و هـەریر پێکهـاتبوو، موتەسـەللیمەکانی Mütesellims لە لایەن بەغداوە دیاری دەکران (خورشید ئەفەندی، ١٩٩،





٢٦٢) بـەڵام هـەر زوو سـەرۆکەکانی بابـان (بڕوانـە مـاددەی سـلێمانی) شاهرەزووریان خستە ژێر قەڵـەمڕۆی خۆیانـەوە. لـەکاتی ڕیفۆرمی ئیداری سـاڵی ١٨٦٧ ەوە، لەگـەڵ دروسـتکردنی ویلایـەتی مووسـڵ، نێـوی شاهرەزوور بە نێوی سنجاقی کەرکووکەوە کرا" کە بریتیبوو لە قەزایـەکانی Kadäs: کـەرکووك، هـەولێر، ڕانیـە، ڕوانـدووز، کۆیـە و صـەلاحیە بـەڵام ئەوەی زیاتر ڕەوشەکەی زیاتر ئاڵۆز کرد ئەوەبوو پێدەشتە ڕاستەقینەکانی شاهرەزوور خرایە پاڵ سنجاقی سلێمانی ( V. Cuinet, *La Turquie* *d'Asie*, II, 764 ).

لەسـەدەی حەڤدەهەمـەوە لقێکـی هـۆزی جـاف (بڕوانـە مـاددەی سـنە) لەسـەر زەوییـەکانی تورکیـا جێگیربـوون. پێدەشـتی شـاهرەزوور، هـەروا ژمارەیـەکی ئاواییـەکانی کفـری و پێنجـوین هتـد" بـەر لـە جـەنگی یەکـەمی جیهانیی لـەژێر دەسـەڵاتی سـەرۆکەکانی جاف، عوسمان پاشا و مـەحموود پاشا دا بوون. ئەم بنەماڵەیە دەستیان کرد بـە پێکـەوەنانی کـار ڕاپەڕانـدنی حکوومەتی کە بابیعالی ویستی بەرە بەرە بێهێزیان بکات. ماوەیەکی درێـژ حکومـەتی کـارای شـارەزوور لـە ژێـر دەسـەڵاتی شـکۆی عادیلـەخانم (لـە بنەواندا خەڵکی شاری سنەیە) بێوەژنی عوسمان پاشا بەڕێوە دەچوو. سۆن وەسـپێکی سـەرنج ڕاکێـشی کۆشـکی چـکۆلانەی عادیلـە خـانم دەکـات لـە هەڵەبجە.

**ئارکیۆلۆژی.** لـە نێـو گرینگترین دە کێلـە بەردەکانی پێدەشتی شارەزوور ( نەخشەکەی Hausknecht ) ئەمانەن: بەکراوا ( چریکۆڤ: بەرزییەکەی ٤٠ مەتر، ڕووبەری ڕووپێوەکەی ٤٥٠ پێیە و ئەوەی تر شوورە و سەنگەرێگی پـانی ٢٠ مـەتر بەرینـە)، یاسـین تەپـە ( F. Jones : شـێوە چوارگۆشـە، بەرزییەکـەی ٩٠ پـێ، ڕووبەرەکـەی لـە باکوورەوە بـۆ باشـوور ٣٢٠ پێیـە).



www.rabari.org

چەند کەلاوەی گرینگ لە گوڵعەنبەر دا هەن ( چریکۆڤ: شوورەی لە بەرد داتاشراو، تاوەر و کەناڵی هەڵواسراوەی کۆن). لە شیوی زەڵم بەرزتر لە گوڵعەنبەر قەڵای زەڵمی لێیە. قەزوینی (اثار البلاد، ٢، ٢٦٦) و وشەی زەڵم بەوە لێکدراوەتەوە کە تۆوێکە تایبەتمەندێتی بەهێزکەری وروژاندنی ئالۆشی هەیە لە جێگەیەکی دیکە دەست ناکەوێ. ( تاڤێرنیێ لەسەر ڕێگەی شارەزوور–سنە باسی درەختی سەوسەن دەکات کە هەمان تایبەتمەندێتی هەیە. کتێبی جهانما ( لا: ٤٤٢) بە دۆڵی تەسکی نزیك زەڵم دەڵێ " نیشتمانی ئەفسووناوی شین" و " ئەشکەوتی قسە تێکەڵاوکەر" (خلاطي كلام)، ئەم دیمەنە ناوخۆییانە باسدەکات: قەڵای عەلی زەلم ( بێگومان لە بریتی زەڵم)، قەڵای کەلاوەی یەزدجرد Yezdedjird و ئەشکەوتێکی (سروشتی) کە پەیژە و پەنجەرەی لەبەرد داتاشراوی هەیە. بەم بۆنەیەوە دەتوانین ئەم گێڕانەوەیە مەسیحییەی صەبریشۆ بگێڕینەوە کە دێرێکی لەسەر چیای شاران دروست کردووە. ( Labourt, *Le christianisme dans l'Empire Persan*, Paris, 1904, p. 210). ئەم قایمکارییەی کە لەسەر ڕووباری زەڵم کراوە گرینگی ئەم شوێنە ئاشکرا دەکات: کە ویستوویانە شارەزوور لە پەلاماردانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵات هاتوو بپارێزێ. وێڕای ئەوەی کە ڕێگەی هاتوچۆی ئاسایی لەگەڵ ئازەربایجان لەو ڕاڕەوانە بوو کە زۆر ئاسانتر بووە و زیاتر کەوتوونەتە باکوور ) چاغان، گاران، نەوخوان و ڕاڕەوەکانی بانە).





**بیبلیۆگرافیا**

Rawlison; *Memoir on the site of the Atropatenian Ecbatana*, *I R G S*, X, 1841, p. 41-101; Gerland, *Die persischen Feldzgüe d. Kaisers Heraclins, Byz. Zei*tschr., III, 1894, 330-370; A. Pernice, *L'imperatore Eraclio* (Firenze 1905), p.165. Les données des auteurs arabes ont été résumées par Le Strange, *The Lands of the East. Caliphate*, p. 190-1 et surtout par P. Schwarz, *Irān im Mittelater* (Leipzig 1925), VI/I, 694-705. Les deux versions du témoignage de Mis'ar b. Muhalhil se trounent dans Yākūt (éd. Wüstenfeld), III, 340 et Kazwīnī, *Āthār al-bilād*, (éd. Wüstenfeld), II, 266 ; la traduction de Shihāb al-Din al- Umarī dans les N. E. XIII (1838) ; Hādjdjī Khalifa, *Djihān-numā* (Stambūl 1145) ; p. 445 (traduction chez Charmoy, *Cheref-nameh*, I/I, p.127, 423) ; Tavernier, *Les six voyages* (Paris 1692), I, 197 ; Rich, *Narrative of a residance in Koordistan*, 1836, I, 107, 269, 390-1 ; Hammer- Purgstall, G. O., 1840, III (ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٣٠) ; Ritter, *Erdkunde*, IX, p. 442-7,



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

459 ; F. Jones, *Narrative of a journey to the frontier of Turkey and Persia, dans les Selections from the records of the Bombay Government*, XLIII, new series (sans date), p. 204; Čirikov, *putevoï journal,* St. Pétersbourg (1875), p. 438 et passim; khurshīd-efendī, *Siyāhat-nāma-i hudūd* (trad. Russe 1877): Shehrizūr-eyāleti, pp.199-262; Hoffmann, *Auszüge aus syrischen Akten pers. Märtyrer*, 1880, p. 254 et passim; E. Soane, *In disguise to Mesopotamia and Kurdistan* (London 1912); Materiali po Wostoku (Petrograd 1915), p. 203, 340, 354.

Cartographie :نەخشەکەی F. Jones; Haussknecht-Kiepert, *Routen im Orient,* III, *Kurdistan et Irak ; E. Herzfeld, Paikuli, Monument and inscription of the early histiry of the Sasanian Empire* (Berlin 1924) نەخشە ، پێوەری I : 200.000

pp. 356-358.



www.rabari.org

# سوڵتان ئیسحاق

سـولّتان ئیـسحاق Sultan Ishâk( زۆربـەی جـار بـە سـولّتان سـوهاق، سولّتان سوهاك)، کەسایەتییەکی سەرەکییە لە باوەڕی تایەفەی ئەهلی هـەق ( بە ڕوویّکی گشتی پیّیان دەلیّن عەلی ئیلاهی). یەکەمین ویّنەی کە خوادی تیّـدا تەجـەللی بـوو (خاوەنـدگار، عـەلی، باباخوشـین) هاوجووتـە لەگـەلّ قۆناغـەکانی شـەریعە، تەریقە و مەعریفە، بەلاّم چوارەمین ئەوتار *awtar* ( تەجـسیدی خـودایی) سـولّتان سـوهاکە کـە بـەرزترین پلـەی عیرفانـە کـە حەقیقەتە.

هــەموو شــایەتەکان گــەواهی ئــەوە دەدەن کــە ســولّتان ئیــسحاق کەسایەتییّکی میّژوییە. تایەفەی ئەهلی هەق بۆ ئەوە دەچن کە لـە سـەدەی چواردەهەمدا ژیاوە. دەلّـیّن گوایـە کـوڕی شـیّخیّك بـووە بـە نـاوی عیـسا و





دایکی ناوی خاتوون دایرە (دایرەك) ی کچی حەسەن بەگی جەلالە بووە. لـە ژنەکەی خاتوونە بەشیر حەوت کوڕی لیّ هەبووە کە پیّیان دەلّیّن حەوت تەن (بۆ جیاکردنەوە لە حەوت کوری دیکە کە پیّیان دەلّیّن هەفت توانا). وەك هـەر یـەك لـەم حـەوت ئـەوتارە بنـچیەنییانە، سـولّتان سـوهاك چـوار (پـیّج) فریشتەی دەست و پیّوەندی خۆی هەیە: بینیامین، داود، موستەفا، دودان، پـیر موسـی ( و خاتوونـە دایـرە) کـە هـەر یـەکیّکیان ئـەرکیّکی جیـاوازی پیّسپیّردراوە.

لـە شـیکردنەوەی نـاوی کەسـەکان و نـاوە جوگرافییـەکانی نـاو کتـیّبی ئـاییني ناسـراویان (سـەرەنجام) دا هـاتووە کـە بازنـەی چـالاّکی سـولّتان ئیـسحاق ئـەو بەشـەی کوردسـتان بووە کـە کەوتۆتـە نیّـوان چیای زاگـرۆس (دالەهۆ) و ڕووباری سیروان (دیالە).

ویّـردی ئایینی تـورکی ناسـراو بـە "قوتـب نامـە" *Kutb-nâma* بۆ ئـەوە دەچـیّ کـە سـولّتان ئیـسحاق بـە زمـانی گـۆرانی قسەی کـردووە کـە ئیّـستە خەلّکی ناوچەکە قسەی پیّدەکەن، خەلّکی ئەم ناوچەیە گەرچی لە ڕەگـەزی ئیّـرانین، بـەلاّم لـە ڕووی زمانـەوانی و لەوانەشـە لـە ڕووی ئیتنیکیـشەوە کوردی ڕاستەقینە نەبن. گلکۆی سولّتان ئیسحاق و یاوەکانی لە پەردیّوەر لەسـەر کـەناری ڕاسـتی ڕووبـاری سـیروان لـە هـەورامانی لهۆنـە. ئـەو دەسـتخەتە مونازەرییـەی* کـە لـە کـۆکراوەی ئـۆ. مانـە ( *Preussische Staatsbibliothek, acc.mss,* 1904, n°. 30, fol. 8) سـولّتان ئیسحاق بە نـاوی جامـەیی حـەق *djâma-yi Hakk* (" تەجسیدی خـوا" و موقـەننی قـانوونی حەقیقـە ( داریّـژەری یاسـای حەقیقـەت) نـاو دەنـیّ. (ڕاسـتیەکەی زۆربـەی ویّردەکـانی ئـەم تایەفـە دەگەڕیّتـەوە بـۆ سـولّتان

* مونازەرە : polélique

ئیسحاق، بە نموونە وەسیەتی سەر ئەسپاردن بە ( پیرێك) ئەو پەیمانەیە کە خوداوەند (پاشای جیهان) لەگەڵ بینیایمین بەستوویەتی بەر لەوەی لەسەر زەوی لەسەر شێوەی سوڵتان ئیسحاق بەدیار بکەوێتەوە. بینیامین دەبێ ڕۆڵی پیر و پاشای جیهان ببینێ چونکو ڕایگەیاندووە "*تالیب* tâlib *دەبێ گوێڕایەلی فەرمانەکانی پیرەکەی بێت.، دەشێ فەرمانەکانی جێبەجێبکەم، بەڵام ئەگەر من ببمە پیر و تۆ ببیتە تالیب، تۆ ناتوانی ئەوەی من فەرمانت پێدەکەم جێبەجێیان بکەیت* ". ئەمە لە سەدای باوەڕدارانی ئیسماعیلی دەچێ کە بۆ ئەوە دەچن خودا لە هەموو سیفاتێك داماڵراوە و دروستکردنی گەردوون دەگەڕێتەوە بۆ "عەقڵی کوللی: ( پاشای مەزن، عەقڵی هەموانە). C.F, *Fragment relatifs à la doctrine des Ismaélis,* Paris, 1874, p. 43, 162)

تەواوی لقەکانی تایفەی ئەهلی هەق کە لەسەر کەسە دوایینەکان کە خوداوەند تەجسیدی کردوون یەکگرتوونین، بەڵام دان بە سوڵتان سوهاك دادەنێن.





**بیبلیۆگرافیا**

Gobineau, Trois ans en asie, Paris, 1859, p. 347; Minorsky, Materiali dlia izuç sekti L'udi Estini, Moscou 1911, p. 41-54; Minorsky, Notes sur la secte du Ahli hakk, RMM, XL, p. 17, 37; XLV, P. 103, 281; Saeed-Khan, The Sect of Ahl-i Haqq, The Moslem World, 1927, XVII, n° 1, p. 31-4.



www.rabari.org

# سونقور

سونقور SUNKUR (sonkor) هەرێمێکە لە نێوان دینەوەر و سنە و سەر بە کرماشانە. بەو پێیەی ئەم هەرێمە کەوتۆتە نێوان– دینەوەر و ئازەربایجان، بۆیە بە شێوەیەکی نزیکەیی هەوەڵین قۆناغی ئەو دەر و ناوچەیە دەگرێتەوە کە– لە دینەوەر بۆ سیسار درێژ دەبێتەوە و ناوەکەی بەشێوەی الجرابی ( مقدسی، ص: ٣٨٢)، خربارجان (ابن خردابە، p. 119) ، قدامە ، 212 .p) هتد دەخوێندرێتەوە و کەوتۆتە حەوت فەرسەخی دینەوەر (لەگەڵ ئەوەی کە دووری ئێستەی نێوان کەلاوەکانی دینەوەر و سونقور لە ٢٥ کیلۆمەتر زیاتر نابێ). بۆیە لەوانەیە سونقور هەر هەمان هەرێمی مایبهراج بێ ( بلاذي، ص: ٣١٠ ) کە لە دەورانی خەلیفە مەهدی لە دینەوەر دابڕاوە و بە سیسار لکێنراوە ( Cf. Schwarz, Iran im Mittelater, IV, p. 977-90 ). لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بینیمان لە ناوی کوردی هۆزی پیرەوەند (بەهرەوەند) شوێنکارێك لە ناوی کۆنی پەهراج





Pahradj ("پاسەوانی*، وریایی** ") ببینین، کەوابێ زۆر ڕێی تێدەچێ ئەم هۆزە لە ناوچەی ڕۆژئاوا وەدەرنرابێ، چونکە ئێستە لە بەشی پاروو Parrau (=بێستوون) دان کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای دینەوەر، ( cf. Rabino, *Kermashah*, RMM, XXXVIII, p. 36 ).

ڕاڕەوی خۆش ڕێگەی "میلەماس" Mele-mâs لەسەر هێلی بەرزاییەکانی دالاخانی–ئەمڕۆلە* سونقور لە دینەوەر جیادەکاتەوە. بەرەو لای باکوور–ڕۆژهەڵاتی سونقور بە چیای پەنجەی عەلی ( نزهە القلوب، چاپی ل. سترانگ، لا: ٢١٧: پنج انگوشت) سنووردراوە و لە پشتییەوە ئەو ڕێگەیەی ڕاستەوخۆ لە هەمەدانەوە بۆ سنە دەچێ درێژدەبێتەوە. لقە ڕووبارەکانی دینەوەر، سونقور ئاو دەدەن کە دواجار دەڕژێنە ناو گاماسیاب (کەرخە). دەڤەری سونقور بە مانا وردەکەی ناوچەی زیتر ڕووە و باکووری کولیایی زێدەکرێ کە کەوتۆتە سەر ئاوەڕۆی ڕووباری گاوەروود و ئەم هەرێمە لە ڕۆژئاوا بە بێڵەوار و نیابت ( لەسەر ڕێگەی کرماشان –سنە (Cf. Rabino, O.C, p.12, 35) وەنووساوە. گرینگی دەڤەری سونقور لەوەدا سەرچاوە دەگرێ کە کەوتۆتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە حاجییەکان لە تەورێزەوە بۆ کرماشان دەیگرنە بەر. ئەو ڕێگەیە ئێستە بە دەوری بیجار (گەرووس) و سونقور دا دەسووڕێتەوە تا بە ناو خاکی کوردەکانی سنە نەڕوات و ڕێبوار لە دوای کاروانە ڕۆژێك لە سونقورەوە دەگاتە کرماشان. خەڵکی ئەم هەرێمە لە دوو توخمی جیاواز پێکهاتوون. لە شاردا (کە نزیکەی هەزار ماڵی لێیە) تورکی لێدەژین کە دەڵێن لە دەورانی مەنگۆلییەکانەوە تێیدا نیشتەجێبوون ( لە گۆڕستانەکان نەخشی کوفی

---

* custodia

** vigilia

* دالاخانی–ئەمڕۆلە: Dâlakhani-Amrula

بنچینەكانی كورد

لێیـە). سـەرۆكی سـونقور لەوانەیـە خزمـەتكارێكی مەنگوڵـەكانی شـیراز؟ بـووبێ). زمـانی خەڵكەكـەی (دیـالێكتێكی توركمانییـە؟) كـە چ لـە ڕووی تایبەتمەندێتی دیالێكتەكە و چ لە ڕووی تێكچوونی شێوازەكانی، زمانێكی سەیرە. شێوەی توركی عوسمانی گەلیۆرم گەلیریم بە شێوازی ناوەخۆیی بووەتە گەلەلورم گەلیرم: ما گەلورم، سا گەلوسا، او گالورا، بز گەلورخ، سەن گەلوسز، ئولار گەلولا " وەرەن" –گاكا (برۆ–گی. "دەمەوێ برۆم"– اسیورم گیام "ئەویش" (=اودە)، "لە پێرێوە" اسرا گونن...هتد.

جگە لە شارەكە، هەرێمەكە (١٦٥ ئاواییە) جوتیاری كوردی لێدەژین كە سەرۆكەكەیان سەر بە هۆزی كوردی كولیاییین. خانەكانی ئێستە دەلێن وەچەی هەشتەمی صەفی خانن كە لە سەردەمی دوایی سەفەوییەكاندا ژیاوە. لە ساڵی ١٢١٣ی ك ١٧٩٨ ی ز، عەلی همت خان كولیایی و براكەی باباخان (لە تایەفەی نانەكەلی) پشتگیری سولێمان خانی داوا كەری دەسەڵاتیان كردووە و لەلایەن فەتح عەلی شا كوژراون ( H.J. Brydges, History of the kajars, Londers, 1833, p. 58-9, 67 ). هۆزی كولیایی بە دیالێكتێكی كوردی قسە دەكەن كە لە كرماشانی نزیكە و بەوە گوناهباریان دەكەن كە مەیلی ئەهلی هەق (=عەلی ئیلاهی) یان هەیە.

# سۆما

سۆما Sâmâi : هەرێمێکی کوردییە لە ئێران لە نزیك سنووری تورکیا.
مانای سۆما لە کوردیدا واتەی " ڕوانین" دەگەیەنێ ( لە فارسیدا سومە واتای : " کۆتایی"، " کەوشەن" و" تەرەف" دەگەیەنێ، بڕوانە Vullers, II, 352 ). لە باکوور چیای بەرەدی، ئۆنجالك و ئاغوان، سۆما لە حەوزی ڕووباری زۆلاچای (شەپیران، سەڵماس) جیادەکاتەوە.، لە ڕۆژهەلات زەریاچەی ورمێ (لە هەرێمی ئەنزەل، لە باشووری ڕۆژهەلاتیش زنجیرە چیای شێخ بازید و لە باشووریش هەرێمی برادۆست لە باشووری ڕۆژئاواش لووتکەی کوتول، بەرەو ڕۆژئاوای دۆڵی بانگا کە بەرزاییەك پێك دەهێنێ دەچێتە ناو زەوییەکانی تورکیا ( ناوچە تورکیەکانی بازارگە، گەوەر). بڕێك جار سۆما ناوچەکانی شەپیران و ئەنزەلی بالا-ش بەخۆوە دەگرێ.





لقە باکوورییەکانی ڕووباری نازلوچای سۆما ئاو دەدەن و برێکیان ئاوەکەی دەڕژێتە ناو دۆڵە سەرەکییەکەی و یەکێکیان ( حەسەنی، بەردووك ) تا دۆڵی بانگاوە دێت و لە ڕۆژهەلاتی بەردۆك یەکدەگرنەوە بەرەو برادۆست دەچن، ئەو لقەی ڕووبارە دەگرنەوە کە بۆ دۆڵی بازارگە دێن و لە نازلوچای یەکدەگرنەوە و دەڕژێنە ناو ئەو زەریاچەی کە بە باکووری-ڕۆژهەلاتی پێدەشتی ورمێ وەیە.

بەگوێرەی شەرەفنامە، سۆما و برادۆست سەرەتا لە لایەن وەچەیەکی میرنشینی کوردی حەسنەوی بەرێوە بردراون کە دوای ئەو شکستەی کە شمس الدەولەی بویهی ساڵی ٤٠٥ (١٠١٤ ز) بە هیلالی کوڕی بەدری هێناوە، پەنایان بردووە بۆ باکوور. شەرەفنامە لە سەرتای سەدەی شانزەهەمدا باسی یەکێك لە کەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەیە دەکات کە ئەویش غازی قڕانی کوڕی سوڵتان ئەحمەدە، کە شا سمایلی یەکەم وەك یادداشتی سەرەڕۆییەکانی ناوچەکانی: سۆما، تەگەوەر و دۆڵی پێداوە، بەڵام پاشان دایە پاڵ سوڵتان سەلیم. وەچەکانی چوونە ژێر دەسەلاتی والی وان و بۆ چەند چڵێك دابەش بوون و دوایین میری سۆما کە شەرەفنامە باسی کردبێ، ئەولیا بەگ بووە ( ساڵی ٩٨٥ ب کۆچی = ١٥٧٧).

ئەولیا چەلەبی ساڵی ١٠٦٥ ك (١٦٥٤) سەردانی ئەو ولاتەی کردووە کە کەوتۆتە نێوان وان و ورمێ و بینیوویە کە قەلای سەختی غازی قران هێشتا لەسەر بانێژەی چیایەکە دەڕوانێتە سەر پێدەشتی ورمێ، لە کاتێکدا کە بەشی ڕۆژئاوای سۆما هۆزی پنیانش Pinyanish تێدا نیشتەجێبووە ( کە ئێستەکە لە ناو خاکی تورکیا لە هەردوو قەزای گور و ئالیق ) دا دەژین. میری بردۆك نازناوی *چولق* میر عەزیزی (تاکدەست) بوو، ئەم قەلا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەختە کەوتبووە کەمێك خوارووی ئاشا ئاغای قەڵای پنیانس کە دەکرێ بگوترێ هەر بانگا خۆیەتی ( ٦-٥ کیلۆمەتر لەسەرووی بەردوك)ەوەیە.

زۆر ئاشکرا نییە داخۆ: میرەکانی سۆما ئەوانەی کە بە ماوەیەکی کەم دوای گەشتەکەی ئەولیا چەلەبی هاتوون، بڕێك کۆتەڵی یادەوەری سەیر و سەمەرەیان دروستکردووە کە سەر بە هەمان هۆزی پنیانش بوون. لە بەردوك مزگەوتێکی لە بەردی سپی و ڕەش داتاشراو و گۆڕستانێك و گلکۆی نزار بەگی کوری غازی بەگی لێیە کە ساڵی ١٦٦٠ ی ز-١٠٧١ ی کۆچی مردووە. کوڕەکەی سوڵتان تەقی سوڵتان کە نازناوەکەی ئەوە دەگەیەنێ کە دەسەڵاتی لە دەست خۆیدا کۆکردۆتەوە، چونکە- بێژەی (*سلطانلق*) واتە هەرێمێك دەگەیەنێ کە میر دایبڕیبێ- ئەو قەڵایەی کە لە نزیك بانگا بونیاتی ناوە لەپەڕی نایابی و شکۆوەیە، لەوانەیە نۆژەنکردنەوەی قەڵای پنیانیشی کۆنیش هەر لە سەردەمانی ئەودا بووبێ (١٠٧٨-١٦٦٧)، کە هێشتا لەسەر ئەو بەردەی کە لە دەروازەی بورجەکەیە پاشماوەی نەخشێکی هەڵکۆڵراوی دڕی بەسەرەوەیە کە ئەمە دەقەکەیەتی: *صاحب مالك-سلطان مراد بن سلطان*؟. لە ژێرەوەی قەڵاکە عیبادەتخانەیەکی لێیە کە لە لایەن زالی عادیل ناوێك (١١٠٣-١٦٩١؟) دروستکراوە، لەگەڵ مزگەوتێك. شێوازی ئەم بیناسازییە لە شێوازێ قەڵای مەحموودی (خوشاب) ی ڕۆژهەڵاتی وان دەچێ ( Cf. Binder, p.126-8).

ساڵی ١٨٥١ چریکۆڤ هێشتا باسی والی سۆما، بارۆ خان ناوێك دەکات کە دەستی بەسەر برادۆستدا گرتووە. ساڵی ١٨٩٣ شکاکەکان لە گونباد دوایەمین میری بنەماڵەی میرەکانیان کوشت کە ناوی قلیج خان بوو.

لە شوێنەوارەکانی سۆما دەشێ باسی: ١. شارۆچکەی زنجیر قەڵا Zandjir-Kala' بکەین کە ( دەکەوێتە نێوان سۆما و سەڵماس) کە دەبێ





هەمان ئەو بیناسازییە "شەدادییە" ی قەرنی یەزیك بێ کە ئەولیا چەلەبی باسی دەکات (IV, 281)، کە ناوەکەی ( ناوە خوازراوەکەی فەرهاد قاپووە) کە لای Blau, *Petrem . Mitt,* 1863, p. 201-10 باسکراوە.، ٢. ژورێکی داتاشراو لە بەرد لەسەر چیای کۆتول Kotul.، ٣. چەند ژووری دیکەی هاوشێوە لە دەروازەی نازلوچای لە پێدەشتی ورمێ. هەموو ئەم شوێنەوارانە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی وانی Wannique ( V. Minorsky, Kela-shin, لە گۆواری Zapiski, XXIV, 1917, p. 190 ).

## بیبلیۆگرافیا

*Sharaf-nāma*, I, 296-300 ; Ewliyā Čelebī, *Siyāhet-nāmesi* (Stambul 1315), IV, 277-83 ; Derwīsh pāshā, *Rapport officiel du commissaire pour la délimitation turco-persane en* 1269/1852, publié sans titre, Stanbul, Matbaa-i-āmire, 1286, réimprimé Stambul 1321 ; Čirikov, *Puteswoy journal* (St. Pétresbourg 1875), p.573-5 ; H. Binder, *Au Kurdistan* (Paris 1887), p. 108-12 ; V. Minorsky, *Materiali po Wostoku*, II, 477.ī



www.rabazi.org

# ئەهلی هەق

ئەهلی هەق (( پیاوانی خودا )): ئاینێکی نهێنییە بە تایبەت لە ڕۆژئاوای ئێراندا بڵاوە. ئەگەر بمانەوێ ناوێك بۆ ئەم تایەفە بدۆزینەوە دەبینین ( ئەهلی هەق) وەك دەردەکەوێ تێرمێکی بەربڵاوە، بۆ نموونە لە لای حروفیەکان Hurufi یش بەکارهاتووە، جگە لەوە لە تێرمەکانی سۆفیگەری دەچێ، وەك ئەهلی هەقیقەت ( ئەمەی دوایی لە لای ئەهلی هەقەکانیش بەکارهاتووە ). هەڵبەت ئەهلی هەق بە مانا فراوانەکەی ئەو ناوە ڕاستەقینەیە کە موریدەکانی ئەم ئایینە کە لەم وتارەدا باسکراون بە خۆیانی دەڵێن. ناونانیشیان بە عەلی ئیلاهی Ali–Ilahi کە هاوسێیەکانیان ناویان ناون ڕاست نییە چونکو عەلی کەسایەتی سەرەکی نییە لە ئایینی ئەهلی هەق، بێجگە لەوەش تێرمی عەلی ئیلاهی یش





دەرهەق بە تایەفەییێك بەکارهاتووە کە تا ئێستەکە نزیکایەتیان لەگەڵ ئەهلی هەق نەسەلمێندراوە.

تاقە میتۆدی دڵنیا بۆ وەسپکردنی ئەم تایەفە گەڕانەوەیە بۆ ماتریالە ڕەسەنەکان، لەگەڵ تەنها ئیشارە دان بەوەی گەڕۆکەکان لەمبارەیەوە نووسیوویانە. ئاستەنگەکانی ئەم هەوڵدانە لەوەدایە کە لە لایەکەوە ژمارەیەکی زۆر کەمی تێکست لەبەردەستدایە ( کە ئەوانیش بە دیالێکتی ناوچەیی و پڕ لە تێرمی مانا ون نووسراونەتەوە )، لە لایەکی دیکەشەوە ئەهلی هەق ژمارەیەکی زۆر تایەفەی چکۆڵانەی هەیە. کلێسای[22] église ئەهلی هەقەکان یەکێتی ئاقیدەیی یان نییە، بەڵکو زێتر نوێنەری کۆنفیدراسیۆنێکی چەند بزاڤی زۆر و زەوەندەن، بۆ لیستی کاتی ئەم دابەشبوونانە بڕوانە ، مینۆرسکی، *Notes* ..، لا ٤٦.

ئەهلی هەقەکان لە ڕووی تیۆرییەوە دوانزە خانەدان khanadan یا سیلسیلەن *silsila*، ( بڕوانە خوارتر )، بەڵان هێشتا لق لێبوونەوەی دیکە هەن کە لە ناو ئەم لیستەیەدا نین، بڕوانە سەیدەکانی جەلالی: (مینۆرسکی، *Notes*..، لا ٤٨ (٣٥) و تومارییەکان ( گروپێکی یەکجار ڕێزپەرن)، مینۆرسکی، I،Etudes . نووسراوەکەی گۆبینۆ Gobineau و فرقان الاخبار و ئەو تێکستانەی کە لە لایەن W. Ivanow بڵاوکراونەتەوە، زێتر دەربڕی سیستمێکی ئایینی فەلسەفین وەك لە مێژوویێکی سادە و ساکاری سەرئەنجام ( لە نوسخەی ئاتەشبەگی دا). لەبەر ئەوەیە ئێمە

[22] مینۆرسکی ڕاستە و راست لێرەدا وشەی église کە واتەی کلێسە دێ بەکارهێناوە، نازانرێ داخۆ ئەمە لەو ڕەوتە سەرچاوە دەگرێ کە بڕێك لە نووسەرە ڕۆژئاواییەکان بە زۆر و زۆردارەکی دەیانەوێ ئەهلی هەقەکان لە مەسیحییەکان نزیکبکەنەوە یاخوود ئەمە شتێکی دیکەیە، وەرگێڕ.

ئێستە ئەم لقە لەوانی دیکە چاکتر دەناسین، کەوایە ئەم باسەی ئێرە لەسەر بنەمای دەکۆمێنتەکانی ئاتەشبەگی نووسراوەو دواتر بە دەقەکانی فرقان الاخبار کە خامۆشی ( ؟) نووسیویەتی باسەکە تەواو دەکەین.

## بیر و باوەڕەکانی ئەهلی هەق

خاڵی سەرەکی لە بیرو باوەڕی ئەهلی هەق باوەڕبوونە بە وەدیارکەوتنی یەك لە دوای یەکی خودایەتی، کە ژمارەیان حەوتە. ئەوانە بەو پۆشاکەی لە بەریانە، ( لیباس، جامە، بە تورکی دۆن don ) لە تەجسیدی خوا دەچن. هەموو جار خودا هاوڕێ لەگەڵ چوار ( یا پێنج ) فریشتە بەدیاردەکەوێ ( یارانی چار مەلەك ) کە پێکەوە دەستەیەکی یەکگرتوو پێکدەهێنن.

تابلۆی موتەجەللیەکان بە گوێرەی دەستنووسی سەرئەنجام بەمشێوەیە: خوداوەند لە ئەزەلەوە لە ناو گەوهەرێکی داخراو بووە. یەکەمجار لە ناو کەسی (خاوەندگار) واتە ئافەریدەکاری جیهان تەجسید بووە. دووەمجار لە کەسی (عەلی) تەجسید بووە. لە سێیەمجار بە دواوە لیستەکە دەبێتە لیستێکی ئۆریژینال و تەواو تایبەت بە ئەهلی هەق. چوار قۆناغی یەکەم یەك لە دوای یەك بەرامبەر قۆناغەکانی مەعریفەی ئایینی دەوەستێ کە ئەوانیش: شەریعە، تەریقە. مەعریفە و هەقیقەن. بە گوێرەی هەموو چڵەکانی تایەفەی ئەهلی هەق، قۆناغی سوڵتان سوهاك گەیشتۆتە بەرزترین





پلە. بە پێچەوانەوە بڕێك بیر و ڕای لەیەك دوور لەسەر جێگرەوەکانی سوهاك دەگێڕنەوە.

وەك چۆن خوداوەند لە سەر شێوەی حەوت فریشتە بە دیاردەکەوێ، ( بڕوانە تابلۆیەکە)، ئەوا فریشتەکانیش یەك لەوەی دیکەیان تەجسید دەبن و بۆیە ناوەکانیان دەگۆڕێ، بۆیە دەبینین ناوی سەلمان لە دەورانی سوڵتان سوهاك و ناوی بینیامین لە دەورانی خاوەندگار دەهێنرێ، فریشتەکانیش لە خوداوەند دەردەچن، یەکەمیان لە بن هەنگلی خاوەندگار، دووەمیان لە دەم و سێیەمیان لە هەناسە و چوارەم و پێنجەمیان یەك لە دوای یەك لە ئارەقە و ڕوناکییەکەی دەرچوون. ( بڕوانە کتێبی سەرەنجام ). بە گوێرەی تێکستێکی دیکە بینیامین لە ئارەقە دروستبووە کە ڕەمزی سادەییە و داود لە هەناسە دروستبووە کە ڕەمزی تورەیی و موسی لە سمێڵ دروستبووە کە ڕەمزی رەحمەت و ڕەزبار لە ترپەی لێدانی دڵ دروستبووە کە ڕەمزی چاکەیە.

فریشتەکان ڕۆلی وەزیرەکانی خودایەتی دەبینن: بینیامین وەکیل و ڕابەرە ( پیر)، داود چاوەدێر ( ناظر) و قازی یە (؟) ، پیر موسی ئەو وەزیرەیە کە چاکە و خراپە دەنووسێ، و موستەفا دودان ( نوسیر) فریشتەی مردنە. دەلێن بە شێوەیەکی ئاسایی فریشتەکان چوارن ( لە بڕێك لیستدا و لە چەند سەردەمانێکدا ئەم ژمارەیە دادەبەزێ بۆ سێ )، بەڵام ڕاستیەکەی فریشتەی پێنجەم بە تایبەتی بۆ سێریمۆنیەکان دەستنیشانکراوە. ناوی نموونەیی ڕەزبار، رِةظبار Razbâr یا ڕەمزبار Ramzbâr ( نهێنی هەڵگر ) ە و تایبەتمەندێتی ژنانەی گفتوگۆ هەڵناگرێ. ئەگەرچی زایەندی ڕەزبار ماناکەی ڕوون نییە، بەڵام بڕێك لە زانیاریدەرەکان دەڵێن گوایە ڕەزبار نێرەمووك ( خنث) بووە. ڕەزبار ناوی نهێنی خاتون

دایـرە، دایکـی سـوڵتان سـوهاکە و نووسـەری ئـەم لیـستەی لـە سـەرەوە ئیـشارەمان پێـدا بـە هەڵـەدا چـووە وەختایـەك لـە ڕیـزی قۆنـاغی پێنجـەمی داناوە.

## دۆناودۆن و کۆتایی دونیا

باوەڕبوون بە دووبارەبوونەوەی تەجسیدی موتەجەللییەکان لای ئەهلی هەق بەرانبەر باوەڕی گشتی دۆنادۆن دەوەستێ (( هۆ مرۆیـەکان، لـە سزای مـردن مەترسن، مردنـی مرۆڤـەکان وەکـوو نوقومبـوونی مـراوی وایـە لـە نـاو ئـاودا )). مـرۆ دەبـێ ١٠٠١ جـار خـولی تەجـسید بـبڕێ کـە تێیـدا چـاکەی کردەوەکـانی دەدرێتـەوە *Notes*، ، لا ١٣١ ( ٢٥١). هەڵبـەت بـە گـوێرەی ***فرقان الاخبار*** I ، ٣٢، ٣٥، ٥٧، ٦٨ شـیمانەی پاکژبوونـەوە لـە جەوهـەردا دەوەستێتە سەر سروشتی خودی بوونەوەرەکان کە بڕێکیان لـە گڵـی زەرد ( زەرد گل ) دروستکراون کە ئەوانە چاکەکانن، هەرچی ئەوانی دیکەیە کە لـە گڵی ڕەش ( سیاه خاك ) دروستکراون ئەوانـە خراپـەکارەکانن. هەرچـەندە ( یەکەمینـەکان ) لـە جیهانـدا بـە نـاو تەجسیدا ڕۆبچن، ئازاریـان زێتر دەبـێ و زێتر لە خوداوەند نزیك دەبنەوە و بەشیان لە ڕووناکی زێتر دەبێت ))، بـەڵام (( خـەڵکانی تاریکـستان )) ténébreux هـەرگیز خۆرەتـاو نـابینن. بـۆ تـەواو کردنـی ئـەم بیروڕایانـەیان ئـەهلی هەقـەکان بـە گـەرمی لـە چاوەڕوانی وەدیارکەوتنی پاشای زەمەندان Maître de Temps کـە بـۆ ئـەوە دێـت تـا ( ئـارەزووی یـاران جێبـەجێ بکـات و ئـاپۆرەی گـەردوون بـدات )). لای ئـەهلی هـەق ژمارەیـەك کـەلامی خـودایی هەیـە کـە پێشبینی وەدیارکـەوتنی





مەسیح دەکەن. وەك چۆن ڕۆژی حەشر لە پێدەشتی شارەزوور یا سوڵتانیە دەقـەومێ کـە تیایـدا سـوڵتانەکان بنبڕدەکـرێن ( Notes ، لا : ٤٤ ( ٣١). بـە گـوێرەی فرقـان الاخبـار I ، ٥٧، باشـەکان دەچـنە بەهەشـت و لـە جـوانی خـودای گـەورە و بەخـشندە Maître des gén
érisités تێـدەفکرن لـە کاتێکدا خراپەکارەکان لەناودەچن.

## سێریمۆنیەکانی ئەهلی هەق

ئەهلی هەق ژمارەیەك سێریمۆنیی زۆر ڕەسەنیان هەیە.

یەکـەم: زۆر کـەم بـاس لـە نوێـژی کەسـیی دەکـەن، کەچـی بـە پێـچەوانەوە، ئەهلی هەقەکان زۆر بە توندی گرینگی بەو کۆبوونەوانە ( جەم ) دەدەن کە ( چارەسـەری هـەموو ئاسـتەنگێکی تێدایـە ). بایـەخێکی گـەورە بـە ژیـانی کۆلـەکتیڤی دەدەن و کۆبوونـەوەکان لـە کـاتی دیـاریکراو و ڕووداو گـەلی گرینگـدا دەبەسـترێن. لـەم کۆبوونەوانـەدا بـە مۆسـیقاژەنینەوە سـروودی ئاییینی تێدا دەچڕن.

دووەم: لە بۆنە دیارکراوەکاندا زیکر دەکەن. لەگەڵ دەنگی مۆسیقا ( ساز ) دەروێشەکان دەکەونە حاڵەتی لە جیهان دابڕان و بێئیحساسی بە شێوەیەك کە دەتوانن لەسەر پشکۆی ئاگریش بڕۆن یا بە دەست بیگرن.

سـێیەم: لایـەنی پێویـستی کۆبوونـەوەکان بریتییـە لـە بەخـشش و قوربانییـەکان *نـەزر و نیـاز* ( بەخشـشی بـرژاو و نـەبرژاو، بـە ئـاژەڵی نێرینەشـەوە، هێلکـە، مـەڕ، کەلەشـێر بـۆ قوربـانی دانـراون )، یـا خێـر و



www.rabazi.org

*خدمەت* ( کەبریتین لە خواردنی لێنراو یا ئامادەکراو وەك شەکر، نان هتد ) *فرقان الاخبار* I ، ٧٤، چواردە جۆر قوربانی بە خوێن و بیٚ خوێن ( قوربان خوندار و بیخون ) هەیە. سێریمۆنیەکانی قوربانیدان ڕێکدەخرێن و گۆشت لە ئێسك جیادەکرێتەوە، ئێسکەکان دەشارنەوە. گۆشتەکە دەکولێنن la viand bouillie و بەخششەکانی دیکە بەسەر ئامادەبووان دابەشدەکریٚ و بە شوێنیەوە خوتبەیەك دەخوێندرێتەوە، بە ئاهەنگەکە دەڵێن سەبز نمودن: (( سەوز کردن ) واتە ژیانەوە، ( زیندووکردنەوە).

چوارەم: وەك ئەوەی هەر دەروێشێك دەبیٚ بەرێوەبەرێکی هۆشیاری هەبیٚ (مورشید)، سەری هەموو ئەهلی هەقێك دەبیٚ بە پیرێك بسپێردریٚ. لەم ئاهەنگەدا کە پێی دەڵێن ( سەر سپاردن ) ئەو کەسایەتیانەی کە نوێنەری (( پێنج فریشتەکان )) دەکەن و بە دەوری ساوا تازە لەدایکبووەکە دەبن، پاشان گوێزێکی بوا une noix muscade ، وەك ڕەمزێك بۆ سەری منداڵەکە دەشکێنن، پاشان گوێزەکە وەکوو نووشتە amulette لەگەڵ پارەیەك کە پێی دەڵێن هویزە کە ڕەمزی ئەقیدەی شیعەی هەڵگرتووە بە بەرۆکی منداڵەکە وەدەکەن ( ناوی هویزە لە ناوی شاری هویزەی شیعە هاتووە لە ناوچەی خووزستان ) بڕوانە Notes ، لا : ٦٧ ( ٢٧٧) و W.Caskel لە گۆواری *Islamica* ، بەرگی چوارەم، ١٩٣١، لا ٤٨ و گوتاری مشەعشە. دواتر پێوەندییێکی سۆزی لە نێوان ئەم منداڵە و شێخەکەی دروستدەبیٚ، ئەم پێوەندییە ڕۆحیە لەگەڵیدا ژن خواستن لە نێوان ئەو کەسە و خێزانی شێخەکە قەدەغە دەکات.

پێنجەم: بە مەبەستی چاککردنی ئەخلاقی، پێوەندی تایبەتی لە نێوان یەك ( یا زۆر ) پیاو و خوشك کە بە برا و خوشك دەناسرێن ( شرطي اقرار )





دەبەستریٚ کە پێیان وایە ئەم پێوەندیە وێنەیەکی پێشەکی ڕۆژی ژیانەوە دەبێت ( بڕوانە، Notes ، لا: ٢٣٠، ئەمە لەگەڵ خوشك و برایەکاندا.

شەشەم: ئەهلی هەق زۆر بە وردی پارێزگاری لە نوێژ کردن دەکەن، بەڵام نوێژەکانیان لە سیٚ ڕۆژ زیاتر تێناپەریٚ. بەڵام وەك ئێزدییەکان رۆژوویان لە زستانان دایە ( بڕوانە، *Notes* ، لا: (٩٩) ٢١٠ ، دواتر جەژنیانە و لە ناو تەواوی تایەفە چکۆڵەکانی ئەهلی هەق تەنها ئاتەشبەگیە کە ڕۆژوو ناگرن (( چونکە ڕۆژی حەشر ( ڕۆژی کۆتایی) نزیکبۆتەوە)) بۆیە (( لە جیاتی بەڕۆژووبوون دەبیٚ ئاهەنگ بگێڕدریٚ )).

## فرقان الاخبار

نووسەری ئەم ڕیسالەیە حاجی نیعمەت اللە ی جیحون ئابادی نزیك دینەوەرە ( ١٨٧١- ١٩٢٠ ) و سەر بە خانەدانی خامۆشییە و پیٚ ی وابووە کە کاتی ئەوە هاتووە ڕاستی ڕاستییەکان کەشف بکریٚ. کوڕەکەی نور عەلی شا ( ١٣١٣ هـ-١٨٩٥ لە داکیبووە) بیۆگرافی باوکی نووسیوەتەوە و پێشەکی بۆ فرقان الاخبار نووسیوە و بەناوی ( کشف الحقایق ) ەوە. ئەم کتێبە دووپاتەی زۆر لەو شتانە دەکاتەوە کە پێشتر ناسرابوون، وێرای ئەوە فرقان الاخبار ترادسیۆنێکی جیاوازە لە ترادسیۆنەکانی ئاتەشبەگی، باسی "حەوت" سەردەمی تەجسید ناکات و شوێنێکی تایبەتی بە خاوەندگار و سوڵتان سەهاك دەدات. بەڵام ژمارە تەجسید کراوە کەمتر گرینگەکان زیادکراون ( باباناعوس و هتد ) . فرقان الاخبار بریتیە لە چوار بەش و بەشی یەکەمی تەرخانە بۆ بنەما گەورەکانی هەقیقەت کە خودا لە

ئەزەلەوە داینا وە، لە سەردەمی یای غەیبەت yâ-yi ghaybat ئەم خودایە بە شێوەی خاوەندگار *khawandagâr* بە دیارکەوتووە. یاساکەی هەر بەنهێنی بووە تا وەدیارکەوتنی سوڵتان سوهاك. دواتر دەفتەردارەکان *daftardâr* هەرکەسێك بە هەوەسی خۆیی و بە گوێرەی ئەم سەرچاوانەی لەبەردەستیدا بووە ئەم دۆکترینانەیان تۆمارکردووە، لە ئەنجامدا کۆمیونیتەی ئەهلی هەق یەك ( تاقە ؟) کتابی پیرۆزیان نییە و هەر چڵێکی ئەم کۆمیونیتەیە جیا لەوانی دیکە بیرو ڕای جیاجیای خۆی هەیە. ئەهلی هەقەکان پێویستیان بە جەمسەرێکی گشتی ( قطب الکل ) ی تاقانە هەبووە، بۆیە لەوەتای ١٩٠٦– ١٣٢٤ نیعمەت الله، بە فرمانی خودا جیهانی جێهێشتووە و بووە بە پەیامبەری زەمان، واتە پیر بینیامین ( وەکو بین–یا–مین واتە ( کوڕی دڵسۆزی یا ). دوای ئەوە لێکدانەوەی دۆنا ودۆن ( گردش دون ب دون ) دێ کە واتەی ( سەفەر لە پۆشاکێکەوە بۆ پۆشاکێکی دیکە ) دەگەیەنێ.

ئافەریدەکانی ئەم جیهانە، بە گوێرەی ڕەگەزی یەکەم کە لێ ی پێکدێن واتە ( زەرد گل و خاکی سیاه ) بۆ دوو بەشی جیاواز دابەشبوون، یەکەمیان ئەوانەن کە ڕزگاربوون و خەڵکی ڕوناکستانن سەرۆکی سەرداری یەك لە دوای یەکیان بێنیامین و سەید موحەممەدە ( لە شێوەی بوزرگ سوار ). هەرچی بەشە بەرێوەبەریەکەی دیکەیە تایبەت بە بوونەوەرەکانی ئاگر و زولمەتە کە سەرداری یەك لە دوای یەکیان ئیبلیس Iblis و خەنناس Khannâs –ن، کە لەگەڵیانەوە سێ خەلیفە هەوەڵیەکان موعاویە، عائیشە هتد بەشداری دەکەن لە تێکەڵبوونی ئەم دوو بەشە بوونەوەرانێك وەدیارکەوتوون کە دەکرێ هەتاوەکوو لە ڕوی دەرەوەشیان بناسرێنەوە.





بەشی دووەمی فرقان الاخبار تایبەتە بە وێنە تەجسیدییەکان بە درێژایی سەردەمەکان. هەروا ئەو تەجسیدانەی بینیامین کە بریتین لە نوح، عیسا و بە شێوەیەکی کاتیش ( مهمان) ڕۆستەمی نا و داستانی فارسی، ئەو وێنانەی کە ڕەزباری تێد دەردەکەوێ: بەلقیس، شاژنی سەبا، مەریەم هتد، هەروەها ئەو وێنانەی کە سەید موحەمەدی تێدا دەردەکەوێ: زەردەشت، پێغەمبەر موحەمەد هتد. دواتر مێژووی سوڵتان سوهاك و ئەوانەی دواتر هاتوون لێکدراونەتەوە.

بەشی سێیەمی فرقان الاخبار ئەزموونی کەسی نیعمەت الله و ئەو فەرمانانەی کە لە خواوە بۆی هاتوون لە کاتی ( گەشتەکەی بۆ ئەو دیو گەردوون ( سفری عقبا )، بە تایبەت پەیامی بۆ یەکگرتنەوەی خانەدانەکان، پاکبوونەوە لە گوناهەکان ( از خیانت پاك نمودن ) و چاکبوونەوە ( شافیعەت ) لە لای پاشای جیهان. بەشی چوارەمی فرقان وەسپێکی تەواوی ئاقیدە و عادات ( امر ونهی ) یە لەگەڵ تێکستی گۆرانی کە لە هەموو بۆنەیەکدا دەوترێنەوە.

## شوێنی ئەهلی هەقەکان

شوێنی سەرەکی ئەهلی هەقەکان دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێران لە لوڕستان و کوردستان ( وڵاتی گۆران لە زەهاو، شاری کەرەند *Kerend*) و لە ئازەربایجان لە ( تەورێز، ماکۆ ، چەند چڵیکیان لەمدیووی قەوقاز، بەتایبەت لە ناوچەی قەرەباغ. *Karabogh*، کۆمەڵەی بچووک بچوکی ئەهلی هەق بە نزیکەیی لە تەواوی ئێراندا هەن ( لە هەمەدان، لە تاران، لە مازەندەران، لە فارس و هەتا لە خوزستانیش هەن کە دەگێڕنەوە یەکێك لە برایەکانی خان ئاتەش چووەتە ئەوێ ). لە عێراق ئەهلی هەق لە ناو هۆزە کوردییەکان و تورکمانەکانی ناوچەی کەرکووك، سلێمانی و لەوانەیە لە موسل – یش هەبن.

پێوەندیەکانی نێوان ئەهلی هەق و ئەو تایەفانەی کە ناوی میللی عەلی ئیلاهیان پێدەڵێن یا ئەو تایەفانەی بە ناوی سوککراوەی وەك چراغ سوندوران *çiragh söndürän* ( چرا کوژێنەرەوەکان )، خروس کوشان ( کەلەشێر کوژان) هتد زۆر کەم ناسراوە ( بڕوانە بابەتەکانی بەکتاشی، داود، قزلباش، سارەلی، شەبەك لە ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلامدا). بە هەرحاڵ هەرچۆنێك بێت ئەوەی مایەی سەر سوڕمانە ئەوەیە کە کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەهلی هەقەکانی هەرێمی زەهاو بەسەر عەلەوییە قزلباشەکانی غازی عینتابدا دەبینرێ ( Trowbridge ،Cf. The Alevis، dans *Harvard Theological Revieu*، 1909، II، 340-، 55، ئەم گوتارە تەمموزی ١٩٢١ دووبارە لە گۆواری *The Muslim world* لا: ٢٥٣–٦٦ بڵاوکرایەوە.





## مێژووی ئایینی

ئەهلی هەق کەلەپورێکی مەزنیان هەیە لە ئەفسانە کە لەسەر شێوەی تەجسیداتی خودایی ڕێکخراوە. کۆکراوەی ئەم ئەفسانانە ناوی ( سەرئەنجام ) ە *Sarandjam* . سەردەمی خاوەندگار تەنها بۆ ئەفسانە گەردوونییەکان گرینگە. ئەو گێڕانەوانەی کە تایبەتن بە سەردەمی عەلی ( کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك بابەتی سەرکی ئێمە نییە) شیعە ئەوپەرگیرەکان ( غولاتەکان) ئیلهامیان لێوەرگرتووە. سەردەمی خوشین تەواو لە دەوروبەری لوڕستان دا بووە، ناوە جوگرافییەکان ئەوە نیشاندەدەن کە شارەزاییەکی تەواوی لەم ناوچەیەدا هەبووە. یەکێك لە فریشتەکانی خوشین، بابا تاهیرە ( بڕوانە ئەم بابەتە لە EI ) دا و چوارینەکانی بەم دیالێکتەی ئیشارەی پێدرا نووسراوە. چوارەم سەردەم دەکەوێتە وڵاتی گۆران و نزیك بە ڕووباری سیروان. ئەم وتانەی دراونەتە پاڵ سوڵتان سوهاك بە دیالێکتی گۆرانین کە زمانی پیرۆزی ئەهلی هەقەکانە ( بڕوانە فرقان الاخبار I ، ٣، هەروەها مینۆرسکی ( *The Guran*، *BSOAS*، In ،.XI/I، 1943، -77 103 ) . گەورەترین پەرستگەی ئەم تایەفە: باوە یادگار و پەردێوەر کە کەوتوونەتە هەمان ناوچەوە. ئایینەکە لە دەورانی دوایی گواستراوەتەوە بۆ ئازەربایجان و کەلامی تایبەت بەم سەردەمە بە ( تورکی ئازەری) دارێژراون. لەم ڕاستیانەوە دەتوانین ئەوە دەرئەنجام بکەین کە قۆناغەکانی بڵاوبوونەوەی تایەفەی ئەهلی هەق و گەشەکردنی بریتین لە لوڕستان– وڵاتی گۆران– ئازەربایجان.

ئەستەمە بتوانین مێژووەکان بە تەواوی وەبندەست بخەین بۆیە هەوڵدەدەین لە زانراوەوە بۆ نەزانراو بچین. خان ئاتەش، لە ئاجەری ( لە باکوری مەراغە لە دایکبووە ) و لە ئاوایی ئاتەشبەگی لە هەرێمی هەشتەرود، لە باکووری –ڕۆژهەڵاتی چیای سەهەند نێژراوە، کە واپێدەچێ ( لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم ژیابێ ( *Notes*، لا: ٤١ ( ٢٧). وەچە ڕاستەوخۆیەکانی دوای ئەم بەردەوامبوون کە حەوتەمیان ناوی سەید عبد العظیم میرزا ( ئاغا بەخشیش ) بووە و لە گارابان Garraban ( کە ناوی دورو– یشی پێدەڵێن دەکەوێتە سەر ڕووباری گاماسیاب لە باشووری بێستوون کە O. Mann سەری لێداوە ساڵی ١٩١٧ مردووە و کوڕەکەی موحەمەد حەسەن میرزا شوێنی گرتۆتەوە. بڵاوبوونەوەی هۆنراوە تورکیەکانی شا سمایلی سەفەوی جێگەی تێبینییە، ئەو کەلامەی بە ناوی قطب نامە *Kutb-nama* نووسراوە شا سمایل بە ( پیر ) ڕابەری تورکستان ناودەنێ. وادەردەکەوێ کە بڵاوبوونەوەی مەزهەبەکانی ئەهلی هەق لە ناو هۆزە تورکمانەکان بگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زۆر کۆنی پاشایەکانی قەرە قوینلو Kara-Koyunlu . پاشماوەی ئەم تورکمانانە کە لە ناوەڕاستی گەرەکێکی ماکۆ دا دەژین ، ئەهلی هەقن. بە هەمان شێوە لەودیو قەوقازیش قەرەقۆینلو لە ناوچەی گەنجەی زۆر نزیك لە ناوچەی گۆرانەکان ( گوران) دا دەژین.

دەبێ ئەوە وەبیربهێنینەوە کە جهانشا *Djahanshah* ( ١٤٣٧–٦٧ ) کە لە لای سوونییەکان گاور ( هەڵگەڕاوەیەکی ) hérétique گەورەیە، لە لای لایەنگیرەکانییەوە ناوی سوڵتان العارفینە Roi des gnostiques. شا ئیبراهیم کە زۆر لە ئەهلی هەقەکان وەك جێگرەوەی سوڵتان سوهاك دایدەنێن، لە بەغدا ژیاوە و فریشتەی هاوەڵی قۆشچی–ئۆغلی Kushçi-





oghli ( نووسەری کەلامە تورکییەکان ) بووە، لەوانەیە سۆنگەی بڵاوبوونەوەی عەقیدەی ئەهلی هەق بووبێت لە ناو تورکمانەکانی سەرووی دەچڵە. ڕاستەوخۆ بەر لە شا ئیبراهیم، گێڕانەوەکان سوڵتان سوهاکی ناسراو دادەنێن کە بە ڕووکەش کوڕی شێخ عیسی و خاتوون دایرە ( دایەرەك Dayarak ) ی کچی حەسەن بەگ جەلادی سەرۆکی هۆزی جاف مورادییە. ناوی ڕاستەقینەی لەوانەیە سەید عبد السید بێ. لە خاتوونە باشیری ژنەکەیەوە حەوت کوڕی لێبووە کە پێیان دەڵێن حەوتەن haft-tan. گلکۆکەی لە پەردێوەر ( هەورامانی لهۆن، بڕوانە بابەتی سنە، لە EI ) دا، لە سەر کەناری ڕاستی ڕووباری سیروانە. سەرۆکە کاکەییەکانی تاوق ( داقووق) پێیان وایە ڕاستەوخۆ لەو وەچەیە کەوتوونەتەوە ( بڕوانە ئەلعەززاوی). شێخ مەحموود، کە دوای جەنگی ١٩١٤–١٩١٨، حوکمداری ( پاشای کوردستان) ی ڕاگەیاند، دەیگوت لە دوانزەهەمین وەچەی برای سوڵتان سوهاك کەوتۆتەوە. لە کەرکووك دەستنوسێك هەیە کە بنەچەکناسی génèalogie دورودرێژی ئەم بنەماڵەیەی تێدایە. تاقە نیشانەی پۆزەتیف لە بارەی باباخوشین ئەوەیە کە پێوەندی لەگەڵ شاعیر بابە تاهیر ( سەدەی یانزەهەم ) هەبووە، بەڵام لێرەدا گێڕانەوەکە پشت بە زەوینەیەکی پتەو نابەستێ.

## توخمەکانی سیستمی ئایینیان

ئایینی ئەهلی هەق بەوە دەناسرێتەوە کە لەگەڵ هەموو مەزهەبە هاوچەشنەکان هەڵدەکات و لە بناخەشدا لەگەڵ شیعەی ئەوپەرگیر ( غولاتەکان). جێگەی سەرنجە ئەوە تێبینی بکرێ کە ئەهلی هەق هەمیشە لە



www.rabari.org

بارەی دوانزە ئیمامەکە دەدوێن و لە سۆنگەی ئەمە نابێ (بەلای کەمیەوە ڕاستەوخۆ) بە ئیسماعیلی یان ببەستینەوە. بە گوێرەی کتێبی فرقان، ئاییینی ئەهلی هەق تەنها ناواخنی ئەم دوو جزوە کۆدەکاتەوە کە لە قورئاندا لابراوە، بەڵام ئەهلی هەق ئەوهێندە لە شیعەی ئۆرتۆدۆکس دوورن بە جۆرێك سیستمێکی ئاییینی سەربەخۆیان هەیە. بەڵام ئەهلی هەق لە پەرستنی عەلی لەگەڵ دروزەکان و نوسەیریەکان هاوبەشن، بەڵام عەلی لای ئەهلی هەقەکان بە تەواوی بە سوڵتان سوهاك داپۆشراوە.

فاکتۆرەکانی دیکەی دیار لە فۆرماسیۆنی سیستمی ئەهلی هەق بریتیە لە سێریمۆنیی دەروێشی، سۆق: هەڵبژاردنی پیر، خواردنی هاوبەش و دابەشکردنی خۆراك، پێوەندی برایانە. هەرچی لایەنی کۆمەڵایەتیەکانە، نەخوازە لە لایەن چینە چکۆڵەکان : کۆچەرەکان، گوندنشینەکان، خەڵکانی گەرەگە هەژارنشینەکان، دەروێش هتد چوونەتە ناو ئاییینی ئەهلی هەقەوە. ڕەنگە ئەمە سەرچاوەی ئەو باوەڕەیان بێ کە سوڵتانەکان لە ڕۆژی حەشر دا سزا دەدرێن ( Notes ، لا: ٤٤ (٣١). لە لایەکی دیکەوە لە ترادسیۆنی ئەهلی هەقدا بۆیەی زەقی میللیی ئاییینی ئەهلی هەق بە زۆری لە ترادسیۆنیان لە ناو ئەفسانەکان و کاروبارە لە توانا بەدەرەکان (خارق) وەدیار دەکەوێ. ناوەندە میللیەکانی هەرێمە دوورە دەستەکان، کە هەمیشە دوورن لە کۆنترۆلی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی، سروشتیە کە لەوێدا بەرەو ڕووی پاشماوەی بیری چاخە کۆنەکان ببینەوە. بیرۆکەی ئەو خودایەی کە لە ناو مرواری دا شاردراوەتەوە، لە ئاییینی مانەوی وەرگیراوە ( لەمبارەیەوە Th. Nôldeke سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشام کە بە هەمان شێوە بیروباوەڕی پاکژبوونەوەی (خەڵکی ڕوناکیستان) یش لە کاتی دۆناودۆن لە مانەوی وەرگیراوە. نابێ باوەڕی دۆناودۆن ڕاستەوخۆ





لە هیندییەوە وەرگیرابێ، چونکە لای ئیسماعیلیەکانیش پێش بڵاوبوونەوەی لە ناو ئەهلی هەقەکاندا هەر هەبووە. بەشکردنی بوونەوەرەکان بۆ دووبەشی جیاواز لەوانەیە پەرەپێدانێکی دواتری بیروڕایەکانی زەردەشتایەتی بێت.

زۆر جار لێکۆڵەرەوەکان نیزیکیەك لە قوربانیدانی کەلەشێر لای ئەهلی هەق و سێریمۆنیی جولەکەدا دەبینن ( بڕوانە : I. Scheftelowitz، *Das Huhnopfer stellrerttretende*، Giessen، 1914 )، لە کاتێکدا ناوەکانی ناو تەورات ( داود، موسی) دەشێ لە ڕێگەی قورئانەوە گەیشتبێتە لای ئەهلی هەقەکان. نابێ زیادەڕۆیی لە شوێنکاری مەسیحایەتی بکەین لە سەر ئاییینی ئەهلی هەق: ئەگەر ئەهلی هەق لە وتوێژی خۆیاندا لەگەڵ مسیۆنێرەکان باسی عیسا و مەریەم دەکەن، دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە جگە لە چەند یادەوەریەکی تەواو قورئانی، تەنها وەك تەجسیدی یەکێتی بوونی خۆیان سەیریان دەکەن. هەرچی خواردنی هاوبەشیانە نابێ زێتر لە پراکتیکی ناسراوی دەروێشەکان زێتر بڕۆین ( بۆ نموونە بەکتاشیەکان ). قسەکردن لە بارەی دۆناودۆنەوە بەو بێنفراوانییە، هۆی هاتنی چەند ناوێکە لە ناو ئەو ئەفسانانەی کە مرۆ چاوەڕوانیان ناکات ناویان بێت. ئیڤانۆڤ V. Ivanow ( ١٩٤٨) وریامان دەکاتەوە کە ناوی مەلیك تاوسی ( بڕوانە بابەتی ئێزیدیزم لە EI دا) لە ناو پارچە تێکستێکی ئەهلی هەقەکان لە شیراز دا دۆزیوەتەوە.



www.rabari.org

| | I | II | III | VI | V |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- خاوەند گار | جوبرایل | میکایل | ئیسرافیل | عەزرایل | ؟ |
| 2- مورتەزا عەلی | سەلمان | قەنبەر | حـــــــەزرەت محەمەد | نوسیر | فاتیمە |
| 3-شا خوشین | بابا بوزرگ | کاکە رەزا | کۆر فەقێ | بابا تاهیر | مامە جەلالە |
| 4- سولتان سوهاک | بینیامین | داود | پیرموسی | موســـــــتەفا داودان | خاتوون دایرە |
| 5- قرمزی ا شا وەیــس قولی | کاماریجان | یارجان | یارلی | شاسوار ئاغا | رەزبار |
| 6- مەمەد بەگ | جەمشــــــید بەگ | ئەلماس بەگ | ئەبدال بەگ | ؟ | پــــەری خـــانی شەرت |
| 7- خان ئاتەش | خان جەمشید | خان ئەلماس | خان ئەبدال | ؟ | دۆستێ خانم |

نەخشەی حەوت پۆشاکپۆشیەکانی خودایەتی لای ئەهلی هەق





## بیبلیۆگرافیا


کـۆنترین نا وهێنـانی ئـەهلی هـەق لـە کتـێبی گەڕیـدە ئەوروپیـەکان لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهـەم بریتیـە لـە Macdonald Kinneir، *A Geographical memoir* of the Persian، 1813، p. 141 ; G. Keppel، *Personal narrative of a Journey from India to Englan*، 1817، II، 61، etc. H. Rawlinson ( کە کەتیبەیەکی *Notes on a march from Zohab*، dans JRGS، IX، 1839. هۆزی گۆرانی سەر بە ئەهلی هەقەکانی لە بندەست بووە ) بارۆن Bode دەکـات، Biblioteka Babâ yadgâr وەسپی پەرستگەی بابا یادگار dl'a èteniya، St. Pétersbourg، 1854، t. 123، p. 45 ; cf également ses Travels in Luristan، 1845، I، 371-78 ; II، 180. la première esquis se des doctrines Ahl-i Hakk se trouve dans Trois ans en Asie de Comte de Gobineau، aris، 1859، pp. 338-70، qui était en contact avec les représentants de la secte à Téhéran، voir Schemann، Gobineau، Eine Biographie، Strasbourg، I، 1913، pp. 506-7، et Minorsky، Gobineau et la Perse، dans Europe، Paris، I ocrobre 1923، pp. 116-27. Un très intéressant article anonyme (signé : Sh.) sur les Ahl-i Hakk de Tabriz parut dans le journal Kavkaz، Tiflis، 1876، nOS 27، 29 et 30. Le premier document authentique des Ahl-i Hakk (un kalمm de 34 vers ،« «le Credo ») a été publiéé avec des observations importantes par V. A. ǰukowsky dan les Zap.، II، 1887، pp. 1-25. Le missionnaire américain S. G.

Wilson، Persian life and customs، 1896، a recueilli quelques renseignements de première main. En 1902 Minorsky acquit à Téhéran un manuscrit authentique Ahl-i Hakk، daté de 1259 (1843) et contenant une collection de légendes religieuses réparties d'après les époques (v.s.) (Kitąb-i Sarandjąm « Livre de l'Aboutissement، ou de l'Accomplissement ») en persan ainsi qu'un nombre de Kaląm turk (traduit et publié en russe avec un résumé français : V. Minorsky، Materialï dl'a izueniya persidskoy sektï « L'udi Istinï » ili « «Ali-Ilahi » Moscou، 1911، publié comme fasc. XXXIII des Trudï po vostok-ovedeniyu izdavayemiye Lazarevskim Institutom ; le même، Notes sur la secte des Ahle-haqq، dans RMM، vol. XL 1920، pp.20-97 (pp.61-84 ›: bibliographie détaillée de 54 numéros)، et vol. XLV، 1921، pp.205-302 (publié aussi en vol. avec quelques additions)، compt-rendu de F. Cumont dans Syria، 1922، III، 262 ; V. Minorsky، Un traité de polémique Béhhaï-Ahlé-Haqq، dans JA، 1921، pp. 165-67 ; DR. Saeed-Khan، The sect of Ahl-i Haqq dans MW، XVII، 1927، pp.31-42; Gordlevsky، Kara-koyunlu dans Izu. Obestva izuèeniya Azerbaydjana، Baku، 1927، 33 pages; Adjarian Gyorans and Toumaris، a newly found religion in Persia، en anglais dans le Bulletin de l'Université d'Erivan، trad.fr. par F. Macler، Un e relgion nouvelle. Les Toumaris، dans RHR، 1926، pp.





204-307 ; Minorsky ، Etude sur les Ahl-i Haqq، I، « Toumarï » = Ahl-i Haqq، dans RHR، XCVII، 1928، pp. 90-105 ; F. M. Stead، The Ali-Ilahi sect in Persia، dans MW، 1932، pp. 184-89 ; Y. N. Marr، Radeniye sektï L'udi istinï ( in Y. Marr Statyi i soobšèeniya، II، 1939، pp.248-54 ; P. Pittman، The final word of the Ahl-i Haqq، in MW، April 1937، pp.147-63 (se sert d'un texte du Sarandjãm ressembant de près à celui qui fut traduit par Minorsky) ; W. Ivanow، An Ali-Ilahi fragment، in Collectanea (The Ismaã'ïlï Society)، I، 1948 pp.147-84 ; 'Abbas ai-'Azzãwï، al-Kãkã'iya fï'l-ta'rïkh etc.، Bagdad، 1368/1949، 146 pp. 'les Ahl-i Haqq de Kirkuk considérés conjointement avec des enquêtes divers « 'Alï-Allãhï »).

**ئەنجامی بە شوێنداگەڕانەکانی مینۆرسکی لە ناو ئەهلی هەقەکانی ( تاران، تەورێز، ماکۆ، کوردستان ) و زۆر گەشتی دیکەی بۆ پەرستگەیەکانی ئەم تایەفە ( بابا یادگار، پەردێوەر) لە ناو تێبینیەکانمدا باسکراون. لە درێژەی هەمان کاردا وەرگێڕانی نامەیەکی مونازەرەیی دەبینین کە یەکێك لە بەهاییەکان لە تانە و تەشەرلێدانی ئەهلی هەقەکانی نووسیووە، (**

( n° 30 ، *ac.mss.* 1904،*Preussiche statsbibliothek*

**ماتێریالەکانی دیکەی مینۆرسکی بریتین لە ژمارەیەك کەلام ( بە گۆرانی و بە تورکی ) و باسێکی گرینگ لە بارەی تەواوی دۆگمەکانی فرقان الاخبار، هەروەها دەستنیشانکردنەکانی لە بارەی گەشتەکانی بۆ پەرستگایەکانی کەرکووك و کەرەند ١٩٣٤.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ئەهلی هەق

**یەکەم: (( توماری)) = ئەهلی هەق**

لە ژێر ناو و نیشانی ( ئایینێکی نوێ: تومارییەکان) بەڕێز ف. ماکلێر F. Macler لە (گۆواری مێژووی ئایینەکان *Revue l'histoire des religions* ، ١٩٢٦، لا: ٢٩٤-٣٠٧ ) گوتارێکی زانای ئەرمەن بەڕێز ه، ئاجەریانی H. Adjarian کردۆتە فرەنسی کە بە هەردوو زمانی ئەرمەنی و ئینگلیزی لە بوولتەنی زانکۆی یەریڤان دا بڵاوکراوەتەوە، چاپەمەنییەك کە وەگیرخستنی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دا کارێکی ئاسان نییە.

ئێستە لە سایەی بەڕێز ماکلێر Macler ئەم گوتارە کە باسی کۆمیونیتەیەکی ئایینی دەکات کە لە تۆرۆس (ئێران) نیشتەجێن لە بەر دەستدایە و کاتی ئەوەیە تاوتۆی ئەو زانیاریانە بکرێ کە لە لایەن بەڕێز





ئاجەریان کۆکراونەتەوە و بخرێنە ناو چوارچێوەی ئەو هەولانەی پێشتر کە لە مبارەیەوە دراون. گوتارەکەی بەڕێز ئاجەریان لە دەقە بنەڕەتیە ئینگلیزیەکەدا ناو و نیشانێکی زۆر تەواوتری هەیە ( *Gyorans and Tumari : newly found secret religion in Persia* ) بەڵام ئەم زیادەییە لە ناوەڕۆکدا کەم پێی لەسەردا گیراوە. ( گۆرانەکانی تۆرۆس دەناسین، بەڕێز ئاجەریان دەنووسێ، بەڵام کەسێك هیچ شتێك لە سەر ئاینەکەیان نازانێ، منیش خۆم هیچ شتێکی ئاوا تایبەت بەوانم لە سەرچاوە ئەوروپیەکاندا نەدۆزیەوە، لە ناو ئەوانەی[23] ( ڤ.م) کە ناوی گۆرانەکان هەڵدەگرن، تایەفەییێکی تەواو جیاواز ( ڤ. م ) هەیە کە ناوی تومارییە).

لێرەدا دەموودەست دوو تێبینی خۆیان دەسەپێنن:

یەکەم: ئەگەر ( تومارییەکان) سەر بە گۆرانەکان Gyorans نەبن، ئەوا گرینگە هەموو شتێکیان لە بارەوە بزانین تا بە باشی لە بەشێکی ئەم تایەفەیە تێبگەین.

دووەم: خۆ ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەین کە هیچ شتێك لە بارەی ئایینی ( گۆرانەکان) نەزانراوە، ئەوا دەبێ زۆر ئازایانە ئەوە دووپات بکەینەوە کە ( تومارییەکان) " تایەفەییێکی تەواو جیاواز پێکدەهێنن".

[23] مینۆرسکی بۆ سەرسامی نیشاندان لەم قسانەی ئاجەریان ئەم وشانەی بە پیتی گەورە نووسیووەتەوە و لە نێوان دوو کەوانەشدا ناوی خۆی نووسیووە، جا لە بەر ئەوەی لە کوردیدا ناتوانین پیتی یەکەمی وشەکە بە گەورە بنووسین، بۆیە من هێلم بە ژێر وشەکاندا کێشا، و.



www.rabari.org

## ١- ئەهلی هەق ( گۆران ) و بیروباوەڕەکانیان.

بە پێچەوانەی ئەوەی بەڕێز ئاجەریان بۆی چووە، ئێمە بە باشی بیروباوەڕی (گۆرانەکان) شارەزایین. ئەم ناوەی دوایی ( گیۆرانەکان Gyorans ) تەنها گۆکردنی تورکی[٢٤] (گۆران) ی ناوی هۆزی گۆران Gôrân یا گورانە Goürân کە لە زاگرۆسدا لە سەرووی شاری کەرەند – شارێکە تەواو ناسراو لە سەرە ڕێگەی کرماشان– خانەقی دا دەژین.

هۆزی گۆران لەگەلێك ڕووەوە سەرنجراکێشە:

ئەم هۆزە بە دیالێکتێکی ئێرانی تایبەت قسەدەکەن کە کوردی نییە[٢٥] و سەر بە گروپی ئەو ئاخێوەرانەن کە لە ئێرانی ناوەڕاست و هەروەها دوور لەوە لە ناوچەکانی نێوان دیاربەکر و ئەرزەنجانیشدا[٢٦] دەژین. دیالێکتی گۆرانی خاوەنی ئەدەبێکی شیعری ( لیریکی و داستانی )[٢٧] زۆر دەوڵەمەندە.

[٢٤] مەبەست لە دیالێکتی تورکی ئازەرییە کە لە ئازەربایجان قسەی پێدەکرێ.

[٢٥] دیالێکتی گۆرانی یەکێکە لە کۆنترین دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بووە، ئەم دیالێکتە بەر لەوەی زمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بووبێت زمانی ئایینی بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە مەبەستی زۆر سیاسییەوە بڕێك لە ڕۆژهەڵاتناسان و کوردۆلۆگەکان کەوتنە داشورینی ئەم دیالێکتە لە زمانی کوردی، سەرەتا ئۆسکارمان، سۆن و دوایی مینۆرسکی–یش یەکێك لەوانە بووە کە دیالێکتی گۆرانی بە کوردی نەزانیووە. وەرگێڕ.

[٢٦] دیالێکتی زازا قزلباشەکان قسەی پێدەکەن.

[٢٧] لە کۆبوونەوەی فیدراسیۆنی کۆمەڵەی ئاسیەوی fédération des Société asiatiques لەوبارەیەوە دواوم بگەڕێوە بۆ *Journal Asiatique*، ژمارەی سێپتامبەر– دیسامبەری ١٩٢٠، لا. ١٨١.





بنچینەی گۆرانەکان هێشتاکە تەواو تاریکە[٢٨]. لەوانەیە ئەم هۆزە خزمایەتی لەگەڵ دەیلەمیتەکانی کۆنە دانیشتوانی ناوچەکانی بەرەو باشووری ئەلبورز دا ( ئەلبوریس) Elbrous دا هەبووبێ ، فراوانخوازی بۆیادیەکان Boüydies، میرنشینی لە بنچینەدا دەیلەمیت ( ٩٣٢–١٠٥٥)، بە بێ هیچ گومانێك توانیوویە بزووتنەوەیەکی گەورەی میللی لە ناوچەی باشووری دەریای خەزەر Caspienne [٢٩] بنێتەوە. بەمشێوەیە لە وەتای سەد ساڵ دەبێ، ئێمە دەزانین کە گۆرانەکان ناوکی سەرەکی ئاینێکی تایبەتی هەڵگەراوەن (مولحید) hétérodex بە نێوی " نوسەیری" Noçarî( لە وانەیە ئەمەیان لە ڕێگەی لە یەکچونێکی هەڵەوە هاتبێت بێ لەگەڵ ئەو تایەفەیەی کە لە سووریا دا هەیە ) و هەروەها لەگەڵ عەلی ئیلاهییەکاندا. موریدەکانی عەلی ئیلاهی یش هەر بە خۆیان دەڵێن ئەهلی هەق Gens de la Vérité Réelle.

لە بارەی ئەم ئایینە سێر ه، راولینسۆن Sir. H. Rawlinson، کۆنت گۆبینۆ Gobineau ، ڕووسێکی ناو شاراوە بەڕێز ( ش) ، پرۆفیسۆر ڤ. ژوکۆڤسکیV. Joukovski و مسیۆنێری ئەمریکایی S. Wilson گەلێك زانیاری ووردیان لەمبارەیەوە کۆکردۆتەوە. دواجار لە ساڵی ١٩٠٣ نووسیاری ئەم چەند دێرانە خۆی دەستنووسی کتێبە ئایینیەکەی ئەم تایەفەیە ( سەرئەنجام) ی وەبندەستخستووە و ساڵی ١٩١١ وەرگێڕاوە رووسیەکەی لە چاپەمەنییەکانی ئەنستیتۆی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکانی

[٢٨] بە گوێرەی سترابۆن XI. ، بەشی XIV.، Thraces Sarapares ەکان ( لە سەرووی ئەرمەنستان ) دا نزیك بە Γονρανίων χαί Μλδων دەژین.

[٢٩] بە بێ ئەوەی هیچ شتێك لە بارەی کۆچباریەکانی زۆر کۆنتر بڵێین.

مۆسکۆ[30] بڵاوکرایەوە. دواتر لە ژێر ناوی ***چەند تێبینیەك دەربارەی ئایینی ئەهلی هەقەکان*** *Haqq – Notes sur la religion des Ahli* پوختەی زانیاریەکان بە فرانسی لە گۆواری *Revue du Monde Musulman*، XI. ، لا: ٢٠٥-٣٠٢[31] بڵاوکراونەتەوە.

بەمزوانەش وتارێکی سەرنجراکێش لە ژێر ناوی *The sect of Ahli Haq* بە خامەی دکتۆر سەعید خانی کوردستانی لە گۆواری *Moslem World*، ١٩٢٧، VII ، لا ٣١- ٤٢[32] بڵاوکرایەوە. بەمشێوەیە دەبینین ڕازی سەرنجراکێشەری ئایینیی ( گۆرانەکان) بە شێوەیەکی تەواو ڕووناکی خراوەتە سەر. خاڵی بنەڕەتی (سەرەکی) لە سیستمی ئایینی ئەهلی هەقەکان بریتییە لە باوەڕبوون بە وەدیارکەوتنی یەك لە دوای یەکی خودایەتی divinité. ( پاشای جیهان) هەروەکوو خۆی دەمێنێتەوە تەنها ( پۆشاکەکانی) بە عەرەبی لیباس، بە فارسی جامە و بە تورکی دۆن don ) ە کانی یەك لە دوای یەك دەگۆڕدرێن. دەتوانین حەوت لەوانە بژمێرین.

یەکەمین دەورە cycle دوورەی ئەزەلە préternité ئەوەی خاوەندگار، کە چوار فریشتەی لە دەورە: جوبرایل، میکایل، ئیسرافیل و عیزرایل.

---

[30] ئێستە کتێبخانە و چاپەمەنیەکانی ئەنستیتۆی کۆنی لازەرێف لە یەریڤانە و دەکرێ بەڕێز ئاجەریان کەڵکی لێوەربگرێ.

[31] هەر دوو گوتار لە یەك بەرگیشدا بەسەر یەکەوە بڵاوکراوەنەتەوە. بڕوانە خوێندنەوەی R. Basset، *گۆواری مێژووی ئایینەکان*، ١٩٢٢، تەموز، لا: ٩٦-٨ و بەڕێز Cumont لە Syria ، ١٩٢٢، III ، لا: ٢٦٢.

[32] لەو ماوەیەدا لە دینەوەر ( کوردستان) دەستنووسێکی فارسی گرینگم بۆ هات ***فرقان الاخبار*** کە تێیدا یەکێك لە سەرۆکەکانی تایەفەکە پێ ی وایە کاتی ئاشکراکردنی ڕازەکان هاتووە و چەند وردەکاریەك لە بارەی دۆکترینەکانی تایەفەکە بەدەستەوە دەدات.





دووەمین دەورە ئەوەی مورتەزا عەلی یە کە فریشتەکانی بریتین لە کەسایەتیە موسلمانە ناسراوەکان: سەلمان، قەمبەر، موحەمەد، نۆچیر و دواتریش فاتیمە.

لە یەکەم تێڕوانیندا شوێنی مەزنی عەلی بەدیاردەکەوێ کە لە مەرتەبەی یەکەم دایە، هەروەك چۆن بە هەمان شێوە لە تایەفە سۆفیگەرییە شیعە ئەوپەرگیرەکانی دیکەشدا ( نوسەیریەکانی سووریا، قزلباشەکان).

سێیەمین دەورە بریتیە لە دەورەی شا خوشین. فریشتەکانی بریتین لە : بابا تایەر[33] ، بابا بوزرگ، کاکە ڕەزا، کوری فەقێ و مامە جەلال.

چوارەمین دەورە، بریتیە لە دەورەی سوڵتان سوهاك – ئیسحاق[34] بە هاوەلی بێنیایمین، داود، پیر موسی، ( موستەفا داودان ) و خاتوون دایرێ ( کە زۆربەی جار ڕەزبار یا ڕەمزبار شوێنی دەگرێتەوە).

چوار دەورەی یەکەم یەك لە دوای یەك قۆناغەکانی سۆفیگەری دەگرنەوە ( چوار دەرگایەکە): شەریعەت، تەریقەت، ماریفەت و هەقیقەت. ئەم قۆناغەی دوایی، قۆناغی مەزەنەکردنی هەقی هەقانیەتە کە لە ڕاستیدا لە کارە شانازیەکانی ژیانی سۆفیگەری دەدوێ. هەروەها لە دەورانی سوڵتان سوهاك یشدا ئەم قۆناغە لای ئەهلی هەق بە نوختە خاڵی ئەوپەرەکەی لە پەرەئەستاندنی ئاقیدەیاندا حسێبکراوە. لە دەستنووسێکدا کە لە بەرلین[35] دا پارێزراوە ئەم کەسایەتیە ناوی موقەنینی هەقیقەتە، législateur de la loi de vérité réelle. ئەمیان دامەزرێنەری مەزهەبێکی گرینگی وەك

---

[33] شاعیری زۆری میللی بە دیالێکتی فارسی، لە مبارەیەوە بڕوانە گوتارەکەی ئێمە لە *Encyclopédie de l'Islam*, بڕوانە بابەتی .Tâhir

[34] بڕوانە گوتارەکەی ئێمە لە Encyclopédie *de l'Islam*, بڕوانە بابەتی Sultan Ishak.

[35] لە *Notes* ەکانمدا تەرجەمەکراون، ١٩٢١، لا: ٢٧٩-٣٠٢.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژوو و ( سەر سپاردن ) ) بە پیرۆزکردنی سۆفیایەتی منداڵی تازە لە دایکبووە بە پیرچاکێك )، فریشتەکانی ئەو سەردەمەی ئەم پلەیە وەکوو فریشتەی نموونەیی حسێبکراون.

پۆشاکپۆشی خوایەتی یەك زنجیرەی تەجسید کردنی خوایەتی پێکدەهێنیٚ.، بە هەمان شێوە فریشتەکانیش، لە فەرمانپێکردنی کارەکانیان یەکیان جێگەی ئەویدیکە دەگرنەوە. بە شێوەیەك کەوا زۆربەی جار ناوی بێنیامین ( = سەلمان= بابا بوزرگ) دەخرێتە شوێنی جوبرایل و بە پێچەوانەشەوە.

هەریەك لە فریشتەکان ڕۆلی تایبەتمەندێتی تایبەتی خۆیان هەیە. جوبرایل = بێنیامین (پیر) *pîr* ، بەرێوەبەری هۆشیاریەکانە ( تەواو پێوەندی بە خوایەتییەوە هەیە)[٣٦]، میکایل = داود چاوەدێر و حاکمی باوەڕدارەکانە، ئیسرافیل " پیر موسای" ( پەڕە زێر la plume d’or) تۆمارکەری کردەوە ئینسانیەکانە.، عیزرایل = موستەفا دوادان فریشتەی مەرگە.

فریشتەی پێنجەم پرەنسیپی ژنانە لە سەر شێوەی ئینسان نیشاندەدات و سەرۆکایەتی یەکبوونی سۆفیگەری دەکات کە باوەڕدارەکان پراتیکی دەکەن بەوەی گروپ گەلێك پێکدەهێنن کە هەر گرووپێکی لە دوو یا سیٚ (برا) و خوشکێك پێکدیٚ و تەرخانکراون بۆ هاندانی چاککردنی مۆرالی (ئەخلاقی) ئەندامەکانی[٣٧]. کاری پێنجەم فریشتە لەوانەیە دواتر زێدەکرابێت، چونکە تێبینی ئەوە دەکەین کە بڕێك گومان لە نیشاندانی هەڵگرانی ئەم پۆستانە هەبێت: لە سەردەمی سوڵتان سوهاك، تاوێك ناوی

[٣٦] ئەم کردە سەرنج ڕاکێشە ڕۆلی فریشتەی بالاّ (گیانی تاکانە) مان وەبیر دەهێنێتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ ناتیق Natiq ی ئاینی ئیسماعیلیدا، .St. Guyard. Fragments

[٣٧] ئەم دەزگا سەمەرەیە ئەوەی ( برایان و خوشکانی نەمری) ئێزدیەکانمان وەبیردەهێنێتەوە.





خاتوون دایری ( دایراك )، خوشکەکەی یا بە خێوکەرەکەی (دایە) دەبەن و تاوێکیش ناوی پیر ڕەزبار Pîr Razbâr (ڕەمزبار) ی کەسایەتی زۆر نهێنی ئامێز دەبەن. بە گوێرەی یەکێك لە هاودەمەکانم ڕەزبار نێرەمووك hérmaphrodite (خنث) بووە !

مایەی سەرنجدانە ئەوە تێبینی بکریٚ ئەگەر قۆناغی یەکەم تەواو ئەفسانەیی بووبیٚ و ئەگەر قۆناغی دووەمیش لە چوارچێوەی مێژووی ئیسلامدا جێگەی بووبێتەوە، ئەوا سەردەمی خۆشین لە هەرێمی لوڕستانی ئێران و ئەوەی سوڵتان سوهاك یش ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە گۆرانەکانی تێدا دەژین. لێرە وا پێدەچیٚ گێڕانەوەکانی ئەهلی هەق پشت بە کردە حەقیقییەکان و مێژووییەکان ببەستیٚ. گلکۆی سوڵتان سوهاك لە پەردێوەر Perdiver لە سەر ڕووباری سیروان، نزیك بەو شیوەی کە تێیدا ڕووباری سیروان زاگرۆس دەبڕیٚ تا بەرو دەچڵە هەڵدەکشیٚ. یەکێك لە کەلامەکانی ئەهلی هەق ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سوڵتان سوهاك بە دیالێکتی گۆرانی قسەی کردووە و زۆربەی بەشی کەلامەکانی ئەم تایەفەش هەر بەم دیالێکتە نووسراونەتەوە.

تاوەکوو چوارەمین قۆناغ هەموو باوەڕدارەکان لە سەر فرمانی پۆشاکپۆشی یەکڕا بوون، بەلاّم تایەفە چکۆلانەکان ناوی جیاجیا لە هەڵگرانی ئەم سیٚ دەورەی دوایی دەنێن. ئێمە بە گوێرەی تایەفەی چکۆڵەی ئاتەشبەگی چاکتر زنجیرە یەك لە دوای یەکییەکە دەناسین.، واتە: زنجیرەی پێنجەم. قورمزی ( سوور پۆشی) ، شەشەم. موحەمەد بەگ، حەوتەم. ئاتەشبەگی. لە ماوەی قۆناغی دوایی ڕووداوە پیرۆزەکانی

مێژوو دەمانبەنەوە بەرەو باشووری ئازەربایجانی ئێران و زمانی کەلامەکان ( سروودەکان) hymnes لە وێدا دەبێتەوە تورکی ئازەری[٣٨].

تۆرۆس ناوەندی گەورەی ئەهلی هەقەکانی ئازەربایجانە[٣٩] و ڕێك لەو گەرەکەی ( گەرەکی چارەنداب Tcharandâb) کە بەڕێز ئاجەریان زانیارییەکانی تێدا کۆکردوونەتەوە چەندین جار بە دوورو درێژی لەگەڵ هاوڕێ ئەهلی هەقەکانم هەڤپەیڤینم هەبووە. مێژووی تایەفە چکۆلەکانی دیکە ( ئیبراهیمیەکان هتد) وا پێدەچێ بکەوێتە ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان بەغدا و زاگرۆس.

بێجگە لە دەورە گەورەکانی پۆشاکپۆشی خودایی لەگەڵ هاوەڵە فریشتەکانیانەوە، ئەهلی هەقەکان زنجیرەیەکی دیکە دەستەبەندی هیپۆستاز[٤٠] hypostase و تەجەللییان هەیە. ئێمە هەفتان ( حەوتەم) دەناسین کە دەبێ لە حەوتەوانێکی دیکەی جیابکەینەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوی حەوتەوانە[٤١] *Haft-tavân*، چلتان (چلەمین)، زۆر بە چاکی لە

[٣٨] ئەم زمانە، بڕوانە تێبینیەکانم لە *Journal Asiatique*، ژانڤیەی ١٩٢١، لا: ١٦٥، زمانێکی لە کۆن چووە archaïsante و لەم سۆنگەیەوە هاودەمەکانی بەڕێز ئاجەریان توانیویانە بە تێرمی چەغەتەیی ناوی بنێن، تێرمێك کە لە واتاکەی نەگەیشتوون ! کۆنێتی ئەم کەلامانە و بڕێك لەبەرچاوگرتنە جوگرافییەکان ( بوونی ئەهلی هەق لە کۆلۆنە کۆنە تورکیەکانی ناوچەی کەرکووك ) دەتوانن ئەوە بسەپێنن کە ئەم سروودانە hymnes دەگەڕێنەوە بۆ دەورانی دەسەڵاتی تورکمانەکانی مەڕە ڕەش و مەڕە سپی ( سەدەی پانزەهەم).

[٣٩] نەخشەی دوورودرێژی دابەشبوونی ئەم تایەفە لە ناو تێبینییەکانمدا*Notes* هەیە. نەخشەی پاشکۆکە بە داخەوە کۆپییەکی ناتەواوی ئۆریژینالەکەیە.

[٤٠] هیپۆستاز hyposrase بریتییە لە ناو و تایبەتمەندێتی هەر سێ کەسەکانی سێیانە Trinité. ئاقیدەیەکە کەوا عیسا دەکاتە هیپۆستازێکی خودایی، وەرگێڕ.

[٤١] هەفتانەکان پاشای جیهانن لە ئەنجومەنی فریشتە وەزیرەکانیدا. هەوتەوانەکان حەوت کچی پاشای جیهانن ( س. سوهاك) کە بە بێ دایك هاتوونەتە دونیاوە و بوون و هەتا شێوەی





سیستمی ئادابی پیرۆزی hagiologie سۆفیەکان هتد ناسراوە. هەروەها بابەتێکی فریشتەناسی بەرفراوانتر هەیە لەگەڵ گروپبەندی ژمارە موقەدەرەکان fatidiques ی ١٧، ٧٢، ( نۆجار نۆسەد) ١٢,٠٠٠، ٤٠,٠٠٠ ، هتد، بەڵام کار و پێوەندییە هاوبەشەکانی ئەم دەستە گروپە چکۆڵانەیە هێشتا تەواو ئاشکرانین.

کتێبی سەرەنجام بە شێوەیەکی دڵنیا ئەوە ڕادەگەیەنێ کە حەوت دەورەیەکە بە کۆتایی گەیشتوون، بەڵام پاشای جیهان جارێکی دیکە هەر دەگەڕیتەوە بۆ ( تەواوکردنی نیازی یاران و بۆ دەستبەسەرداگرتنی جیهان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا). چاوەڕوانیکردنی ڕۆژی حەشر تەواوی ئەدەبی کەلامی پێغەمبەرایەتی بە خۆیەوە گرتووە.

دوای ئەمە دەبێ ئەوە زێدەبکرێ کە لە ماوەکانی پەنهانیبونی ( ونبوونی ) پاشای جیهان، هەمیشە چەند کەسایەتیەك هەن کە پێ یان دەڵێن دیدەدار didédâr کە ڕۆلیان ئەوەدەبێ لە چاوەڕوانی پۆشاکپۆشیەکی نوێ دا دەبن، تا لە (نیشانەکان) ووردببنەوەو هەرای بۆ بکێشن.

بەمشێوەیە ناوەندە دەمارگرتووەکانی ئەهلی هەق هەمیشە لە سەر پێ و وریا sur le qui-vive وەستاون. ئاتەش بەگ هەتا جگەرە کێشانیشی لە باوەڕدارەکانی قەدەغە کردبوو لە ترسی ئەوەی نەوەکا سەرقاڵ بن و ئاگایان لە هاتنی پاشای جیهان نەمێنێ. هەمیشە گوێ بیستی هەواڵی ئیدعای نوێ دەبین کە لە لایەن بەرزترین مەرجەعەوە ڕادەگەیەندرێ. ساڵی ١٢٦٨ ی کۆچی ١٨٥٢ی زایینی مێژوونووسە ئێرانییەکان ئیشارە بە

دەرەوەیشیان هاوشێوەی (باوك) یانە. تێرمی حەوتەوان وا پێدەچێ مانای ( حەوت زلهێزەکە، حەوت بوونەوەرە بەهێزەکەی هەبێ، بڕوانە *فرقان الاخبار*.

وەدیارکەوتنی تەیموور ناوێکی گۆران دەکەن کە ناوی وەکیلی ئیمامی لە خۆی نابوو و لە لایەن حکومەتی کرماشان[٤٢] لە سێدارەدرا. لە ساڵی ١٨٩١ سەید کەلار دەشتی لە مازەندەران بزووتنەوەیەکی بەرپاکردو ئیدی بەمشێوەیە.

## ٢- بیروباوەڕی تۆماری

ئەو شیمانانە چین کە دەبێ لە بەر ڕۆشناییاندا بۆیان بگەڕێین ئەگەر تایەفەی تۆماری لە ڕاستیدا ( تەواو جیاواز بێ) لە گۆرانەکان، واتە لە ئەهلی هەقەکان.

لێرەدا تەحەفووزێك خۆی دەسەپێنێ: ئەهلی هەقەکان خەڵکانێکی تا ئەوپەڕی بە گومانن، تەنها ئەوکاتە نهێنیەکانیان بۆ بێگانان دەدرکێنن، وەختایەك بزانن ئەو کەسانە پێشتر زۆر ئاگایان لە بیرو باوەڕی[٤٣] ئەوان هەیە. لەم سۆنگەیەوە ئەوە وەدوور ناگیرێ کە بە ئەنقەست ناوەکانی تەجەللی خودایی هتد کە بەڕێز ئاجەریان ئیشارەیان پێدەدا بە بڕێك غەفلەت وتەحریفەوە پێیان ڕاگەیاندبێ.

بەلای کەمییەوە ناوی خودایەتی کە لە تەجسیدەکانی ( هەجەر Hadjer یا وێزەوەر Vezaver ) تەجەللی دەبێت هەرگیزا و هەرگیز بەمشێوەیە لە

[٤٢] تێبینیەکانم، ١٩٢١، لا: ٢٧٦.

[٤٣] Petermann ،*Reisen im Orient*, 1861, II, 262 : ) mein Hoffen scheiterte an die Verschwiegenheit der Einwohner). Loftus, travels, 1857, p. 386 : ( it is extremly difficult to ascertain the tenets of their religion because they are jealous of inquiry concerning this subject) etc.





لایەن چاوەدێرانی پێشوو لێکنەدراوەتەوە. (ویزاوەر) دەکرێ وەکوو ورز+ ئاور، بە فارسی لێکبدرێتەوە ( واتەی ئەوەی کە کۆشش دەبەخشێ). ئەم ناونانە (جێبەجێکار ؟ exécuteur) انەیە دەشێ تەلمیحێك ( هێمایەك) لە نێوان ڕۆلی تایبەتی خوایەتی و فریشتەی یەکەم ( بێنیامین) بکات وەك ئەوەی لە سەرەنجام[٤٤] Sarandjâm دا وەسپکراوە.

ناوی چوار فریشتەکان بە گوێرەی تۆمارییەکان بەو شێوەیەی خوارەوەن: ( یادگار، رەمزبار، زولفەقار و سوڵتان). لە پێشەوە بینیمان کەوا ڕەزبار (رەمزبار) کاری پێنجەم ( چوارەم ؟ ) فریشتە دەکات لە قۆناغی سوڵتاندا. یادگار بریتیە لە گەورەترین پیرچاکی گۆرانەکان کە باوە یادگارە Bâbâ Yadgâr و لە قۆناغی سێیەمدا ئیشارەی بۆ کراوەو بەشێکە لە چلتەن ( چلەمین). مەزارە نایابەکەی لە ناو چەقی وڵاتی گۆرانە کە بارۆن Bode ساڵی (١٨٤٢) و منیش خۆم ساڵی (١٩١٤) زیارەتمان کردووە. زولفەقار ناوی شمشێرەکەی عەلی یە کە لەمەیەوە ناوی فریشتەی مردنی وەرگرتووە، بەڵام لە کاتی پێویستدا دەتوانرێت وەکوو ناوی کەسیش بەکاربهێنرێ. ( سوڵتان) دەشێ ناوی جیاکراوەی سوڵتان سوهاك بێت، تاقە کەسایەتییێکە وەك ئەوەی ئێمە بیزانین براوە بووە لەم لەیەك هەڵاوێردانەی تێرمینۆلۆژی terminologie ئەم تایەفەدا. لیستەکە هەستێکی گەرەلاوژەیی و نا ڕاستگۆیی لە لایەن زانیاریبەخشەکان پێوە دیارە.

[٤٤] بەر لەوەی لە سەر زەوی وەدیاربکەوێتەوە، پاشای جیهان پەیمانێك لەگەڵ بێنیامین مۆردەکات و دەیکاتە پیری خۆی ( بەڕێوەبەری هۆشیاری ) : (( موریدێك *tâlib* دەڵێ، دەبێ گوێڕایەلی پیرەکەت ببیت و هەرچیەك پیر فەرمان دەربکا دەبێ تۆ جێبەجێی بکەیت.، دەشێ فەرمانەکانت جێبەجێبکەم، بەڵام ئەگەر من ببمە پیری تۆ، تۆ ناتوانی ئەوەی من فەرمانت پێدەکەم جێبەجێیان بکەیت، بڕوانە تێبینیەکانم، لا: ٢٢٣.

لە لایەکی دیکەوە: بێنیامین، داود و پیرموسی، فریشتەی راستەقینەی سوڵتان سوهاك لە ناو چلتەنەکاندا ناویان هاتووە. ئەوە راستە کە لە لیستە چلتەنەییەکەی منیشدا بە هەمان شێوە ناوی ئەم فریشتانەش هاتووە بەڵام هەموو سەرچاوەکان پێکەوە وەکوو شوێنی یەکەم لای فریشتەکانی سوڵتان سوهاك ئاماژەی بۆ دەکەن.

(( خودا زۆر ناوی دیکەی هەیە وەکو سیم، نەسیم، شاپوور، هینۆ، سەقنقور[٤٥]، فرەنجینشان، رێریێ )). هیچ کام لەم ناوە خواستراوە سەیرانە لە لای نووسەرانی دیکە نەناسراون. هەڵبەتە ئەم ناوانە کە بە ژمارە حەوتن، وا باوەڕ دەکرێ کەشفکردنی هەوڵدانێکی پڕکردنەوەی چوارچێوەی تەجەللی ناسراو (حەوتەوان ؟) بێ بە یاریدەی کەسایەتیە لاوەکیە تەواو ناوەخۆییەکان، وەك سیم کە بۆ شوێنی یەکەم بەرزکراوەتەوە.

ناوی سوڵتان سوهاك ( سوهاك ئیسحاق) دواتر هاتووە، بەڵام هەست بەوە دەکرێ رەوتی ئەوە هەیە رۆڵەکەی کەمبکرێتەوە بۆ رۆڵی زەمینەساز précurseur و پەیامبەری annociateur ی سیم. لە نێوان هەردووکیاندا هێشتا قۆشچی- ئۆغلی[٤٦]، کەسایەتی زۆر پیرۆز لای ئەهلی هەقەکان بەدیدەکرێ، بەڵام تەنها بە سیفەتی گۆیندە (diseur) واتە نووسەری کەلامی ( سروودی ئایینی) زۆر میللی بە دیالێکتی تورکی[٤٧].

[٤٥] سەقەنقوور saganqoûr بە عەرەبی سقنقور ( شەوگەرد) خشۆکێکە گەردووناسە موسلمانەکان بە شێوەیەك وەسپی دەکەن کە گۆشتەکەی خاوەنی ماددەیەکی سێکس ورژێنەرە.

[٤٦] تێرمی ( پێغەمبەر) کە لە تێکستەکەی بەرێز ئاجەریان بەکارهاتووە بۆ دەستنیشانکردنی س.سوهاك و قوشچشی ئۆغلی زۆر ئالۆزە.

[٤٧] بروانە وەرگێرانەکانیان لە تێبینیەکانی مندا.





کەسایەتی سەرەکی لە بیروباوەڕی تۆماریەکان سیم-ە. ئەم کەسایەتیە هیچ شتێکی میسالی abstrait نییە. سیم لە ساڵی ١٨٣٤ لە تۆرۆس لە دایکبووە.، دەوروبەری ساڵی ١٨٦٨ لە ئاسمانەوە کتێبی پیرۆزی تۆماری بۆ هاتۆتە خوار کە بە تورکی واتەی (( دەستوور، پێچراو )) دەگەیەنێ. کتێبەکە لە ئاسمان هاتۆتە خوارەوە، وەك بە تەواوی بەڕێز ماکلێر تێبینی لێکردووە وا بەدیاردەکەوێ کە وردەکاریەکی خوازراوە بێت لە ترادسیۆنە قورئانییەکان، چونکە بە گوێرەی ئەهلی هەقەکان، خودایەتی تەجسیدکراوە بۆ جاردانی وتەی چاك، تەنها بۆ کەسایەتی تایبەتی خۆی تەجسید دەکرێ. ئەم ورەکاریەی دواتریش چاوەڕواننەکراوە: سیم دوای مردنی (( وەکوو خوا چۆتە ئاسمان و لەگەڵ Hédjar هەجار یەکیگرتۆتەوە کە لە کاتی هاتنە خوارەوەی ( سیم ) بۆ سەر زەوی لێی جیابووبۆوە)). تۆ بڵێ ی ئەمە یادەوەری réminiscence مەسیحیایەتی بێت؟ ماوەیەکی زۆرە مسیۆنێرە ئامریکاییەکان پێوەندیان بە ئەهلی هەقەکانەوە هەیە و بڕێك لە ئیماژەکان سەروەتێکی گەورەی داوەتە ئەم کۆمەڵە کراوەیە.

ناوی سیم واپێدەچێ لە ناوی یەکەمەکانی چاکەکان داڕێژرابێ. ((سیم)) بەرامبەر چەند ناوێکە کە رەگەزی حوسێن و موحەمەد[٤٨] تێیدا یەکیانگرتووە. چاوەڕوانی کەسێك بە ناوی میراخور جیهانشورا Mirakour Djihanchoura کە دێ ئاقیدەی سیم (( بە هەر چوار گۆشەی دونیا)) بڵاوبکاتەوە، تەواو هاوجووتە لەگەڵ نیاز (پاڕانەوە) ی

[٤٨] هاوڕێم سەید کەلاردەشتی لە هەمان ڕێرەو ناوی خۆی ناوە سام ( مەحەمەد، کوری حەسەن؟ ) بروانە کەرەستەکانم

مەسیحیایەتی ئەهلی هەقەکان، بەڵام ئەم ناوە سەیرە یەکەمجارە تووشی دەبین[٤٩].

ئێمە هەموومان وێرای لەیەکدووری لە ناونانی(باسکردنی) ناوی بڕێك لە تەجەللیە خواییەکان، تێبینی ئەوە دەکەین کە کەسایەتیە بێ گومان لەسەر بووەکانی ئەهلی هەق : سوڵتان سوهاك، ڕەزبار، قۆشچی–ئۆغلی و یادگار لە سجلی تۆمارییەکان دەبینرێن و تۆماریەکانیش باوەڕیان بە ( چوار فریشتەکە) (چارتەن) — هیپۆستازی تەواوی ئەهلی هەق هەیە، بە تایبەت وەختایەك پێکەوە بەسەریەکەوە وەدیاردەکەون.

## ٣- وێرد و مۆرالی توماری

هێشتا لە سیما گشتیەکانی نەسەبی خودایەتی زێتر پرەنسیپی مۆرال و هەڵسوکەوتی پراتیکی نزیکایەتی توماری و ئەهلی هەق دەسەلمێنن.

ئێمە ئەمانەمان ( واتە مۆرال و هەڵسوکەوتی پراتیکی توماریەکانمان ) خستۆتە ژێر چەند سەر باسێکی سەرەکی، لەگەڵ سەرچاوەکان کە هاوکات لەگەڵ ئەو کۆکراوانەی لە کارەکەمدا لە سەر ئەهلی هەق کراون ئیشارەیان پێکراوە

***چاکە، خراپە و دۆنا ودۆن***: (( تومارییەکان، بەڕێز ئاجەریان دەنووسێ، هەرگیز نەفرەت لە شەیتان ناکەن چونکە باوەڕیان بە بوونی حەقیقی شەیتان نییە، ئاوری دۆزەخ لە ناو دڵی مرۆ دایە..... وەختایێك مرۆ ....

[٤٩] میراخور Mirakhor : واتە ( سوارچاکی لێهاتوو) بە فارسی، جهانشور Djihân-chour ئەو کەسەی جیهان دەشوات ( بە گوناهەکانی ؟) یا وەکوو ( ئەوکەسەی ئاژاوە دەخاتە جیهانەوە).



درك بەوە دەکات رەفتاری هەڵەی کردووە، ئەوە سۆنگەی ئازار و ئەشکەنجەدانیەتی، ئەوە لە وێدایە کە لە ناو ئاوری دۆزەخدا دەسووتێ)). بەڕێز ( ش) کە لە ساڵەکانی ١٨٦٦-١٨٧٦ لە تۆرۆس لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەهلی هەقەکان کردووە دەنووسێ ( بروانە تێبینیەکانم، ١٩٢١، لا: ٢٤٩) : عەلی ئیلاهییەکان نکولی لە بوونی شەیتان دەکەن... ئەوە تەنها هەوەسی ئینسانە کە دەبێتە هۆی خراپە و جاڕسی دەکەن)[٥٠]، پاکژکردنەوەی ڕۆحی گوناهکار بە هۆی فرە کۆچی چەشنە دۆگمێکی سەرەکی بیر وباوەڕی ئەهلی هەقەکانە. کۆنت گۆبینۆ، *Trois ans en Asie*، 1859، p. 363، دەنوسێ دۆناودۆن لای ئەهلی هەقەکان وەکو سزادان سەیر ناکرێ، بەڵکو وەکوو پاکژکردنەوەیێکی پێویست سەیر دەکرێ )) بڕوانە تێبینیەکانم، لا: ٢٥١.

**کۆبوونەوە و قوربانیەکان**: ئەهلی هەق بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی کۆبوونەوەکانیان وشەی نموونەیی جەمخانە[٥١] بەکاردەهێنن. ***تێبینیەکانم***، لا: ٢١٥، ٢٥٧. لە بارەی مەزهەبی قوربانیدان بە دورو درێژی بڕوانە، هەمان سەرچاوە.، لا: ٢٠٨-٢١٨. ئەگەر توماریەکان بە بێ دوودڵی بەراز دەکەنە قوربانی، ئەوا دەبێ ئەوە وەبیربهێنینەوە کەوا گۆرانەکان بەراز وەکوو

[٥٠] لە دەستنووسێکی ئەهلی هەقدا کە ڤ.ئیڤانۆڤ لە شیراز دا دۆزیوویەتەوە ئیشارە بە فریشتەی بە ناوبانگی ئێزدیەکان مەلەك طاوس دەکات. تێکەڵاوبونی مەلەك ط ـ اوس لە سیستمی ئایینی ئەهلی هەقەکان ئەو هۆیە تایبەتیانە لێکدەداتەوە کە ڕێگە لە نەفرەت کردنی شەیتان دەگرن، کە وەك فریشتەی لابراو حسێبی بۆ دەکەن بەڵام شایانی لێبوورنە.

[٥١] جەمخانە: وشەکە لە عەرەبییەوە لە( جمع ) ەوە هاتووە، بەڵام ئەهلی هەقەکان هەرگیز (ع) ی کۆتاییەکە گۆناکەن.( مینۆرسکی بە هەڵە دا چووە وشەی (جەم) هیچ پێوەندییەکی بە (جمع) ی عەرەبییەوە نییە، بەڵکو وشەکە لە ئاوێستایی وەرگیراوە کە واتەی ( کۆبوونەوە) دەگەیەنێ، وەرگێر.

خواردنێکی نارەسەن impure حسێب ناکەن، تێبینیەکانم، لا: ٢٥٦. بە گشتی ئەهلی هەقەکان چەمکی نارەسەنی شەرعی ( نارەسەنی لای شیعەکان ) رەتدەکەنەوە و وەکوو تومارییەکان دەستنوێژ ablution هەڵناگرن، تێبینیەکان، لا: ٢٤٥.

**رۆژوو و جەژنەکان:** توماری وەك هەموو تایەفە چکۆڵەکانی ئەهلی هەق ( جگە لە ئاتەش بەگی ) ماوەی سێ رۆژ بە رۆژوو دەبن، مێژوووی بەرۆژوو بوون دەکەوێتە کۆتایی ساڵ ) ( کامیان ؟) بڕوانە تێبینیەکانم، لا: ٢٢٢.

بە گوێرەی S. Wilson جەژنی ئەهلی هەقەکان راستەوخۆ دوای بە رۆژووبوون دێ لە شەوی سەری ساڵی تازەی ( ساڵی نەورۆزی ئێرانی) یەوە دەستپێدەکات. جەژنگێرانی یەکشەممە لای تومارییەکان دەشێ لەگەڵ ئەو دێرە هۆنراوەیە تێکەڵ بووبێ کە ژۆکۆڤسکی Joukovski لای گۆرانەکانی شیراز کۆیکردوونەتەوە:

یەکشەممە تاکەن، زاتەش بێ عەیبەن،

سرێ ( باڵ بەل ؟)، کارنامەی غەیبەن[٥٢].

کە هەمیشە لێتێکچوونێك لەو نمایشەی کە لەم رۆژەدا بۆ قوربانی بەخشین دەکرێ بە دیدەکرێ.

**داب و نەریتەکان:** خەتەنەکردن circoncision بە زۆرەکی نییە، بەڵام لە ترسی موسلمانەکان دەیکەن، لای ئەهلی هەقەکانیش رەوشەکە بەهەمان

[٥٢] ئێمە ئەم بەیتە شیعرەمان لە وتارەکەی ژۆکۆڤسکی خۆی راگوازتۆتەوە، بڕوانە، *مەزهەبی ئەهلی هەق لە ئێران*، نووسینی ژ.ا. کۆڤسکی، لە کتێبی ( *چەند وتارێکی کوردناسی*) ئەنوەر قادر محەمەد لە رووسییەوە کردوویە بە کوردی، سوێد، ١٩٨٩، لا، ٧٦.



شێوەیە، تێبینییەکان، لا: ٢٤٥. تومارییەکان پەیرەوی لە تاکژنی monogamie دەکەن، تێبینییەکان، لا: ٢٣٧. ژنانی توماری سەرپۆش ناپۆشن، بە هەمان تەحەفوزاتەوە بڕوانە تێبینییەکان، لا. ٢٤٥ . کەوابوو هاویەکیەکی تەواو لە نێوان مەزهەبی توماری و ئەوەی ئەهلی هەقدا هەیە. بەڕێز ئاجەریان ئیشارە بۆ زۆرێك لەو وێردە ( تقوس) تایبەتییانە دەکات کە ئەهلی هەقەکان پیادەی دەکەن، وەك ئەوەی دروستکردنی گرووپی چکۆڵەی خوشك و برایەکان ( بڕوانە سەروتر) کە تیایدا گوێزێکی بۆیا noix de muscade ( لە جیاتی سەر) دەکەنە دوو بەش هتد. زۆر رێی تێدەچێ کە تومارییەکان هەموو ئەم سیرۆمۆنیانە پراتیك بکەن، بەڵام پێیان وابووە کە دەبێ زۆر وریا بن و هەموو نهێنییەکان بەیەکجار نە درکێنن.

## ٤- بنچینەی توماری و ئەهلی هەق

مەبەست لەم وتارە پێك بەستنەوەی تومارییەکانە بە شیکردنەوەیێك کە ئێستەکە بە دوورو درێژی لە بارەی دەستنیشانکردنەکانی بەڕێز ئاجەریان پێشکەشمانکرد کە بە فراوانی ئەم تێزە دەسەلمێنێ. وا پێدەچێ رەسەنایەتی توماری لەوەدا کورتبببێتەوە بەوەی تەجسیدکردنێکی نوێ ی خوادایەتی یان داهێناوە کە ( سیم) ە ، لە ئەنجامدا زنجیرەی تەجەللی خوایەتی یان گۆڕیووە.

بڕێك پێکناکۆکی لە نێوان راگەیاندنی تومارییەکان لە بارەی وەحی تومار لە تۆرۆس و ئەوەی کۆتایی وتارەکەی بەڕێز ئاجەریاندا هەیە ((



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڵێن کەوا نیشتمانی توماریيەکان[٥٣] لە کرماشانە)). وەکوو رێسایەکی گشتی ئەهلی هەقەکانی ئازەربایجان سەر بە لقێکی چکۆڵەی ئاتەش بەگین، تاقە تایەفەیەکن کە رۆژوو ناگرن. بۆیە، لە سەر ئەم خاڵە تایبەتییە توماريیەکان لەگەڵ ئاتەشبەگی یەکاندا لە ناکۆکیدان و لەگەڵ لقە چکۆڵەکانی دیکەشدا تەبان. لە نێوان ناوە تەجەللیەکانی خودایی توماريیەکاندا هیچ ئیشارەیەکی پیرە چاکەکەکانی تایبەت بە ئاتەشبەگی تێدا نابینینەوە. کەوایە زۆر پێدەچێ توماريیەکان خۆیان بە گەڵ تایەفەیەیێکی چکۆڵەی باشووری ناوچەی کرماشان[٥٤] ببەستنەوە. لە لایەکی دیکەوە بەرێز ئاجەریان درێژەی پێدەدات: (( رەمەزان بۆی دووپاتکردمەوە کە توماريیەکانی کرماشان تایەفەیەیێکی جیاوازی ئەم ئایینەن)). لەم رستەیەدا بەکارهێنانی تێرمەکانی ( تایەفە) و ( ئایین) کەمێك ئاڵۆزە. ئەگەر توماريیەکان بنچینەیان لە باشوور دا هەیە، ئەوەیان بیرو باوەڕی تایبەت بە خۆیانە کە وێنای لە ڕێ لادانێك دەکات، وەك چۆن مێژووی دواتری (١٨٦٨) ی تومار–ەکەیان ئەوە دەیسەلمێنێ کە لە ناوچەی کرماشان تێرمی توماری هەرگیز تێبینی نەکراوە.

لە بارەی تایەفەی توماريیەوە پێویست ناکات لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاسەری بۆ پرسی زۆر گرینگتر و پر ئاستەنگتری وەك بنچینەی ئەهلی هەقەکان بکەین. چاکتر وایە جارێ دەرئەنجامەکانی دوایی هەڵبگرین تا ئەو کاتەی دەتوانین تەواوی مەتریالە بەردەستەکان دیراسە بکەین[٥٥].

من لێرەدا باسەکەم بە چەند بەرچاوخستنێکی کاتی و بابەتگەلێکی گشتی کورتدەکەمەوە.

[٥٣] لێرە مەبەست نیشتمانی بیرباوەڕەکانە نەوەکا نیشتمانی ئیتنیکی.
[٥٤] گۆرانەکان لە ناوچەکانی ئەم هەرێمەدا دەژین.
[٥٥] بە نیشاندنی گرینگی فرقان الاخباریشەوە.





تایبەتمەندێتی سانکرێتیستی syncrétiste ئایینی ئەهلی هەق ( وەك هەر ئایینێکی دیکە) گومان لەوە ناهێڵێتەوە و تێیدا وەشوێن ئەم یادەوەریانە دەگەرێین:

***جولەکەیی*** *judaïques*: ( قوربانیکردنی کەلەشێر، بەکارهێنانی چلە دارخورما[٥٦]، بەکارهێنانی ناوەکانی ناو کتێبی پیرۆز).،

***مەسیحیایەتی*** *chrétienns*: ( خواردنی هاوبەش (ئەگاپ )[٥٧] agapes هاورێ لەگەڵ دابەشینەوەی بەخشش بۆ بەشداربووەکان، رێزگرتن لە عیسا و مەریەم ).،

***مانەوی*** *manichéennes* :( مرواری کە بە شێوەیەکی سەرەتایی خودایەتی تێدایە و مرواری رۆحی مانەوییەکانە )[٥٨].،

***هیندییەکان*** *indiennes* :( دۆناودۆنی رۆحەکان )، هتد.

بێگومان هەموو ئەم لەیەکچوونانە دەتوانن گومان بخەنە سەر تایبەتمەندێتی راستەوخۆی ئەم نفوزانە. باوەڕ بوون بە دۆناودۆنی رۆحەکان لە کۆنەوە تەواو لە ناو سیستمەکانی ئیسماعیلی[٥٩] و

[٥٦] چلە دارخورما rameaux جەژنێکی مەسیحیەکانە کە بۆ یادی ئەو پێشوازیکردنە سەرکەوتووانەیە کە بە چڵە دارخورما موریدەکانی عیسا لە چونە ژوورەوەی ئۆرشەلیم پێشوازیان لێکرد، وەرگێر.
[٥٧] ئەگاپ agapes : لە مێژووی ئایینی مەسیحیایەتی واتە خواردنی هاوبەشی مەسیحیە یەکەمینەکان، وەرگێر.
[٥٨] بەرێز F. Cumont لە رانانی تێبینیەکانی مندا لە گۆواری، *Syria*، ١٩٢٢، ژمارە ٣، لا: ٢٦٢.

*Un grand maâitr des Assassin*, J.As, 1877, n° 3, ،Cf. St.Guyard
[٥٩]Anecdotes XXIII, XXIV, XXVI etc..

نوسەیری[٦٠] دا دەبینرێن. دۆناودۆن ئەم ئامرازە نایابەیە کە بە ئاسانی ڕێگە بە پێوەندی و خاڵی پێکەوەبەندبوون دەدات. بەشی گەورەی *فرقان الاخبار* تەواو سەرقاڵی دروستکردنی لێك نزیکردنەوەیەکی سەیرو سەمەرەیە.، زۆر  بە هەمان شێوە چەند هیپۆستازێکی ئەهلی هەقی تێدا لێکدراوەتەوە کە بریتین لە پاڵەوانەکانی سەردەمی ئێرانی ( کیا–خەسرەو= داود کەبود–ساوار.، رۆستم = بێنیامین، هتد ) بە هەمان شێوە عیسا مەزهەری بێنیامین و مەریەم مەزهەری ڕەزبارە. ئەوەیان رەوتی بڕێك لەو نوسەرانەیە کە دەیانەوێ لە لای ئەهلی هەقەکان ( هەر وەك بە هەمان شێوە لای قزلباشەکان ) لایەنی مەسیحیایەتی شاراوە cryptochrétiens ببیبنن و لە نرخی خۆی کەمبکەنەوە کە هەیەتی: ئەهلی هەقەکان بە تەواوی شوێنی عیسا و مەریەم یان لە یەکێتی بوونی خۆیاندا دەستیشانکردووە، بەڵام تەنها وەکوو جەستەیەك کە پیروچاکەکانی خۆیانی تێدا بێت.

ناتوانین زۆر پیێ لە سەر گرینگی نیشاندانە جوگرافیەکان دابگرین کە لە ناو نووسراوەکانی ئەم تایەفەیەدا فرەن. شیکردنەوەی ئەوان[٦١] ئەوە نیشاندەدات کە تایەفەکە سەرەتا لە لوڕستان، دواتر بە وڵاتی گۆرانەکاندا بڵاوبۆتەوە و دواتریش لە وێوە بۆ ئازەربایجان و باقی ئێران تیشکی هاویشتووە[٦٢].

هەروەها بیرو باوەڕی ئێستاکەی ئیسماعیلیەکانی پامیر، کە لە لایەن کۆنت .Bobrikskoî, A Séménov & V. Ivanov دیراسە کراوە، بڕوانە گوتارەکەی من Shughân لە EI دا.

[٦٠] *R. Dussaud, Histoire et rel. des Nosairis*, 1920, p. 120,

[٦١] تێبینیەکانم، ١٩٢٠، لا: ٣٤ و دواتر.

[٦٢] لە لێکدانەوکانی ئەهلی هەقەکان تێرمی تورکستان ( کە سەری لە بەرێز ئاجەریان شێواندووە، هەروەك بە هەمان شێوە لە سەرەتا سەری لە منیش شێواندبوو) تەنها هەرێمی ئازەربایجان دەگرێتەوە کە بە تورکی دەئاخڤن.





بە جۆرێك کە رۆژئاوای ئێران لە هەموو سەردەمە جیاوازەکاندا هەمیشە نەوای هەموو ئایینە هەڵگەڕاوە hérésies ئایینیەکان بووە. موتەهیری کوری تاهیر[٦٣] Moutahhar ibn Tâhir لە دەوروبەری ٩٦٦ باسی چەندین گروپی گرینگی خورەمیتەکان دەکات کە لە سەر روباری مامناوەندی کەرخە Karkha لە لوڕستان جێنشین بوون. ئەم تایەفەش بڕوای بە ( زیندوبوونەوە ) هەبووە، واتە دوناودۆن transmigration و بە کاری ناشەرعی تاوانبار کرابوون کە تا رۆژی ئەمڕۆش موسلمانەکان[٦٤] بە هەمان شێوە ئەهلی هەقەکانی پیێ تاوانبار دەکەن. لە سەدەی پانزەهەم نوربەخش دامەزرێنەری تایەفەیەیێکی نهێنی شیعی، سەرکەوتنێکی گەورەی لە لوڕستان بە دەستهێنا[٦٥]. ناوچەی زاگرۆس هێشتا زۆر کراوەتریش بووە بۆ چالاکی مسیۆنێرەکانی ئاقیدە هەمەچەشنەکان. گەڕیدەی جولەکە بینایمین دو تودیل Benjamin de Ttuidel ( ١١٧٣) باسی هەرێمی Malâhida ی (ئیسماعیلی) دەکات لە ناوچەی سلێمانی Suleïmaniya[٦٦].

لەم هەرێمە کە تێیدا هەموو چڵە هەڵگەراوەکانی تێدا شینبوە، دەتوانین بە ئاسانی کراوەیی ئایینی ئەهلی هەقەکان لێکبدەینەوە. بە بیێ هیچ گومانێك ئەم دۆکترینە لە ناو شیعە ئەوپەرگیرەکان پەرەی سەندووە کە ئیسماعیلی، ئایینی درووزەکان، نوسەیرەکانی سووریا، قزلباشەکان و کۆمیونیتە ئایینیە چکۆڵەکانی موسلی[٦٧] بە خۆیەوە گرتووە. جا ئەگەر

[٦٣] *Livre de la création*, éd. Huart, V. 30.

[٦٤] بە بیێ هیچ هۆیەك، *تێبینییەکانم*، ١٩٢١، لا: ٢٦٢.

[٦٥] Madjâlis al-mo’minin, madjlis VI, ms. Bib. Nation, sup. Pers, 190.

[٦٦] تێبینیەکانم، ١٩٢٠، لا: ٨٣.

[٦٧] بڕوانە EI ، بابەتی سارەلی، شەبەك.



www.rabari.org

